خوێندنەوەی

ئەبوعەمری بەسڕی

دووری و سوسی

دانەر

د. احمد ضيف اللّه عمر أبو سمهدانه

سەرپەشتیاری گشتی

شيخ نظام الدين يونس عزيز

سلسلة في القراءات القرآنية وعلوم القرآن

الدُّرَرُ الحِسَانُ

في القراءات العشر للقرآن

قراءة
أبي عمرو البصري

براوييه الدوري والسوسي
من طريق الشاطبية

تقديم

د. عبد الرحمن يوسف الجمل
الشيخ : سعيد صالح زعيمة
الشيخ : جمال ابراهيم القرش

إعداد

خادم القرآن الكريم الدكتور:

أحمد ضيف الله أبوسمهدانة

الجامع للقراءات العشر الصغرى والكبرى
والأربع الشواذ
عضو مشيخة المقارئ الفلسطينية

خوێندنەوەی

ئەبوعەمری بەسڕی

دووری و سوسی

دانەر

د. احمد ضيف اللّه عمر أبو سمهدانه

سەرپەشتیاری گشتی

شيخ نظام الدين يونس عزيز

ژمارەی سپاردن
لە هۆبەی سپاردنی کتێب
لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
لە وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان
2788 لە 2021/11/22
عێراق – هولێر

ليستي سەرپەرشتياری تەرجەمەكردنی پەرتووك

شێخ هيبت فخري القاضي — سەرپەرشتياری زانستی

ڕێگە پێدراو لە قیڕائاتی عەشرەی بچووك و گەورەو چوار شاذەكە

خاوەنی بڕوانامەی ماستەر لە زانستی ئیسلامی

يونس عثمان محمد أمين — پێداچوونەوەی زانستی

ڕێگە پێدراو لە قیڕائاتی عەشرەی بچووك

ماستەر لە زمانی عەرەبی

د. إسماعيل عبد الرحمن عبد الله — پێداچوونەوەی زمانەوانی

قوتابی لە قیڕائاتی عەشرەی بچووك

دكتۆرا لە زمانی ئینگلیزی و زمانەوانی – وەرگێری سوێندخواردوو

ئەندازیار زاهر مزاحم الشريده — سەرپەرشتياری چاپ


قوتابی لە قیڕائاتی عەشرەی بچووك

ماستەر لە ئەندازیاری كۆمپیوتەر

مامۆستا صفوان صالح أحمد — وەرگێڕ

مامۆستای خوێندنی ئیسلامی

ماستەر لە زانستی ئیسلامی


بسم الله الرحمن الرحيم

قَالَ تَعَالَىٰ:

﴿ ٱلَّذِينَ ءَاتَيۡنَٰهُمُ ٱلۡكِتَٰبَ يَتۡلُونَهُۥ حَقَّ تِلَاوَتِهِۦٓ

أُوْلَٰٓئِكَ يُؤۡمِنُونَ بِهِۦۗ وَمَن يَكۡفُرۡ بِهِۦ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ

ٱلۡخَٰسِرُونَ ١٢١ ﴾ البقرة: ١٢١

له عوسمانی کوڕی عەففانەوە (ﷺ) ئەفەرموێ: پێغەمبەری خوا فەرمویەتی:

(خَيْرُكُمْ مَنْ تَعَلَّمَ الْقُرْآنَ وَعَلَّمَهُ)

(چاکترینتان ئەو کەسانەن کە خۆیان فێری قورئان خوێندن دەکەن و خەلکیش فێر دەکەن)

پێش کەشە بە:

هەمو کەسێك کە مافی هەیە بەسەرمەوە

دایك و باوکم و مامۆستاکانم و شەیخەکانم

هەر کەسیٚ پیتێکی فێرکردوم لە قورئانی پیرۆز

بۆ خەلکی قورئان خوێن ئەوانەی شوێنە بەرزەکان و پلە پیرۆزەکانیان بە دەست هێناوە

بۆ ئەوانەی کە قورئان دەخوێنن وفرمێسکی قورئان خوێندنەکە لە قورگیانە

ئەحمەد

بەناوی خودای بەخشندەی میهرەبان
پێشەکی بە پێنوسی د. عبدالرحمن الجمل

سوپاس وستایش بۆ پەروەردگاری جیهانیان، ئەوەی کە ڕێگای پیرۆزی ئیسلامی نیشان داوین، وچاکەی ئەوەی لەگەڵ کردوین کە باوەڕی پێ بەخشیوین، وئێمەی تایبەت مەند کردووە بە ناردنی قورئانی پیرۆز، ڕاسترین و چاکترین کتێبە لە جوانی و بە هێزیدا و چیرۆکەکانی دووبارە ئەبێتەوە، قورئانی پیرۆز ڕوونکەرەوەی هەموو شتێکە، هیدایەت بەخش و ڕەحمەتەو مزگێنیشە بۆ موسلمانان و چاکترین ڕێگاو ڕێبازە، درودو ڕەحمەت بۆ سەر ئەو نێردراوەی کە ڕەحمەت و بەرەکەتە بۆ هەمووو جیهان، گەورەو خۆشەویستمان موحەمەد (ﷺ)، ومیهرەبانی برژێ بەسەر خانەوادەو ئەصحاب و شوێن کەوتوانی و ئەوانەی شوێنیان کەوتوون بە چاکە تا ڕۆژی دوایی.

بە دڵنیایەوە خودای مەزن فەرمانی کردووە بە ڕووکردنە قورئانی مەزن بە خوێندنەوەو لەبەر کردن و تێگەیشتن و بیرلێکردنەوەو کارپێکردنی لە زۆر ئایەت لە قورئانی پیرۆز، یەکێك لەو ئایەتانە دەفەرموێت: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَتۡلُونَ كِتَٰبَ ٱللَّهِ وَأَقَامُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَأَنفَقُواْ مِمَّا رَزَقۡنَٰهُمۡ سِرّٗا وَعَلَانِيَةٗ يَرۡجُونَ تِجَٰرَةٗ لَّن تَبُورَ ٢٩ ﴾ فاطر: ٢٩

وهەروها پێغەمبەری خۆشەویستمان(ﷺ) ئامۆژگاری کردووین کە خۆمان فێری قورئانی پیرۆز بکەین و کەسانی تریش فێر بکەین، هەر وەك ئەفەرموێت: (خَيْرُكُمْ مَنْ تَعَلَّمَ الْقُرْآنَ وَعَلَّمَهُ)

پەروەردگاری پاك و بێگەرد خەڵکانێکی ئامادەکردووە لە هەموو کات و سەردەمێکدا، هاوکاری کردوون بۆ خزمەت کردنی قورئانی پیرۆز، تاوەکو بەڵێنی پەروەردگار بێتە دی لە پاراستنی پەرتوکەکەی. ﴿ إِنَّا نَحۡنُ نَزَّلۡنَا ٱلذِّكۡرَ وَإِنَّا لَهُۥ لَحَٰفِظُونَ ٩ ﴾الحجر: ٩

ژیانی خۆیانیان تایبەت کردووە بۆ خزمەت کردنی قورئانی پیرۆز، وەریان گرتووە، هەروەك چۆن پێغەمبەر(ﷺ) وەری گرتوەو کەسانی دوای خۆی فێرکردووە،

موسلمانانیش لە هەمووو سەردەمێکدا قورئانیان خوێندووە بە خوێندنێکی پاراو وجوان هەر وەك چۆن دابەزیووە، پاشان پێمان گەشتووە بە پاك و بێگەردی دوور لە هەموو هەڵەو کەم و کورتیەك، بە سەنەدێکی نەپچڕاو دەست بە دەست تاوەکو دەگات بە پێغەمبەری خۆشەویستمان(ﷺ).

بە شێوەیەکی گشتی ولاَتمان بە تایبەتی گرنگیەکی زۆری داوە بە قورئانی پیرۆز، بە شێوەیەك کە بە هەزارەها ئەزبەرکاری (حافز) قورئانیان تێدا هەڵکەوتووەو لە هەردوو ڕەگەز بە دەیەها هەزار قورئانخوێنیان تێدا هەلکەوتووە، سوپاس بۆ ئەو خودایەی خاوەنی هەمووو فەزل و چاکەیەکە، وسوپاس بۆ ئەو چاکەو میهرەبانیەی لەگەڵ ئێمە کردویەتی، خەریك بوون بە قورئان باشترە لەوەی کە خەڵکی لە مولك و سامان کۆیدەکەنەوە. سوپاس بۆ خودای گەورە، خەڵکی پێش برکێ دەکەن بۆ خزمەت کردنی قورئانی پیرۆز، بەمەبەستی دەست کەوتنی خێرو پاداشت.

یەکێك لەوانە برای خۆشەویست دکتۆر ئەحمەد ضەیف الله سەمهدانە، دەستی کردووە بە ئامادەکردنی زنجیرەیەك لە کتێبی قیرائاتی قورئانی پیرۆز، تا بیخاتە ژێر دەستی قوتابیانی زانستەکانی قورئانی پیرۆز، ناوی ناوە (الدرر الحسان) لە دە خوێندنەوەکانی قورئان ، تا بەشی هەبێت لەگەڵ هەمووو ئەو کەسانەی کە گرنگی بە قورئانی پیرۆز دەدەن و خەریکی ئەم کارەن، ئاسان کردنی فێربونی قیرائاتی قورئانی پیرۆز و شارەزاکردنی کەسانی تر، من سەیری ئەم کارەم کرد بۆم دەرکەوت کە ماندوبونێکی زۆر پیرۆزی تێدا بەکار هێناوە، دە خوێندنەوەکانی قورئانی لە خۆ گرتووە بە شێوەیەکی ئاسایی و ئاسان بۆ فێرخوازانی، بە وردبینی و جوان وەرگرتنی.

سەرەتا دەستی کردووە بە باس کردنی بنچینەکانی خوێندنەوەی قاریئەکە، ئەوەی کە مەبەستە لە باسەکەدا، دواتر دەستی کردوە بەوەی کە جیاوازەو پێچەوانەی قیرائەتی (حەفصە)و (فەرش)[1].و بنچینەکانیەتی، پیت پیت و وشە وشە، پاشان لە بەشی سێهەم دەستی کردووە بە باس کردنی وشەکانی (فەرش) کە پێچەوانەی خوێندنەوەی

[1] فەرش: زاراوەیەکی زانستی قیرائاتی قورئانە، کە ئاماژەدەکات بەو ووشانەی کە لە خوێندنەوەیاندا جیاوازی هەیە لە نێوان قاریئەکاندا. (وەرگێڕ)

(حه‌فصه‌). په‌رتوكه‌كه‌ گشتگیره‌ به‌وه‌ی كه‌ جیاوازی قاریئه‌كه‌ له‌ خۆ ده‌گرێت و فێرخواز شته‌ وونبوه‌كانی خۆی تێدا ده‌دۆزێته‌وه‌.

داواكارم له‌ په‌روه‌ردگار ئه‌م به‌رهه‌مه‌ سودی هه‌بێت بۆ هه‌مووو خه‌ڵك به‌ شێوه‌یه‌كی گشتی و خه‌ڵكی تایبه‌تمه‌ند به‌ قورئانی پیرۆز به‌ تایبه‌تی، وپاداشتی برای به‌رێزمان كاك ئه‌حمه‌د بداته‌وه‌ كه‌ هه‌ستاوه‌ به‌م كاره‌ چاكه‌ به‌ باشترین شێوه‌ وئه‌مه‌شی بۆ بكاته‌ چاكه‌یه‌كی نه‌بڕاوه‌ به‌و زانسته‌ی كه‌ خه‌ڵكی سودی لێببینیٚ، وداواكارم خودای مه‌زن هێزو چالاكییه‌كی پیٚ ببه‌خشێت بۆ خزمه‌ت كردنی په‌رتوكی په‌روه‌ردگارو بلأوكردنه‌وه‌ی زانسته‌كانی قورئان تا بچێته‌ ژێر ئه‌م فه‌رموده‌ی پێغه‌مبه‌ر(ﷺ) كه‌ ئه‌فه‌رموێت: (خَيْرُكُمْ مَنْ تَعَلَّمَ الْقُرْآنَ وَعَلَّمَهُ).

په‌روه‌ردگار ئه‌م كاره‌مان لیٚ وه‌ربگره‌و له‌ ڕیزی چاكه‌كانماندا تۆماری بكه‌، چونكه‌ به‌ڕاستی تۆ په‌روه‌ردگاریگی زۆر بیسه‌رو زانایت، ته‌وبه‌و په‌شیمانیمان لیٚ وه‌ربگره‌و بێگومان تۆ په‌روه‌ردگاریگی زۆر ته‌وبه‌ وه‌رگرو میهره‌بان و دلۆڤانی، خودایه‌ بمانگێڕه‌ له‌ ئه‌صحابی قورئانی پیرۆزو نزیك له‌ خۆتت به‌ تایبه‌ت، خودایه‌ دڵێكی پاك و مه‌به‌ستێكی بیٚ گه‌ردمان پیٚ ببه‌خشه‌ له‌ گوفتارو كرده‌وه‌دا، خودایه‌ كۆتایی ته‌مه‌نمان پر خێر بكه‌ی.

درودو ڕه‌حمه‌ت بۆ سه‌ر پێشه‌واو خۆشه‌ویست و پێغه‌مبه‌رمان (محمد)(ﷺ) وبۆ سه‌ر خانه‌واده‌و یارانی به‌ گشتی.

عبدالرحمن ی كوڕی یوسف الجمل[1]

---

(1) دكتۆر: عبدالرحمن یوسف احمد الجمل، پێشه‌وای قورئانخوێنانی فه‌له‌ستین، له‌ دایك بووی 1961ز، دانیشتووی نه‌سیرات له‌ ناوه‌ڕاستی كه‌رتی غه‌زه‌، مامۆستای به‌ژداربو له‌ ته‌فسیر و زانسته‌كانی قورئان و خوێندنه‌وه‌كانی قورئان له‌ كۆلێژی بنه‌ماكانی ئاین له‌ زانكۆی ئیسلامی له‌ غه‌زه‌، كاری كردووه‌ وه‌ك مامۆستای یاریده‌ده‌ر له‌ كۆلێژی بنه‌ماكانی ئاین، دواتر بۆته‌ عه‌میدی كۆلێژی ناوبراو، ئێستا كار ده‌كا وه‌ك سه‌رۆكی ده‌زگای قورئانی پیرۆز و سونه‌ له‌ كه‌رتی غه‌زه‌ و سه‌رۆكی فه‌رمانگه‌ی قیراٸاتی سه‌نه‌ده‌كانی قورئانه‌، به‌ڕێز دكتۆر عبدالرحمن الجمل پێشینه‌ی چاكه‌و ماڤ به‌سه‌رمانه‌وه‌ هه‌یه‌ له‌ دوای په‌روه‌ردگاری مه‌زن له‌ بلاوكردنه‌وه‌ی زانسته‌كانی قورئانی پیرۆزو جوان خوێندنه‌وه‌ی له‌ غه‌زه‌، چه‌ند په‌رتوكێكی بلأو كراوه‌ی هه‌یه‌ له‌ قیراٸاتی قورئان و سه‌نه‌ده‌كانی وه‌رگرتوه‌و ڕێگه‌ پێدراوه‌ له‌ لایه‌ن كۆمه‌لێك به‌ڕێزو مامۆستای گه‌وره‌وه‌، له‌وانه‌ی مامۆستاو شێخی گه‌وره‌ به‌ڕێز د. حلمی عبدالرؤوف محمد عبدالقوی.

بهناوی خودای بهخشندهی میهرهبان
پێشهكی به پێنووسی شێخ: سهعید زهعیمه

سوپاس بۆ پهروهردگاری جیهانیان، ڕهحمهت وسهلام بڕژێ بهسهر چاترینی پهیامبهران و پێشهوای برواداران، ئهو كهسهی كه كتێبێكی بهسهر دابهزیوه هیچ خواری و كهم و كورتی تێدا نیه، نه لهپێش و نه له دواوه.

سهیری ئهم زنجیره پیرۆزهم كرد كه ناونراوه به گهوههرهكانی قیراِئاتی قورئان (الدرر الحسان) له ده خوێندنهوهكانی قورئان، كه دكتۆر ئهحمهد ضهیف الله باوكی سهمهدانه، بینیم پڕه له زانیاری ورد له ناوهڕۆكدا.

منیش داواكارم له یهزدان كه سودی ههبێ بۆ ئاینی ئیسلام و موسڵمانان بهوهی كه داڕێژراوهو نوسراوهتهوه لهم زنجیره پیرۆزهدا .

دووباره سوپاس بۆ پهروهردگاری جیهانیان

نوسینی شێخ:
سعيد صالح زعيمه[1]

---

[1] شێخی پزیشك: سهعید صالح مصطفى زعيمه، زانایهكی لێكۆڵهرو كاربهجێیه، یهكێكه له زانایانی خوێندنهوهكانی قورئان له ئهسكهندهریه، پزیشكی جهڕاحه له ئهزههر، له دایك بوی1957ز، دهرچوی پهیمانگای سهموحهیه، بۆ قیراِئاتی قورئانی بڕوانامهی بالای وهرگرتوه له ده خوێندنهوهكانی بچوك و گهوره، شیكردنهوهو ڕوونكردنهوهی ههیه لهسهر دهقهكانی شێخ و زاناكان وهك شاطبى و ئیبن جهزری و جهمزوری، قورئانی پیرۆزی بهتهواوی خوێندۆتهوه به ده خوێندنهوهكانی بچوك و گهوره بهسهر زانا شێخ موحهممهد عبدالحميد عبدالله خليل ، خاوهنی بهرزترین پالپشته له جیهاندا له خوێندنهوهی ده قیراِئاته گهورهكه، وشێخ سهعید قورئانی خوێندۆتهوه بهسهر زۆر شێخ دا كه باس دهكرێن نزیكهی چل پیاو و ئافرهت دهبن، ههمووی ڕێپێدانیان وهرگرتوه، بۆ نمونه كهسێكه بهناوی عبدالفتاح مهدكور، وههروها شێخ سهمنودی،و شێخ عهلى نحاس،و شێخ عهلى رحال،و دایكی سهعد، ومۆڵهتی له خوێندنهوهی دهی بچوكی پێداوم بهناوی مامۆستا تناظر النجولى، زۆر كتیبێ ههیه له زانستی خوێندنهوهكانداو جگه له خوێندنهوهكانیش،

بەناوی خودای بەخشندەی میهرەبان
پێشەکی شێخ: جەمال القرش

سوپاس بۆ خودای تاك و تەنیا، درودو ڕەحمەت بۆ سەر گیانی ئەو کەسەی کە هیچ پێغەمبەرێك لە دوای ئەو نایەت.

ئەم پەرتووکەم بینی کە ناونراوە بە (الدرر الحسان) لە دە خوێندنەوەکانی قورئانی پیرۆز، لە نوسینی شێخی ڕێزدار دکتۆر/ ئەحمەد ضەیف الله باوکی سەمهەدانە ، بینیم کتێبێکی چاکە لە دارشتن، شتێکی جوانی پێش کەش کردوە، سود بەخشە لە بابەتەکانیدا، ئاسانە لەسەر زانست خوازان، تکاکارم لە پەروەردگار سودی بگێنێت لە هەموو کات و ساتێکدا، چونکە تەنها ئەو پشتیوان و بەهێزە لەسەر هەمووو شتێکدا.

(والسلام علیکم ورحمة الله وبرکاته)

ووتەی شێخ:

جەمال ی کوڕی ئیبراهیم القرش [1]

هەول و کۆشش و ماندوبونێکی زۆری ئەنجام داوە لە بڵاوکردنەوەی زانستی قیرائات، لەگەڵ ئەوەش زانستێکی بەرفراوانی هەیە لە زانستی نەحوو صەرف و تەفسیر و زانستە شەرعیەکاندا.

[1] شێخ: جەمال ی کوڕی ئیبراهیم ی کوڕی موحەممەد القرش، لە دایك بوی 1963ز، چەن ڕێگە پێدراوێکی بەدەست هێناوە لە خوێندن و خوێندنەوەدا، بڕوانامەی زانکۆیی هەیە لە کۆلێژی ئاداب و پەروەردە بەشی زمانی عەرەبی سالی1987ی زاینی، سەرپەرشتیار بووە لە بەشی قورئانی پیرۆزو زانستەکانی لە بنکەی یەکەم بۆ پەرەپێدانی پەروەردەیی لە ڕیاز، بەژداری لە زۆر خول کردووە وەك لێهاتویی و سەرپەرشتیاری کارا، کاری ڕاوێژکاری کردوەو سەرۆکی بەشی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی بووە لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی خانمانی پێشو لە ولاتی سعودیا، وهەروەها کاری کردوە وەك بەڕێوەبەر بۆ کاروباری فێرکردن لە قوتابخانەکانی ناوەڕاست لە سالی1427ی کۆچی تا وەکو سالی1433ی کۆچی، بەژداری کردوە لە پێش برکێی نێو دەوڵەتی بۆ لەبەر کردنی قورئانی پیرۆز لە وڵاتی کویەت لە سالی 1432ك، و 1433ك، چەن نوسراوێکی خۆی هەیە لە (التدبر، التجوید، الوقف، العلوم التربویة، العقیدة)

ژ	عربي	کوردی
1	حركة	جوڵه
2	ابدال	گۆڕین
3	بدل	لهبری
4	سكون	زهنهدار
5	شدة	شهدهدار
6	ضمة	ضهمهدار
7	فتحة	فهتحهدار
8	كسرة	كهسرهدار
9	لفظي	گوتراو
10	اضافة	دانهپاڵ
11	وقف	وهستان
12	وصل	نهوهستان
13	قصر	كورت كردن
14	تحقيق	خوێندنهوه
15	مد	درێژكردنهوه
16	التكبير	گوتنی(الله اكبر)
17	التحميد	گوتنی(الحمدلله)
18	التهليل	گوتنی(لا اله الا الله)
19	قصر	درێژكردنی دوو جوڵه
20	توسط	درێژكردنی چوار جوڵه
21	اشباع	درێژكردنی شهش جوڵه
22	تسهيل	لابردن یان ئاسان خوێندنهوه

به‌ناوى خوداى به‌خشنده‌ى میهره‌بان

پێشه‌كى:-

سوپاس بۆ ئه‌و خودایه‌ى قورئانى پیرۆزى كردۆته‌ ڕۆناكى بۆ خه‌ڵك تا ڕىٚ نیشانده‌رى گومڕاو سه‌رلێشێواوان بێت، وخه‌ڵكى له‌ تاریكى نه‌زانى ڕزگار كردووه‌ به‌ره‌و ڕوناكى قورئانى پیرۆز، وده‌روونى پاك كردۆته‌وه‌و ده‌رى هێناون له‌ سه‌ر گه‌ردانى و به‌ره‌و جوانترین و به‌رزترین پله‌وپایه‌ى بردوون.

ڕه‌حمه‌ت و میهره‌بانى برژىٚ به‌سه‌ر پێشه‌ومان، موحه‌ممه‌دى كوڕى عبدالله(ﷺ)، ئه‌و كه‌سه‌ى كه‌ ﴿أَوۡ زِدۡ عَلَيۡهِ وَرَتِّلِ ٱلۡقُرۡءَانَ تَرۡتِيلًا﴾ى به‌سه‌ردابه‌زیوه‌.

به‌هۆى ئه‌م قورئانه‌ پیرۆزه‌ چلكى ئاره‌زوه‌كانى لابردوه‌ له‌گه‌ڵ پیسیه‌كان، هه‌ر به‌هۆى ئه‌م قورئانه‌ پێشه‌وایه‌تى بۆ مرۆڤه‌كان دروست كردووه‌، بوون به‌ نمونه‌ له‌ پۆشاكى هێزى باوه‌ڕدا، دروود له‌سه‌ر خانه‌واده‌ى ئه‌م په‌یامبه‌ره‌و ئه‌م هاوڕێیانه‌ى كه‌ چاكترین كه‌س بوون، ودروود له‌سه‌ر ئه‌وكه‌سانه‌ش كه‌ شوێن كه‌وته‌ى ڕێبازى ئه‌وانن له‌ پیاو چاكان و پاكان، ئه‌وانه‌ى قورئانى پیرۆزیان ئه‌زبه‌ر كردو پارێزگاریان لىٚ كرد، په‌روه‌ردگار پاداشتى چاكه‌كانیانى داوه‌ له‌ دونیاو دوارۆژدا، په‌روه‌ردگار چاكه‌كارانى خۆش ده‌وێت:

به‌ دڵنیایه‌وه‌ زانستى ته‌جویدو خوێندنه‌وه‌كانى قورئانى پیرۆز له‌پێشینه‌ى زانسته‌كانى تره‌ له‌باس كردن و یادگه‌دا، وپیرۆزترین شوێن و پێگه‌یان هه‌یه‌ ، چونكه‌ په‌یوه‌ستن به‌ فه‌رموده‌ى په‌روه‌ردگارى جیهانیان به‌ شێوه‌یه‌ك ئه‌و زانسته‌و ئه‌و زنجیره‌ قورئانیانه‌ پاداشتێكى زۆرى له‌سه‌ره‌، پێغه‌مبه‌ر(ﷺ) ده‌فه‌رموێت: (مَا اجْتَمَعَ قوم في بيت

من بيوتِ اللهِ يَتْلُونَ كتابَ اللهِ تعالى ، ويتَدَارَسُونَهُ بينهم إلا نَزَلَتْ عليهم السكينةُ ، وَغَشيَتهم الرحمةُ ، وحَفَّتهمُ الملائكةُ ، وذَكَرهُمُ اللهُ فيمن عِندَهُ)[1]

دوای ئەوەی فێرکردنی قورئانی پیرۆزو شارەزابوون لێی، وبڵاوکردنەوەی شێوەی خوێندنەوەکەی و گێڕانەواکانی، نزیکت دەکاتەوە لە پەروەردگاری جیهانیان، بە پاڵ پشتی فەرمودەی پێغەمبەرمان (ﷺ) کە ئەفەرموێت: (خَيْرُكُمْ مَنْ تَعَلَّمَ الْقُرْآنَ وَعَلَّمَهُ)[2]. **واتا: چاکترینتان ئەو کەسانەن کە خۆی فێری قورئان دەکات و کەسانی تریش فێر دەکات.**

لەسەر وەڵام دانەوەی پێشنازی هەندێ لە هاوڕێیان، ئیستخارەی پەروەردگارم کرد، داوای کۆمەك و هاوکاری و ڕێنیشاندانی پشت ئەستوریم لێ کرد، ئەویش دڵ و دەروونمی ئارام کرد لەسەر نوسینی ئەم بابەتەی ئەم بەشەدا، بە هیوای ئەوەی بتوانم ببم بە شوێن کەوتەی پێغەمبەرەکەم (ﷺ) دەستم پێ کرد بە داوای پاڵ پشت و هاوکاری خودای گەورە لەسەر بلاوکردنەوەی ئەم زنجیرە قورئانیەی پاش ئەوەی کە سەربەرزو سەر فراز بووم بە وەرگرتنی فێربونی زانستی دە خوێندنەوەکانی قورئانی پیرۆز خوێندنەوەی بچووك و گەورەو چوار جۆر خوێندنەوە شازەکان (القراءات الشاذة) **بە پاڵ پشتی مامۆستا بەرێزەکان و لەسەر دەستی شێخە بەرێزەکانم، دەست پێ دەکەم لەم ڕووەی کە هەست بە بەرپرسیارەتی دەکەم، نەك لەڕووی ئەوەی کە بلێم من شایەنی ئەم کارەم.**

ئەو ڕێگایەی گرتومەبەر لەم زنجیرەدا، بریتیە لە زنجیرەیەك لە خوێندنەوەکانی قورئانی پیرۆزو زانستەکانی کە ناوم ناوە (الدرر الحسان) **لە دە خوێندنەوەکانی قورئانی پیرۆز، من ئەم بابەتەم کۆکردۆتەوە لە کتێبەکانی پێشو، وئەوەشی کە وەرم گرتوە لە مامۆستاکانم، باسی ئەو جیاوازیانەم کردووە کە ڕاویەکان یان قاریئەکە پێچەوانەی**

---

[1] **ئەبو داوود، پەرتووکی نوێژ، باسی تفريع أبواب الوتر، باب في ثواب قراءة القرآن، ژ1455، لاپەڕە189.**

[1] **بوخاری، لە باسی خيركم من تعلم القران و علمه، ژمارەی فەرمووده5027، لاپەڕە436.**

پێشەوا حەفصی كردووە، باسی یەك دەنگیم لە نێوانیاندا نەكردووە، مەگەر كەمێك جار نەبێ كە باسی یەك هەڵ وێستیان ئەكەم زیاتر بۆ ڕوون كردنەوەو تەواوكەری سودەكانە، ئەم پەرتوكەی لە ژێر دەستی خوێنەری بەرێزدایە كردومە بە سێ بەش، لە بەشی یەكەم : باسی بنچینەكانی خوێندنەوەی پێشەوا ئبی عەمری بسری بە ریزبەندی بابەتەكانیشیم ڕێك خستووە بە پێی ئەوەی كامەیان گرنگترە لەوی تر، بەپێی ئەو ئەزمونەی كە هەم بووە لە وانە وتنەوەی قورئانی پیرۆزدا.

لە بەشی دووم : بە شێوەیەكی گشتی زیاتر باسی بنچینەكان و (فەرش)م كردووە، بە شێوەیەكی ڕێك و پێك باسم لە وردودرشتی ووشەكان كردووە، وهیچ جیاوازی نیە لە نێوان ئەم وشە ناكۆكە لە وشەكانی بنچینەیی بێ یاخود (فەرش) بێ، تاوەكو پێداویستیەكانی كەسی سەرەتایی جێ بەجێ بكات، ئەمەش لە ڕێگەی دروست كردنی خشتەیەكی سێ ستونی بەم شێوەیە:

ستونێكیان تایبەتە بە پێشەوا (حفص) ستون تایبەتە بە پێشەوا ئەبوعەمری بەسریو ستونێكیان تایبەتە بە ڕوونكردنەوەی چۆنیەتی خوێندنەكان، سەبارەت بە بەشی سێیەمی ئەم پەرتووكە لێكچونێك هەیە لەگەڵ بەشی پێشە خۆی تەنها ئەوە نەبێ من كورتم كردۆتەوە تەنها بە بەكارهێنانی وشەی (فەرش) لەگەڵ كەمێك زیادە، تا ئامانجەكان بەدەست بێنێت و ئاسان بێ بۆ ئەو كەسانەی كە شارەزاییان هەیە لە خوێندنەوەكاندا لە كاتی گەڕانەوەدا بۆ ئەم بەشە، وبتوانێ ووشەكانی (فەرش) دەربهێنێ بە شێوەیەكی خێرا بێ كات كوشتن.

من لێرەدا باسی پێشەكیەكەی(ئیبن مەهران)ی ئەصفەهانیم كردووە خاوەنی كتێبی (المبسوط) لە دە خوێندنەوەكانی قورئانی پیرۆز، تیایدا باس لە كتێبەكەی خۆی دەكان دە فەرموێت: (دەمەوێت پێتانی ڕابگەێنم كە من پۆلێنم كردووە تەنها بۆ تێگەیشتن و بەرچاو ڕوونیە، بۆ ئەو كەسانەی كە شارەزایی تەواویان هەیە لەم بوارەدا، و هونەری تەواوی هەیە لە زانستەكان و ئاكارەكاندا)

بە مێشکم داهات کە هەندێ بابەتی پەروەردەیی تێکەڵاو بکەم لەم زنجیرە پیرۆزەدا، وەك مەبەستێك لەوانەوتنەوەکانی خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز لە زنجیرەو دانیشتنەکانی قورئان و رِێگەی زنجیرەکانی قورئانی تایبەت بە خولی پێشەوا ئەبوعەمری بەسرِی، وتوندو تۆڵکردنی زنجیرەکانی قورئانی پیرۆز تایبەت بە خولی ناوبراو، کاتێ تاقیکردنەوەکان و گشت بابەتەکان تەواو ئەبن بەیەکتر پەیوەست ئەکرێن، وجگە لە کاری تری پەروەردەیی کە شاراوە نیە لای هەمووو کەسێکی تێگەیشتوو، ئەوانەی باس کران هەمووویان لە چوارچێوەی تەواوبوندا لە نێوان چوار چێوەی تیۆری و لایەنی کرداری دەبێتە یارمەتیدەر بۆ مامۆستا یان خوێنەر تا پشتی پێ ببەستێ لە کاتی فێرکردن و فێربوونی ئەم قیرِائەیە.

داواکارم لە خودای مەزن ئەم زنجیرە قورئانیەم بۆ وا لێبکات کە مەبەستم تەنها رِازی بوونی ئەو بێت و تەنها لە پێناو ئەودا بێت، تکام وایە لێم وەربگرێت بە باشترین شێوە، ورِێزێکی گەورەو بێ پایەنی بۆ دانێ، سودی بۆ نوسەرەکەی و ئەوکەسانەشی کە لە دەورو بەریدان هەبێت، وهەروها سودەکەی بگێنێ بە نەوەی داهاتوو پشت بە پشت، منیش بپارێزێت لە بیرۆکەی نابەجێ، وپێنوسیشم رِزگار بکات لە هەڵە، هەرکەسێ کەمتەرخەمیەکی بینی تیایدا یان هەڵەو کەمو کورتیەکی تیایدا دۆزیەوە تکای لێ دەکەم پۆزشم بۆ بێنێتەوەو ئامۆژگاریم بکات و چاکی بکاتەوە.

پێویستە ئەوەش بلێم کە ئەم ماندوبونەی من بۆ خزمەت کردنی پەرتووکی خودای گەورە هەر چەندە زەحمەتی تێدایە بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا تام و چێژێکی تایبەتی خۆی هەیە، هەرچەندە ئەزیەت و ناخۆشی تێدا دروست بێت ئاسان دەبێت.

بەرلەوەی پێنوسی رِوون کردنەوە هەڵگرم، بەپێی فەرموودەی پێغەمبەر(ﷺ) کە دەفەرموێت: (من لاَ يَشْكُرُ اللَّهَ لاَ يَشْكُرُ النَّاسَ)[1]

سوپاس و پێزانینم ئاراستەی هەموو ئەو کەسانە دەکەم کە هاوکارو یارمەتیدەرم بوون، پاداشتی چاکە کارانیش تەنها چاکەیە.

---

[1] ترمزی، باسی(ما جاء في الشكر لمن أحسن اليك)، ژ6601، لاپەرِە383.

سوپاسێکی بیٚ پایان و تایبەت بۆ شەیخەکەم بەڕێز (سولەیمان ی باوکی عاذرە) **چاکەو ماڤ بەسەرمدا هەیە ، ئەو لە تەرازوی ژێریدا پێش دەخرێت، لەسەر پێداچونەوەی ئەم زنجیرە باسە و ڕاست کردنەوەی لە ڕووی زمانەوانیدا.**

وهەروها سوپاسی برای بەڕێزم (عبدالسلام طباسی) **دەکەم لەسەر پێداچونەوەو زیادە خستنە سەر شێوە هونەریەکەی لە دەرچوون و ڕاخستنی ئەم پەرتووکە، وسوپاس بۆ شێخی بەڕێز** (عبدالله جمال العرقان) **لەسەر ئەم ماندوبونەو بوونی پەیوەندی بەردەوام لەگەڵ ماموٚستایان بۆ پێش کەش کردنی ئەم زنجیرە پیرۆزە.**

لە کۆتاییدا سوپاسی هەمووو ئەو کەسانە دەکەم کە سودیان پێم گەیاندوە بە ڕستەیەك، یان سودیان پێم گەیاندوە بە ئاماژەیەك، یان منیان ڕاست کردۆتەوە لە هەڵە، یارمەتیان داوم بە نوسین، گەر بمەویٚ سوپاس و پێزانینیان کورت بکەمەوە تەنها دەڵێم ئەوەیان لامە کە بە نیاز پاکی بۆیان بپاڕێمەوە.

خزمە تکاری قورئانی پیرۆز
د. ئەحمەد ضیف اللّٰە عومر ئەبو سەمهەدانە
ڕێگە پێدراوی دە قیرائاتی (خوێندنەوەکانی) قورئانی پیرۆز
بچوك و گەورە
و چوار جۆرە دەرچووەکە لە قیرائاتی قورئانی پیرۆز

ده‌روازه‌یه‌ك:-

سوپاست ده‌كه‌م له‌سه‌ر وه‌رگرتنی ئه‌م په‌رتووكه‌، ئومێده‌وارم پالپشتت بیٚ له‌ بیرۆكه‌و زانیاری به‌ سود، هاوكاریت بكات له‌سه‌ر خوێندنه‌وه‌ی په‌رتووكی په‌روه‌ردگار به‌ شێوه‌یه‌كی ڕاست و دروست.

هه‌روها ئومێده‌وارم – له‌ ڕێگه‌ی ئه‌و پۆسته‌ ئه‌لیكترۆنیه‌ی داندراوه‌ له‌ سه‌ره‌تای ئه‌م په‌رتووكه‌ – ده‌وله‌مه‌ندم بكه‌یت به‌ تێبینیه‌كانت، وئه‌م په‌ڕاوه‌ گرنگانه‌ی كه‌ من هه‌ڵوه‌سته‌یان له‌سه‌ر ده‌كه‌م، ئه‌و دێرانه‌ی كه‌ من هێلم له‌ ژێر داوه‌، هیچ شتێك له‌وه‌ چاكتر نیه‌ كه‌ نوسه‌ر ببینیٚ نوسراوه‌كه‌ی به‌ جوانترین شێوه‌ نوسراوه‌، به‌ تایبه‌ت ئه‌گه‌ر نوسین و په‌رتوكه‌كه‌ی په‌یوه‌ست دار بێت به‌ قورئانی پیرۆز، ئه‌وه‌ زیاتر بایه‌خی پیٚ ده‌دات و دڵنیایی له‌سه‌ر ده‌بێت.

پێم باشه‌ لێره‌دا ئه‌وه‌ بگوازمه‌وه‌ كه‌ (عیماد الاصفهانی)[1] باسی كردووه‌ سه‌باره‌ت به‌ كه‌مته‌ر خه‌می و ماندوبونی مرۆۋ، سه‌ره‌ڕای گشت هه‌وڵه‌كانی، بۆ پوخت كردنی شته‌كان و ڕاستكردنه‌وه‌یان و به‌دواداچونیان، ده‌فه‌رموێت: "من ئه‌بینم هه‌ركه‌سێك په‌رتوكێك بنوسێت له‌ ڕۆژی دواتر ده‌ لی: ئه‌گه‌ر له‌بری ئه‌مه‌ ئه‌مه‌م به‌كار بهێنابوایه‌ باشتر بو، ئه‌گه‌ر ئه‌وه‌ی بۆ زیاد كرابوایه‌ چاكتر بو، ئه‌گه‌ر ئه‌وه‌ پێش بخرابوایه‌ گرنگتر بو، ئه‌گه‌ر ئه‌وه‌ لا بردرابوایه‌ جوانتر بو، ئه‌مه‌ش گه‌وره‌ترین په‌نده‌، به‌ڵگه‌ی سه‌لماندنی ئه‌وه‌یه‌ كه‌ نوسینی ڕسته‌كانی مرۆۋ كه‌م و كورت و ناته‌واون" ئیبن قه‌ییمی جوزی، د.ت، به‌رگی 1، لاپه‌ڕه‌2).

داواكارم له‌ به‌ڕیزت كاتێكت هه‌بێت بگه‌ڕێیته‌وه‌ بۆ ماڵپه‌ڕی فه‌یس بوك: به‌ناوی (الدرر الحسان في القراءات العشر للقرآن، یان ماڵپه‌ڕی كه‌سی من)، چونكه‌ من

---

[1] اره‌تی نوسینی ئه‌دبیات ی به‌ناوبانگ عیماد ئه‌صفه‌هانی، پاشان به‌ناوی عیماد بلاْوبۆته‌وه‌، له‌م باره‌یه‌وه‌ سه‌یری: عبدالله‌ ی كوڕی عبدالرحمن ی به‌سام بكه‌: كتێبه‌كه‌ی به‌ناوی (توضیح الاحكام من البلوغ المرام) مه‌ككه‌ی پیرۆز، نوسینگه‌ی الاسدی، چ5، به‌رگی1، 2003ز، لاپه‌ڕه‌3.

دەمەوێت هەندێ شتی باش و دەستكاری و نمونە و سەرچاوەی تر دابنێم كە بە ڕاستی سودیان بۆ تۆ دەبێت لە دواییدا.

لە نوسینی ئەم پەرتوكەدا شێوازێكی تایبەتم بە كار هێناوە – پاش داوای یارمەتی و پاڵ پشتی لە پەروەردگار – لێرەدا بە كورتی باسی دەكەم بەم شێوەی خوارەوە:

1. نوسینی ئایەتەكانی قورئانی پیرۆز بە وێنەی عوسمانی.

2. نوسینی فەرمودەكانی پێغەمبەر(ﷺ) بە سەرو ژێرەوەو بە نوسینێكی جیا لە نوسینەكانی تر، مەبەست لەم كارەش بۆ گەورەیی و پیرۆزی فەرمودەی پێغەمبەرە(ﷺ).

3. لە كاتی نوسینی ئایەتەكانی قورئانی پیرۆز باسی ناوی سوڕەتەكەو ژمارەی ئایەتەكەم كردووە، ڕاستەو خۆ لەدوای ئایەتەكەم داناوە تا نوسینەكان زۆرو تێكەڵاو نەبێت.

4. پێناسەی زاراوەكانم كردووە بەپێی توانا.

5. ڕونكردنەوەی واتای هەندێ وشەی نادیار لە پەراوێزدا .

6. پێناسەی هەندێك كەسایەتی كە ناویان هاتووە لەم پەرتوكەدا.

7. من پێداگربوم – بە پێی توانا– لە بیركردنەوەو هەڵوەستە لە وەرگرتنی هەر بابەتێك یان بڕیارێك لەسەر دیاردەیەك، لەبەر ئەوە ڕۆچوون لە فەرمانێك كە پەیوەندی بە قورئانی پیرۆزەوە هەیە ئەوە دەخوازێت كە بەدواداچونی بۆ بكەیت و لێی وردبیتەوە جوان تێڕابمینێیت، ئەوەش بە یارمەتی پەروەردگار و چاكەی ئەوە بەسەرمەوە، لەگەڵ كورتی كات و دووری ڕیگادا.

8. له كاتی وەرگرتنی دەقێك وەكو خۆی، دەقەكەم خستۆتە نێوان دوو كەوانەی دەقی" " لەگەڵ ئەوەش ئاماژەم بە سەرچاوەكەی كردووە لە ناوەڕۆكەكەیدا.

9. ئەگەر وەرگرتنی دەقەكان بە واتاكەی بو، واتا كاتێ گەڕایەوە بۆ خودی دەقەكە بینیت بە دەست كاریەوە باس كرابو ئەوە وشەی {سەیركە}م بۆ بەكارهێناوە ئاماژەشم پێ كردووە كە سەرچاوەكەی بەم شێوەیە، ئەم شێوازە بەكاردێنم لەكاتی بەناوبانگ بوونی دەقەكە یان دیار نەبوونی خاوەن وتەكە، ئەگەر لە نێوان وشەكاندا ئەم خاڵانەم دانا (....)، ئەمە واتا بەشێك لە وتەكان نادیارەو پێویست بە باس كردنی نیە بەڵكو دەبێت پوخت بكرێت، یان سود لە باس كردنی نیە.

10. لەكاتی وەرگرتنی دەقێك و خستنە ڕستەیەك بۆ ناو دوو كەوانە لە كاتی نوسیندا، ئەمە مانای ئەوە دەگەیێنێت كە ئاگاداربە ئەوەی نێوان كەوانەكانە وتەی خۆمە، نەك وتەی وەرگیراو.

11. هەر وشەیەك پێویستی بە سەرو ژێر هەبێت سەروژێردارم كردووە تا تێكەڵاو نەبێت لەكاتی دەربڕینا.

12. ناوەڕۆكم بۆ سەرچاوەكان داناوە – كە ئەوەش زۆر یارمەتی دەرم بو بۆ ئەم پەرتوكە – كۆكراوەیەو یەك لەدوای یەك دامناوە بەپێی ریزبەندی پیتەكانی زمانی عەڕەبی، وناوەڕۆكم داناوە بۆ بابەتەكانی ناو پەرتوكەكە لە كۆتایی كتێبەكەدا.

13. دانانی ژمارەو نیشانەكانی خاڵبەندی وەكو: نیشانەكانی پرسیار هتد....) بۆ ڕوونكردنەوەی دەقەكان ئەمەش بە مەبەستی جیاكردنەوەیەتی.

14. گەڕاومەتەوە سەر بەشێكی زۆر لە سەرچاوەو ماستەر نامەی زانكۆیی و بابەتی ترو ماڵپەڕە ئینتەرنێتیەكان، وگەڕاومەتەوە بۆ دەیەها سەرچاوەی تر بەڵام بەكارم نەهێناوە چونكە لەگەڵ بابەتی من زۆر تێكی نەكردۆتەوە.

15. زۆربەی جار ئەو دەقەی كە وەرمگرتووە ئاماژەم بەسەرچاوەكەی نەكردووە. تا ژێرنوسەكان زۆر نەبێت، ومن ئارەزوی كورت كراوە دەكەم و زیاتر ماندوبوونەكەم بۆ شتی گرنگتر بە كاردێنم، لە كۆتایی كتێبەكەدا باسم كردووە، لە ناوەڕۆكی سارچاوەكان ئەوەی كە زۆر سودم لیَ بینیوە لە بڕگە زانستیەكەدا.

16. لە كۆتایی: كاتێك بینیم بەرفراوانیەك هەیە لە بنچینەو بڕگەكانی ئەم كتێبەدا و گشتگیریەكەیدا، دلنیابووم بڕگەكانی درێژە دەكێشێت، بینیم پێویستە ئەو بابەتانەی ڕوون وئاشكران كورت كەمەوە لەسەر ئەوانی تر، مەبەست لەم كۆششە ئاسایی كردنی بابەتە درێژەكان بوو.



ئەم رِێگایەی بەکارم هێناوە بۆ وشەی فەرش

به پێی توانا هەوڵمداوە پابەندبم بە بەکارهێنانی نوسینی ڕەسمی عوسمانی لە نوسینی وشەکانی فەرشدا.

- ✓ ئەگەر وشەیەکەم بەرِەهایی بەکارهێنا، واتە مەبەستم پێی لەکاتی وەستان و نەوەستانە (وقفاً – ووصلاً)
- ✓ (أ) ئاماژەیە بە ئاسانکردنی هەمزە، ئەگەر نوسینی پیتە هەمزەکە لەسەر شێوەی ئەلیف بوو، وەك: [ءَأَعۡجَمِيٌّ].
- ✓ (ؤ) ئاماژەیە بە ئاسانکردنی هەمزە، ئەگەر نوسینی هەمزەکە لەسەر شێوەی (و) بوو، وەك: [أَؤُنَبِّئُكُم].
- ✓ (ـئـ) ئاماژەیە بە ئاسانکردنی هەمزە، ئەگەر نوسینی هەمزەکە لەسەر شێوەی بەرزکردنەوەی دەنگ بێت(نەبرِە)، وەك: [أَئِمَّةَ].
- ✓ (•) ئاماژەیە بە ئاسانکردنی هەمزە، ئەگەر نوسینی هەمزەکە لە ریزی پیتەکانی تر نوسرابێت، وەك: [أَءِنَّكَ].
- ✓ (ـٜ) ئەم نیشانەیە لەسەر بێت، واتا خوێندنەوەی ئەم پیتە بە پیتی(س) دەبێت، وەك: [ٱلصِّرَٰطَ].
- ✓ (ـُ) ئەم نیشانەیە لەسەر بێت، واتا وەستان بە پیتی(ه)ی زەنەدار، وەك: [فِيمَ][فِيمَه].
- ✓ (ـۡ) ئەم نیشانەیە لەسەر پێت، واتا گۆرِینی پیتی(ت)ی لەسەر وەستاو، بە پیتی(ه) وەك:

[رَحۡمَتَ][رَحۡمَه].

- (ـُـً) ئه‌م نیشانه‌یه ئه‌گه‌ر له پاڵ جوڵه‌ی ته‌نوین بوو، به‌ڵگه‌یه له‌سه‌ر ضه‌مه‌دارکردنی پیتی نونی ته‌نوین، به‌مه‌به‌ستی ڕزگاربوون له گه‌یشتنه دوو پیتی زه‌نه‌داری ضه‌مه، وه‌ك: [بِرَحۡمَةٍۢ ٱدۡخُلُواْ] [بِرَحۡمَتِنُ ٱدۡخُلُواْ].
- (ـٍـ) ئه‌م نیشانه‌یه ئه‌گه‌ر له پاڵ جوڵه‌ی ته‌نوین بوو، به‌ڵگه‌یه له‌سه‌ر كه‌سره‌دارکردنی پیتی نونی ته‌نوین به‌مه‌به‌ستی ڕزگاربوون له گه‌یشتنه دوو پیتی زه‌نه‌داری كه‌سره، وه‌ك: [أَحَدٌۢ ۝ ٱللَّهُ أَكۡبَرُ].
- (ـ) ئه‌م نیشانه‌یه ئه‌گه‌ر كه‌وته ژێر پیت، به‌ڵگه‌یه له‌سه‌ر بوونی ئیماله[1]، وه‌ك: [مَجۡرِىٰهَا].
- ئه‌گه‌ر ناوی ڕاوی (گێره‌وه‌ره‌كه)م نه‌بردبوو، واتا هه‌ردوو ڕاویه‌كه یه‌ك خوێندنه‌وه‌یان هه‌یه، واته جیاوازیه‌كه ته‌نها له‌سه‌ر ئه‌بوعه‌مری به‌سری‌ه به ڕاویه‌كانیه‌وه.
- له به‌شی یه‌كه‌م له وشه‌كانی فه‌رش كورت كردنه‌وه‌م كردووه له‌سه‌ر ناو هێنانی پیتی(م)ی كۆ، زۆربه‌ی جار دووباره‌م نه‌كردۆته‌وه له به‌شه‌كانی تر، ئه‌وه‌ش به‌هۆی زۆر به‌كارهاتنی له قورئانی پیرۆزدا، ناوهێنانیم له هه‌ندێك جار له‌گه‌ڵ یاسای تر باس كردووه له هه‌مان وشه.
- به‌شی سێیه‌مم تایبه‌ت كردووه ته‌نها به وشه‌كانی فه‌رش، له‌گه‌ڵ ئاشكراكردنێكی كورت، ده‌رباره‌ی پیتی(ه)ی كینایه[2]، وپیتی(م)ی كۆ، له‌گه‌ڵ وه‌ستان به پیتی(ه) له‌بری پیتی(ت)ی مێ، وگه‌یشتنه دوو پیتی زه‌نه به‌یه‌كترو ئه‌وانه‌ی هاووێنه‌ی ئه‌وه‌ن كه باسمان كرد، له‌م به‌شه‌دا باسم نه‌كردووه، تا درێژنه‌بێته‌وه، ئه‌وه‌شی زانیاری زیاتری ده‌وێت بگه‌ڕێته‌وه بۆ به‌شی دووه‌م، زۆر به درێژی باس كراوه.

---

(1) ئیماله(الاماله) واته خوێندنه‌وه‌ی ئه‌لیف و یائدا هاوشێوه‌ی (ی)ی كوردی لێدێت، وه‌كو:(مَجۡرِىٰهَا) (مه‌جراها) (مه‌جرێها)

(2) كناية: دركه – دوو نیازی – به‌ڵام لێره‌دا مه‌به‌ستی پێی ڕاناوی لكاوه(ضمير متصل).

گرنگترین تایبەتمەندییەکانی ئەم پەرتووکە

1. پەرتوکەکە لە ژێردەستتدا دەبێت تا چێژ وەرگری لە خوێندنەوەی پەرتووکی پەروەردگار، بەخێرایی دەتگەیێنێت بە زانستی خوێندنەوەکانی قورئانی پیرۆز، نەخوشیت بۆ دیاری دەکات، چارەسەریشت بۆ دەدۆزێتەوە، وبۆچوونە پەسندەکەشت پیَ دەبەخشێت.

2. نمونەی کرداریت بۆ رِێك دەخات لەگەلْ نمونەی ژیری و گریمانەیی، تا خوێنەرێکی کاراو بە توانات لیَ دروست بکات بتوانی گەرِان و تێرِامان بکەیت.

3. بە وردی شیکردنەوەو کردنەوەی گریَ کوێرەکانی زۆرێك لە بابەتە ئالۆزو تێکەلأوەکانت بۆ دەکات، دواتر چارەسەرێکی زانستی گونجاو بۆ هەر یەك لە کێشەکان دەکات.

4. ئەم پەرتووکە کێشەو چارەسەری زۆرێك لە بابەتە تایبەتە بچوکەکانت دەخاتە ژێر دەست، درێژە پێدەرە تا بابەتە گەورە ئالۆزیەکانت پیشان دەدات.

5. نمونەو بەلْگەی زۆر ورد هەلبژێردراون تا بیرۆکەی بابەتەکان بە تەواوی پێت بگات.

6. لە ناوەرِۆکدا کۆکەرەوەی گرنگترین بۆچون و ئەو بابەتانەیە کە لە پەرتووکەکانی تری پەیوەست بەم بوارە.

7. سادەو ئاسان کردنی زانیاریەکان بەپێی توانا.

8. بەكارهێنانی نیشانەو ئاماژەی دیاری كراو لە جیاوازییە فەرشییەكان (الخلافات)، بۆ خوێنەرو دیاری كردنی وێناكردنی ئەم جیاوازییانە ، باسی ئەم نیشانەو ئاماژەم كردووە لە بەشی نوسینی وشەكانی فەرش.

9. ئەم پەرتووكە جیاكراوتەوە بە بەشێك لە پرس و گرفتە گرنگەكانی، وەك – پەیوەندی نێوان پیتەكان – بۆ ئەو كەسانەی كە سەیری زانستی تەجوید و خوێندنەوەكان دەكەن تا دەركی پێ بكەن، وپێیئاشنابن.

10. پەرتووكەكە دابەش كراوە بەسەر سێ بەشدا، تا ئاسان بێت بۆ خوێنەری بەڕێز و خێرا بگات بە زانیاریەكان، لە پێشەكیەكەش ئاماژە بەم بەشە دراوە.



مەبەست لە خوێندنی قیرائاتی قورئانی پیرۆز لە حەلەقاتی قورئانی

مەبەستە گشتیەکان کە پێویستە لەسەر مامۆستای فێرخواز بیخاتە ژێر دەستی قوتابی بۆ کار پێکردن:

زۆر بە جوانی و بە وردی خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز ئەنجام بدات هەر وەك چۆن دابەزیوە بۆ سەر پێغەمبەر(ﷺ).

1. هەڵوێستی خۆی دەربڕیٚ کە ئامادەیە کەسێکی خێر خواز بێت لەسەر فەرمودەی پێغەمبەر(ﷺ) کە دەفەرمویێت: (خَيْرُكُمْ مَنْ تَعَلَّمَ الْقُرْآنَ وَعَلَّمَهُ).

2. هەوڵ و کۆشش بدات بۆ بەدەست هێنانی پاداشت و چاکە، بە دانیشتن لەبازنەی زانست خوازاندا.

3. پێداگری بکات لەسەر بەدست هێنانی ڕەزامەندی پەروەردگار بەجیٚ بەجیٚ کردنی فەرمانی خودا کە دەفەرمویێت:﴿ وَرَتِّلِ ٱلْقُرْءَانَ تَرْتِيلًا ﴾.

4. پەیوەندی دروست بکات لە نێوان ملکەچی و بیرکردنەوە لە کاتی نوێژدا.

5. بەروبومی زمانەوانی دەنگی و زیرەکی و لێهاتویی پەرەپیٚ بدات، ئەوانەی کە پەیوەندیان بە دەربڕینەوە هەیە.

6. بە قوڵی ڕۆچوونی هەبێت بۆ خۆشەویستی قورئان و قیڕائاتی قورئانی موتەواتیر و دڵی لای خەڵکی قورئان بێت و شانازی بەم نازناوە بکات.

7. خۆشه‌ویستی له‌ پێناو خودادا بچێنێت و گیانی برایه‌تی هه‌بێت له‌به‌ر فه‌رموده‌ی پێغه‌مبه‌ر(ﷺ) كه‌ ده‌فه‌رموێت: (سَبْعَةٌ يُظِلُّهُمُ اللَّهُ فِي ظِلِّهِ...) .

8. هه‌ول و كۆشش بدات بۆ به‌ده‌ست هێنانی باوه‌ڕ به‌خۆ بوون چونكه‌ فێری یاسای ژیانی ده‌كات.

9. ئه‌و په‌ڕی توانای خۆی به‌گه‌ڕ بخات تا ببێت به‌ مامۆستایه‌كی قورئانی بۆ منالّی موسلّمانان، (زه‌كاتی زانستی).

10. گرنگی خوێندنه‌وه‌كانی قیراِئاتی قورئانی ده‌ربخات، وپێگه‌یان به‌هێز بكات له‌ ئایندا.

11. چاندنی به‌هێز كردنی تواناكانی له‌سه‌ر ئه‌زبه‌ركردن و جێبه‌جێ كردنێكی دروست.

12. خۆی ڕابێنێت له‌سه‌ر ڕێك خوێندنه‌وه‌ی ڕوه‌كانی خوێندنه‌وه‌ی قورئان، وه‌ك ڕێك خستن و سه‌روژێركردن و دوركه‌وتنه‌وه‌ له‌ تێكه‌لاّوكردن.

پەیڕەوی خولی قورئانی تایبەت بە خولی پێشەوا ئەبوعەمری بەسڕی

- ئەم پەرتوکە بۆ سودبەخشین بە تۆ داڕێژراوە، بیربکەرەوە بەردەوام لەگەڵت دابێت لەماوەی ئەم خولەدا.
- سەرچاوەی سەرەکی ئەم خولە ئەم پەرتووکەیە کە ئەوەش تایبەتە بە خوێندنەوەی پێشەوا ئەبوعەمری بەسڕی.
- ئامادەکردنی فەرش و وشەکانی ئەبوعەمری بەسڕی لەسەر موصحەف تایبەت بە هەموو قوتابییەك.
- تاقیکردنەوەی چالاکی بەشێوەیەکی بەردەوام لە کۆتایی هەمووو بابەتێك.
- ئەم خولە لە تۆیەو بۆ تۆشە، ئێمەش بە بەشداری چالاکانەی ئێوە خۆشحاڵین.
- بۆچونت بەلامانەوە گرنگە، ڕەزیلی نەکەیت بۆ دەربڕینی پێشنیازەکانت بۆ پەرەپێدانی ئەم پەرتووکە، یان بۆ پێش خستنی پەیرەوی ئەم خولە.

ڕێکارەکانی بازنەی قورئانی تایبەت بە پێشەوا ئەبوعەمری بەسڕی

- نەهاتن بۆ ماوەی سێ جار بەبێ هۆ سزاکەی دەرکردنە.
- وتەی لاوەکی کە پەیوەندی نەبێت بە بابەتەکانەوە قەدەغەیە.
- قسەکردن بە مۆبایل لە کاتی وانەدا قەدەغەیە.

پێشەوا
ئەبوعەمری كوڕی عەلائی بەسڕی

چەند بۆچوونێك هەیە لەسەر ناوی تەواوی، گووتراوە ناوەكەی نازناویەتی، گوتراوە ناوی زەبانە هەندێ بۆچوونیتریش هەیە، بەڵام ڕاستیەكە ئەوەیە ناوی(أبو عمرو) زەبان كوڕی عەلائی كوڕی عەماری تەمیمی مازنی بەسڕیە ، یەكێكە لە حەوت قاریئەكانی قوڕئان، لە شاری مەككەی پیرۆز لە دایك بووە، لە شاری بەصرا پێ گەیشتووەو لە شاری كوفە كۆچی دوایی كردووە، لە ساڵی شەست و هەشتی كۆچی(68) لە دایك بووە لەسەر بۆچوونی ڕاست ، لەگەڵ باوكی هەلاتووە لەترسی حەجاج، لە هەریەك لە شارەكانی مەككەو مەدینە خوێندویەتی، وهەروها لە شارەكانی كووفەو بەصرا لەسەر دەستی خەڵكانێكی زۆر قورئانی خوێندووە، هیچ كەس لە حەوت قاریئەكە وەك ئەو شێخی نەبووە.

خوێندویەتی لەلای شێخ حەسەنی بەسڕی و حەمیدی ئەعرەجی و ئەبی عالیەو سەعیدی كوڕی جوبەیرو شەیبەی كوڕی نەصاح و عاصمی كوڕی ئەبی نجود و عەبدوڵڵەی كوڕی ئیسحاقی حەزرەمی و عەبدوالله ی كوڕی ئەبوعەمری بەسڕیی مەككی و عەتائی كوڕی ئەبی ڕەباح و عیكریمەی كوڕی خالیدی مەخزوومی وموجاهیدی كوڕی جوبەیرو ئیبن محێصن و نەسڕی كوڕی عاصیم و ئەبو جەعفەر یەزیدی كوڕی ڕوومان و یەحیای كوڕی یەعمەڕو كەسانی تر، قاریئێكی زۆر ڕیوایەتیان لێ كردووەو لەلایان خوێندووەو بیستووە.

گویێ بیستی ئەنەسی كوڕی مالیك بووەو جگە لەویش. بەهۆی ئەمەوە بە گەورە تابیعین ئەژمار دەكرێت، باوەڕ پێكراوە لەلای فەرمووودەناسان و بە ڕاستگۆ ناویان بردووە، دانی دەفەرموێت: لەوەوە كۆتایی بە پێشەوایەتی قاریئەكان هات لە شاری بەصرا.

ئهبوعهمر بههۆی ڕێزداریهتی پرسیاریان له ناوی نهكردووه، بهڕێزترین كهسه ناودارهكانی هۆزهكانی عهڕهب بووه، فهڕهزدهق و كهسانی تر له شاعیران پێههڵدانی بۆ كردووه.

به سهركردهی قوتابخانهی بهسڕی نهحوی ئهژمار دهكرێت، زانایهكی گهوره بوو شارهزایی له قورئانی پیرۆزو رۆژانی عهڕهب و شیعر ههبوو، لهگهڵ ڕاستگۆیی و باوهڕ پێكراوو خۆ نهویست بووه.

ئهبوعهمری بهسڕی دهفهرموێت: ئێمهو ئهوانی ڕابردوو وهك دهنكه دانهوێلهیهك له بنچینهی دارخورمایهكی درێژ واین بوین به نهخشی كۆتایی، ئهگهر كهسێك ژیانی دونیای لهلا له ههموو شت گرنگتربوو، بۆ كهسێك تهناڤ له خۆ بایی بوونی بهدهست گرتووه.

ئهصمهعی دهفهرموێت: گویٚ بیستی ئهبوعهمر بووم دهیفهرموو: زانایهكی دیار بوو حهسهنی بهسڕیش زیندوو بوو، ههروهها ئهصمهعی لێی گێڕاوتهوه دهفهرموێت: كهسم له پێش خۆمهوه نهبینیبوو له من زیرهكتر، ئهصمهعیش دهفهرمووێت: منیش نهمبینی له دوای ئهو كهسێكی تر زیرهكتر بێت لهو.

ئهصمهعی دهفهرموێت: ئهبوعهمر بهمنی گوت ئهگهر بمتوانیبوایه ئهوهی له سینهم ههیه بمهێنابوایه سینهی تۆ وام دهكرد، ههندیٚ شتم ئهزبهركرد له زانستی قورئاندا ئهگهر بنوسرابوایهوه ئهعمهش نهیدهتوانی ههڵیبگرێت وهئهگهر نهمتوانیبوایه بیخوێنمهوه تهنها چهند شتێك نهبێت ئهوهو ئهوهم دهخوێندهوه، ههندێك شێوهی خوێندۆتهوه.

ئیبڕاهیمی حهڕبی دهفهرموێت: ئهبوعهمر ئههلی سونه بوو، له ئهخفهش گێڕدراوتهوه دهلێت: حهسهنی بهسڕی بهلای ئهبوعهمر تێپهڕی و مهجلیسهكانی خهڵكێكی زۆر دادهنیشتن، خهڵكێكی زۆر دهورهی وانهكانی دابوو ، حهسهن فهرمووی ئهوه كێیه؟ گووتیان: ئهوه ئهبوعهمره، حهسهن گووتی: هیچ پهرستراوێك نی یه بهههق جگه له الله

نەبێت خەریكە زانایان دەبنە پێشەوا، پاشان حەسەن ووتی: هەر بەرزیەك زانستی لەگەڵ دانەبێت سەردەكێشێت بۆ زەلیلی.

یونس ی كوڕی حەبیب ی نەحوی دەفەرموێت: ئەگەر كەسێك هەبێت ووتەی لێ وەربگیرێت دەربارەی هەموو شتێك ئەوە پێویستە ووتەی ئەبوعەمری كوری عەلا وەربگیرێت.

ئەبو عوبیدە دەفەرموێت: پەڕاوەكانی ئەبوعەمر لەسەر زەوی تا سەقفی خانوەكەی بوو، هەمووی سوتاند و خۆی یەك لا كردەوە تەنها بۆ پەرستن، لەسەر خۆی پێویست كرد كە هەر سێ ڕۆژ جارێك خەتمێكی قورئان بكات.

ئەبوعەمری بەسڕی لە پەرتووكی (بیدایەو نیهایە) دەفەرموێت: ئەبوعەمر زانای سەردەمی خۆی بوو لە زانستی قیڕائات(خوێندنەوەكانی قورئان)و نەحو و فیقهدا، لە گەورە زانایان بوو كە كاریان بە زانستەكەیان دەكرد، كاتێك مانگی ڕەمەزان دەهات هیچ دێرە شیعرێكی باس نەدەكرد تەنها خەریكی خوێندنەوەی قورئان دەبوو.

هیچ كەسێك نەبوو لە حەوت قاریئەكان نەسەبی تەواوی لە تیرەی عەڕەب بێت تەنها ئیبن عامیر و ئەبوعەمر نەبێت جگە لەوان هەمووی غەیرە عەرەبن.

سوفیانی كوڕی عوێینە دەفەرمووێت: پێغەمبەرم بینی (ﷺ) لە خەودا پێیم ووت ئەی پێغەمبەری خوا سەرم لێ تێكچووە دەربارەی قاریئەكان، بە كام قاریئ فەرمانم پێ دەكەی؟ لە وەلأمدا فەرمووی: بە خوێندنەوەی ئەبوعەمری كوڕی عەلا بیخوێنەوە.

ئەبوعەمر – ڕەحمەتی خودای لەسەر بێت – لە شاری كووفە وەفاتی كردووە، لە ساڵی سەد و پەنجاو چواری كۆچی،(154ك) لەسەر بۆچوونی بەهێز، نزیكی دە ساڵ بوو.

ئەبوعەمری ئەسەدی دەفەرمووێت: کاتێك ئەبوعەمر کۆچی دوایی کرد چووم بۆ لای منداڵەکانی سەرەخۆشیان لێبکەم من لە لایان بووم کاتێك یونسی کوڕی حەبیب هات و فەرمووی: سەرەخۆشی لە خۆمان و ئێوە دەکەم بەهۆی کۆچی دوایی ئەو کەسەی هاووێنەی نیە تا رۆژی دوایی، سوێند بە خوا ئەگەر زانستی ئەبوعەمر و دونیا بەکەم گرتەکەی دابەش بکەی بەسەر سەد مرۆڤ ئەوە هەر هەموویانی دەکردە زاناو زاهید، ی خۆ نەویست، سوێند بە خوا ئەگەر پێغەمبەری خوا (ﷺ) بینیبوایە دلی پێی خۆش دەبوو بەوەی کەلەسەری بوو.

ڕاویەکانی ئەبوعەمر

بەناوبانگترین ڕاویەکانی ئەبوعەمر: دووری و سوسی، لەویان گێڕاوەتەوە بە نێوەندگیری:

1- حەفصی دوری - ڕەحمەتی خودای لەسەر بێت - (ئەبوعەمر)

حەفصی کوڕی عومەری کوڕی عەبدولعەزیزی دووری ئەزدی بەغدادی نەحویە، هاتووەتە شاری سامەڕا، پێشەوای قاریئەکان و شێخی خەڵکی بووە لە سەردەمی خۆیدا.

لە سەردەمی مەنصوڕ لە دایك بووە، لە ساڵی سەد و پەنجای کۆچی(150ك) لە دۆرە، نازناوی دووری دەگەڕێتەوە بۆ شوێنێك لە بەغدا، دەکەوێتە لای ڕۆژهەلات، ناسراوە بە دوری ئەبوعەمر چونکە لەوەوە گێردراوەتەوە، وەهروها ناسراوە بە دوری کەسائی چونکە لە کەسائی ڕیوایەتی کردووە.

کەسێکی باوەڕ پێکراوبوو لێزانێکی وردبین بوو، یەکەم کەس بوو قیراِئاتی کۆکردەوەو پۆلێنی کرد، بەهەموو قیرائەتەکانی خوێندووە بە شازەکانیش، شتی زۆری لەو بارەوە بیستووەو لای خەڵکێکی زۆردا خوێندۆتەوە، لەوانە ئیسماعیلی کوڕی

جەعفەر لە نافیعەوە، هەروەك لای براكەشی خوێندۆتەوە یەعقوبی كوڕی جەعفەر لە ئیبن جەماز لە ئەبو جەعفەرو سوەلەیم لە حەمزەوە موحەممەدی كوڕی سەعدان لە حەمزەو لای كەسائی خوێندوویەتی بە قیرائەتی خۆی، وئەبو بەكر لە عاصم و حەمزەی كوڕی قاسم لە هاوەڵانی خۆی و یەحیای یەزیدی و شەجاعی كوڕی ئەبی نەسڕی بەلخی، وەقیرائەتی نافیعی وەرگرتووە، وەلای زۆری تر خوێندویەتی جگە لەمانەش.

وەلای ئەوەی خوێندویەتی لێی گێراوتەوە ئەحمەدی كوڕی حەرب شێخ متەوعی، وئەحمەدی كوڕی فەرح ئەبو جەعفەر موفەسیری بەناوبانگ، وئەحمەدی كوڕی یەزیدی حەلوانی وئەحمەدی كوڕی مەسعودی سیراج، وئیسحاقی كوڕی ئیبراهیمی عەسكەری، وئیسماعیلی كوڕی ئەحمەد، وئیسماعیلی كوڕی یونس كوڕی یاسین، وعەبدوڕەحمانی كوڕی عەبدوس، وموحەممەدی كوری حەمدوونی قەتیعی و جگە لەمانەش.

ئەبو داود دەفەرموێت: ئەحمەدی كوڕی حەنبەلم بینی دەربارەی ئەبوعەمری دووری دەینوسی.

ئەحمەدی كوڕی فەڕحی موفەسیر دەفەرمووێت: پرسیارم كرد لە دووری: چی دەڵێی دەربارەی قورئان؟ لە وەڵامدا فەرمووی: فەرموودەی خودایەو دروستكراو نیە.

ئەهوازی دەفەرمووێت: لە پێناو زانستی قیرائاتدا گەشتی دەكرد، هەموو قیرائەتەكانی خوێند (متواتبرو صەحیح و شاز) زۆریشی دەربارەی ئەمانە بیستبوو.

پێشەوا زەهەبی دەفەرموێت: خەلكی لە زۆر شوێنان ڕویان تێدەكرد چونكە سەنەدی ڕیوایەتەكەی بەرزە، وهەروها دەفەرمووێت: ئیبن ماجە لە سونەنی خۆی گێرانەوەی لێ كردووە، وەئەبو زوڕعە ڕازی و حاجبی كوڕی ئەركین و موحەممەدی كوڕی حامد خەڵكانی زۆر گێرانەوەیان لێ كردووە.

ئیبن نەفاح دەفەرمووێت: گوێم لە دووری بوو دەیفەرموو: خوێندنەوەم لای ئیسماعیلی کوڕی جەعفەر بە خوێندنەوەی خەڵکی مەدینە تا قورئانم تەواوکردو بە نافعیش گەیشتووم، ئەگەر تەنها دە درهەم هەبوایە دەچووم بۆ خزمەتی.

لە کۆتایی جیاکردنەوەیەکی تایبەتی هەیە لە ڕیوایەتی قیرائاتدا جارێکیان لە ئەبوعەمری بەسری دەگێرێتەوە ئەوەی ئێمە خەریکین باسی دەکەێن وجاری تر لە کیسائی دەگێریتەوە، بەلأم لە گێرانەوەی ئەبوعەمر ڕاستەوخۆ قیرائەتی لیٚ وەرنەگرتووە بەڵکو بە هۆی یەحیای یەزیدی گێرانەوەی کردووە، بەلأم دەربارەی گێرانەوەی لە کیسائی ڕاستەو خۆ بووە.تەمەنیدا چاوەکانی لە دەستدا.
تەمەنی درێژبوو لە خوێندنەوەو قیرائاتدا، لە وەرگرتن و بیستنی، خەلکێکی زۆر سودیان لە زانستەکەی بینی تا کۆچی کرد لە مانگی شەوال ساڵی دووسەد وچل و شەش ی کۆچی،(246 ك**) – ڕەحمەتی خودای لەسەربێت –.**

نوسراوەکانی: (ما اتفقت ألفاظه ومعانيه من القرآن)، (أحكام القرآن والسنن)، (فضائل القرآن)،(أجزاء القرآن).

2- سوسی - ڕەحـــمەتی خودای لەسەربێت -

ئەبو شوعەیب) صالحی کوڕی زیادی کوڕی عەبدوالله ی سوسی(دانە پاڵی نازناوی سوسی دەگەڕێتەوە بۆ شاری سوس شوێنێکە لە ئەهواز) ئەڕەقی دەلێت:[(1)]. (والرَّقَّةُ: كُلُّ أرْضٍ إلى جَنْبِ وادٍ، يَنْبَسِطُ الماءُ عليها أيَّامَ المَدِّ ثم يَنْضِبُ)

ئەڕیققە: تاکە کۆیەکەی (رقاق) ناوی دۆڵێکە لەسەر ئاوی فوڕات لە ناوەڕاستی دەڤەری ڕەبیعە کۆتایی ڕۆژئاوای شاری بەغداد، نزمترە بە فەرسەخێك (کۆتایی هات) ڕەنگە ناوی سوسی دانەپالْ بێت بۆ شتێك لەم شێوە.

---

(1)**موحەممەدی کوڕی یەعقوبی فەیرۆز ئابادی، پەرتووکی(ترتیب القاموس** المحيط) **تاهیر ئەحمەدی زاوی (لوبنان : داری فیکر، ب**2**، چاپی**3، 2000**ز)، لا**376.

خهڵك شتیان بهسهردا دهخوێندهوه چونكه زۆر ووردبین بوو ههڵهی بۆیان ڕاستدهكردهوه باوڕپێكراوبوو ، زانستی قیراٸاتی وهرگرت به شێوهی خوێندنهوهو بیستن له ئهبو موحهممهدی یهزیدی ئهویش له بهناوبانگترینی هاوهڵی بوو ، گێڕانهوهی كردووه له ئهبوعهمری كوڕی عهلای بهسڕی له یهزیدی ناوبراو، وهلای حهفصدا خوێندویهتیهوه به قیرائهی عاصم.

خهلكێكی زۆر قیرائهتیان له سوسی گێڕاوتهوه، لهوانه كوڕهكهی ئهبو مهعصوم موحهممهد، وموسای كوڕی جهریری نهحوی، وئهبو حاریس موحهممهدی كوڕی ئهحمهدی تهرسوسی ڕهقی، وموحهممهدی كوڕی ئیسماعیلی قوڕهشی، وموسای كوڕی جمهور، وئهحمهدی كوڕی شوعهیب نهسائی حافزو جگه لهوانهش.

له ڕهقه كۆچی دوایی كردووه، سهرهتای ساڵی دووسهد و شهست و یهك ی كۆچی(261 ك) نزیكی نهوهد ساڵ بووه تهمهنی – ڕهحمهتی خودای لهسهر بێت –.



سەنەدی گێڕانەوەی
دووری لە ئەبو عەمری بەسڕی

دووری دەگێڕێتەوە لە ڕێگەی یەزیدی لە پێشەوای شاری بەسرە و قاریئەكەی ئەبوعەمری بەسڕی، ئەویش لە نەسڕی كوڕی عاصم و یەحیای كوڕی یەعمەڕ، هەردووكیان لە ئەبو ئەسوەدی دوئەلی، لە عوسمان و عەلی (ڕەزای خوایان لێبێت)
وهەروها ئەبوعەمری خوێندوویەتی لەلای موجاهیدی كوڕی جوبەیرو سەعیدی كوڕی جوبەیر، هەردووكیان لەلای عەبدوالله ی كوڕی عەباس، ئەویش بەسەر ئوبەیی كوڕی كەعب، ئوبەیش لای هەر یەك لە: عەلی كوڕی ئەبوتالیب و عوسمانی كوڕی عەفان، (ڕەزای خوایان لێبێت) ئەوانیش بەسەر پێغەمبەر (ﷺ).

ڕێگەی ئەم ڕیوایەتەش لە ئەبو عەبدوڕەحمانی كوڕی عەبدوسی دەقاقی هەمەدانی، كۆچی دوایی كردووە لە سەرووی ساڵی دووسەدو هەشتای كۆچی، كەسێكی باوەڕپێكراوو وردبین بوو.

دانی دەفەرموویێت: گەورەترین هاوڕیی دووری بوو بەناوبانگترین و باوەڕپێكراوترین كەسی بوو.

سەنەدی گێڕانەوەی
سوسی لە ئەبوعەمری بەسڕی


سوسی لە ڕێگەی یەزیدی پێشەوای شاری بەسڕاو قاریئەکەی ئەبوعەمری بەسڕی، ئەویش لە نەسڕی کوڕی عاصم و یەحیای کوڕی یەعمەڕ، هەردووکیان لە ئەبو ئەسوەدی دوئەلی، لە عوسمان و عەلی (ڕەزای خوایان لێبێت)

وهەروها ئەبوعەمری خوێندوویەتی لەلای موجاهیدی کوڕی جوبەیرو سەعیدی کوڕی جوبەیر، هەردووکیان خوێندنەوەیان لەلای عەبدوالله ی کوڕی عەباس، ئەویش لای ئوبەیی کوڕی کەعب، ئوبەیش لای هەر یەك لە: عەلی کوڕی ئەبوتالیب و عوسمانی کوڕی عەفان، (ڕەزای خوایان لێبێت) ئەوانیش لای پێغەمبەر (ﷺ)

ڕێگەی ئەم ڕیوایەتەش لە ئەبو عیمران موسای کوڕی کوڕی جەریر ئەڕرووقی خوێنەرو نەحوی بووەو کەسێکی کوێر بووە، بەناوبانگترین هاوەڵی سوسی بووە.
شارەزاییەکی تەواوی هەبووە لەسەر تێکهەڵکێشان و زۆر زیرەك بووە لە زمانی عەربی، کەسایەتیەکی بەڕێزبووە زۆر هاوڕێی هەبووە.

ئەبو عیمڕان کۆچی دوایی کردووە نزیکەی ساڵی سێسەد و شازدەی کۆچی، هەر وەك دانی و ئەبو حەیان وایان فەرمووە بۆچوونەکانیش لەوە نزیکە، زەهەبیش دەفەرموێت: ساڵی سێسەد و دەی کۆچی وەفاتی کردووە.

پاڵپشتی
قیرِائەتی ئەبوعەمری بەسرِی



بنچینه‌كانی
قیڕائه‌تی ئه‌بو عمری به‌سڕی

✓ **أصول:** كۆیه تاكه‌كه‌ی (**أصل**) ـ له زمانی عه‌ره‌بیدا به‌و بناغه‌و بنچینه ده‌گوترێت كه شتی له‌سه‌ر بونیاد ده‌ندرێت .

أصول له ڕووی زاراوه‌دا: هه‌مووو بڕیارێكی گشتی ده‌گرێته‌وه كه بچه‌سپێت له‌سه‌ر ئه‌وشتانه‌ی مه‌رجی بڕیاره‌كه لێی بێته دی، یان مه‌به‌ست له ئوصول واتا ئه‌و یاسا گشتیانه ده‌گرێته‌وه كه په‌یداده‌بن، وه‌ك (مد) درێژكردنه‌وه و(القصر) كورت كردنه‌وه و(الفتح) كردنه‌وه (الاماله) واتا لاركردنه‌وه‌و مه‌یل كردن له نێوان دوو خوێندنه‌وه‌و ئه‌وه‌ی هاوشێوه‌ی ئه‌وانه‌ن.

✓ **الفرش:** له زمانی عه‌ره‌بیدا واتا ڕاخستن و بلاْوكردنه‌وه.

الفرش: له زاراوه‌دا بریتیه له‌و بڕیاره‌ی تایبه‌ته به هه‌ندێ وشه‌ی قورئانی كه ڕای جیاوازی له‌سه‌ره له نێوان قوڕائه‌كانی خوێندنی قورئان له‌گه‌ڵ به‌هێز كردنی هه‌مووو خوێندنه‌وه‌كان بۆ خاوه‌نه‌كه‌ی وه‌ك: ﴿ مَـٰلِكِ يَوۡمِ ٱلدِّينِ ﴾ .

له خوێندنه‌وه‌ی عاصیم و كیسائیدا وشه‌ی ﴿ مَـٰلِكِ ﴾ ئه‌لیف جێگیركراوه له دوای پیتی (م)، به‌لاْم جگه له‌ئه‌وان وه‌ك: نافیع و ئه‌بوعه‌مری به‌سڕی و ئه‌بو عه‌مرو ئیبنو عامیرو حه‌مزه ئه‌لیفه‌كه لاده‌به‌ن ، واتا به‌بێ ئه‌لیف ده‌یخوێننه‌وه، وه‌ك: (مَلِكِ).

هه‌ر ووشه‌یه‌ك خولانه‌وه‌ی كه‌م بێت له نێوان قیڕائاته‌كانداو بۆچونی جیاوازی له‌سه‌ر بێت ئه‌وه پێیده‌گوترێت فه‌رش، چونكه كه باس كراوه له شوێنی خۆی له سوره‌ته‌كاندا به‌پێی ریزبه‌ندی قورئان ئه‌وه وه‌ك ڕایه‌خراوێكی لێدێت كه ڕاخرابێت.
هه‌ندێك فه‌رش هه‌یه كه ده‌كرێت حوكمه‌كه‌ی گشتگیر بكرێت، وه‌كو زه‌نه‌داركردنی پیتی (د) له وشه‌ی (القدس) لای ئه‌بوعه‌مری به‌سڕی، به پێچه‌وانه‌وه هه‌ندێك بنچینه‌مان

هەیە کە ناکرێت حوکمیان گشتگیر بکرێت، هەر وەك لە هەندێك شوێن لە(ی)ی دانەپاڵ و زیادە، ئەو ناونانەش لە هەر یەك لەوان بەهۆی زۆر بەکارهێنانیانە.



بابهتی
ئیستیعاذه و بهسمهله

جیاوازی نیه له نێوان پێشهوا ئهبوعهمری بهسری و پێشهوا حهفص له باسی ئیستیعاذهدا.

بهڵام له باسی بهسمهله جیاوازی نیه له نێوان قاریئهكان كه دهخوێندرێتهوه له سهرهتای سورهتی فاتیحهدا، وخوێندنهوهی له سهرهتای ههموو سورهتهكاندا جگه له سورهتی تهوبه، جیاوازیشی نیه دهستپێكردنهكه له دوای پچڕان بێت یان لهباری وهستاندا بێت.

ئهوان جیاوازیان ههیه له خوێندنهوهو لابردنی له كاتی لكاندن له نێوان دوو سورهتدا وئهبوعهمری بهسری یهكێكه لهوانهی كه دهخوێنێتهوهو ناخوێنێتهوه له نێوان سورهتهكاندا.

كهواتا پێشهوا ئهبو عهمری بهسری دوو شێوه خوێندنهوهی تر زیاد دهكات له سهر پێشهوا حهفص، شێوه خوێندنهوهكان دهبێته پێنج، سیانیان هاوڕان تیایدا پێشهوا ئهبو عهمری بهسری لهگهڵ پێشهوا حهفص.

بەسمەلە لە نێوان دوو سورەتدا

ئەبوعەمری بەسڕی بەسمەلە دەخوێنێتەوە لە نێوان دوو سورەتدا – جگە لە سورەتی ئەنفال و بەرائە نەبێت – سێ شێوە خوێندنەوەی بۆ هەیە:

1. نەلکاندن لە نێوان هەمووی.
2. نەلکاندنی یەکەم و لکاندنی دووەم و سێیەم.
3. لکاندن لە نێوان هەمووی.

ئەبوعەمری بەسڕی دوو شێوەی تر زیاد دەکات لەسەر خوێندنەوەی بەسمەلە لەسەر ئەو شێوانەی پێشوو باسمان کرد کە بریتین لەمانەی خوارەوە:

4. سەکت بەبێ بەسمەلە.
5. لکاندن بەبێ بەسمەلە.

ئاشکرایە لای هیچ قاریئێك سەکت لە نێوان هەردوو سورەتی ناس و فاتیحە.

قاریئەکان یەك دەنگن لەسەر واجب بوونی بەسمەلە ئەگەر لکاندنی بۆ بکرێت لە کۆتایی سورەتی ناس بە سەرەتای سورەتی فاتیحە، چونکە هەر چەندە لکاندنی بۆ بکرێت بە گوتراوی بەڵام دەبێت بەم دەست پێبکرێت لە حوکم، وهەروها ئەگەر لکاندنی بۆ بکرێت لە کۆتایی سورەت بە سەرەتاییەکەی، وهەروها ئەگەر لکاندن لە کۆتایی سورەتدا بکرێت بە پێشە خۆی، هەروەك چۆن کۆتایی سورەتی فەلەق بلکێندرێت بە سەرەتای سورەتی ئیخلاص.

بەڵام ئەگەر خوێنەر وەستا لەسەر کۆتایی سورەتی یەکەم و نەیلکاند بەوەی کۆتایی، لەو کاتەدا دەست دەکات بە بەسمەلە چونکە واجب دەبێت.

حوکمی لکاندن بێ بەسمەلە هەر وەك لە شێوەی پێنجەمدا هاتووە گشتیە لە نێوان گشت سورەتێکی بەدوای یەك هاتوو لە ریزبەندی نوسینی قورئان و خوێندنەوەی، وەك: کۆتایی سورەتی بەقەرە بە سەرەتای سورەتی ئالی عیمران، یان لە دوای یەکتر

نەهاتوون وەك: سورەتی نیساء لەگەڵ سەرەتای سورەتی كەهف، ئەگەر سورەتی یەكەم لە دوای دووەم هات لە ڕیزبەندی نوسینی قورئان – واتا بەدوای یەكتر نەبوون– وەك: كۆتایی سورەتی ئیخلاص لەگەڵ سەرەتای سورەتی كەوسەر لەو كاتەدا گووتنی بەسمەلە دیاری دەكرێت بۆ هەموو قاریئەكان، لكاندنیش دروست نیە.

ئەبو عەمری بەسری بەسمەلە دەكات وەك قاریئەكانی تر لە نێوان سورەتی ناس و سورەتی فاتیحە.

دەربارەی سورەتی ئەنفال و سورەتی بەڕائە بۆی هەیە وەستان و سەكتە[1]. و لكاندن وەك قاریئەكانی تر.

لكاندنی دوو سورەت بەبێ بەسمەلە دیاركردنی ئیعجازی قورئانی تێدا هەیە، وئاشكراكردنی گونجاندنی ڕیزبەندی سورەتەكانە، هەر ئایەتێكی قورئانی پیرۆز دەگونجێت لەگەڵ ئەوەی پێشە خۆی و دوای خۆی وهەروها سورەتەكانیش بەم شێوەن، بیربكەوە لە كۆتایی سورەتی نەجم لەگەڵ سەرەتای سورەتی قەمەڕ: { فَٱسۡجُدُواْۤ لِلَّهِ وَٱعۡبُدُواْ ۩ ﴿٦٢﴾ ٱقۡتَرَبَتِ ٱلسَّاعَةُ وَٱنشَقَّ ٱلۡقَمَرُ ﴿١﴾ }، لە كاتی لكاندا بەهەمان شێوە دەركەوتنی سەرو ژێرە – ئیعراب – وئاشكراكردنی واتای نوێیە شاراوەیە بەوەی جارێ دوو سورەتەكە پێك نەگشتوون، هەروك چۆن وەرزشی زووبانی تێدایە لەسەر ڕەوان بێژی و دەربڕینێكی دروست وەك لكاندنی تەنوین و لابردنی هەمزەی لكاندن و پیتی (ل)ی شەمسی و ئەوانی تر.

مەككی قەیسی[2]. وەڵامی ئەوە دەداتەوە كە بۆچی بەسمەلە لادەبردرێت لە نێوان دوو سورەتدا، كاتێك لای ئەو ﴿بسم الله الرحمن الرحيم﴾ ئایەتێك نیە لە هەموو سورەتێكدا – واتە كەسێكە لەوانەی كە دەتواندرێت لای ئەو بەسمەلە واز لێبهێندرێت –

---

[1] سەكتە: وەستانێكی كورتە بێ وەرگرتنی هەناسە.

[2] مەككی كوڕی ئەبی تالیب، پەرتووكی (الكشف عن وجوه القراءات السبع وعللها وحججها)، (بەیروت، دەزگای ریسالە، چ3، ب1، 1404ك)، لا16.

ولای كۆمەڵەی زانایان ، لایبردووە لە كاتی لكاندنی بە سورەتێك لەگەڵ سورەتێكی تر، تاوەكو كەس وا گۆمان نەبات بەسمەلە ئایەتێكە لە هەموو سورەتێكدا، قورئانی پیرۆز لای ئەو هەمووی یەك پارچەیەو بە یەك سورەت ئەژمار دەكرێت، هەر وەك چۆن پچران رونادات لە نێوان هەندێك سورەت لەگەڵ بەسمەلە هەروها پچران رونادات لە نێوان سورەتێك و سورەتێكی تر بە بەسمەلە، دەربارەی خوێندنەوەی لە قورئانی پیرۆز بۆ ئەوەی تا بزاندرێت كۆتایی بە سورەتێك هاتووەو دەست بە سورەتێكی تر دەكرێت.

كەواتا: ئەگەر ویستت بە خوێندنەوەی ئەبو عەمری بەسری بكەی بەبێ بەسمەلە، پێویستە لەژێر ئەم چوار خاڵە بێت:

1- دەبێت سورەتەكە بەهەمان شێوەی ریزبەندی قورئانی پیرۆز بێت، هەرچەندە لە دوای یەكتریش نەبێت، وەك: كۆتایی سورەتی بەقەرە لەگەڵ سورەتی كەهف.
2- لكاندنی بە دلنیایەوە لە نێوان هەموو سورەتێك جگە لە نێوان سورەوتی ناس و سورەتی فاتیحە.
3- ئەگەر خوێنەر گواستنەوەی ئەنجامدا لە كۆتایی سورەتێك بۆ ناوەڕاستی سورەتێكی تر بە هەمان شێوەی ریزبەندی قورئانی پیرۆز.
4- خوێنەر ڕانەوەستێت لە كۆتایی سورەتی یەكەم مەبەست پێی لكاندنی بە سورەتی دووەم، ئەگەر وەستا بە خوێندنەوەی بەسمەلە لە سەرتای سورەتی دووەم – جگە لە سورەتی تەوبە – ئەوەش ڕای كۆی زانایانە، سەیری ئەو ووتەیە ناكرێت ئەوەی دەلێت: پێویستە لەسەر خوێنەر بەسمەلە نەكات[1].چونكە خوێندنەوەی بەسمەلە سونەتێكی شوێن كەوتنە.

زانایان بەرپەرچی ئەو چۆرە بۆچوونەیان داوتەوە، یەك لەوانە پێشەوا دانی[2]. دەفەرمویێت: كێشە نیە لە نێوان ئەو كەسانەی بەسمەلە دەكەن لە سەرەتای سورەت

---

[1] ئەوە ووتەی ئەحمەدی كوڕی عەلی كوڕی باذشە، لە پەرتووكی (الإقناع في القراءات السبع (مەككە، زانكۆی ئوم القورا، (1403ك) لا 159
[2] باوكی عەمرِ عوسمانی دانی، لە پەرتووكی (جامع البيان في القراءات السبع المشهورة) (بەیرووت دار الكتب العلمية)، 1426ک)، لا152.

ئەگەر بچڕان ڕویدا لە كۆتایی پێش خۆی و دواتر دەستپێكردنی بێ ئەوەی لكاندنی بۆ بكرێت بە پێشەخۆی لەسەر بۆچوونی ئەوكەسانەی پچڕان و نەپچڕان ئەنجام دەدەن – واتا پچڕان دەكەن لە نێوان بەسمەلەو نەپچڕانی – جگە لە سوڕەتی بەڕائە نەبێت.

دەربارەی ئیبن جەزەری[1]. دەفەرموێت: لە باسی ئاگاداركردنەوەكان – لە ئاگاداركردنەوەی سێیەم: بەدلنیایەوە هەر یەك لە وانەی كە بە نەلكاندنی بەسمەلەو لكاندنی و سەكت دەخوێننەوە ئەگەر دەست بەخوێندنەوەی سوڕەتێك لە سوڕەتەكان كرد بە بەسمەلە دەخوێندرێتەوە بێ جیاوازی لە هەریەكێك لەوان تەنها ئەگەر دەست پێكردن بە سوڕەتی بەڕائە بوو هەر وەك دواتر باسی دەكەین، جیاوازیش نیە سەرەتاكەی لە باری وەستاندا بێت یان نەوەستان، بەڵام دەربارەی ئەوانەی كە بەجیا دەیخوێنەوە ئەوە شتێكی ڕوون و ئاشكرایە، ودەربارەی خوێندنەوەی ئەو كەسانەی كە لایدەبەن ئەوە بۆ پیرۆزی و وەبەرەكەت داركردن و گونجاندنی ڕێنوسی قورئانی پیرۆزە، چونكە لای ئەو كەسانەی لایدەبەن تەنها لەسەرەتای سوڕەت دەنوسرێت بۆ یەكەم سوڕەت لەبەر پیرۆزیە لاینابەن لەباری لكاندندا تەنها لەبەر ئەوەی دەست بەو نەكراوە، بەڵام ئەگەر بەئەو دەست پێكرا بە پێویست دانانرێت تەنها خوێندنەوەی بۆ بكرێت تاوەكو نەبێتە پێچەوانەی نوسینی قورئانی پیرۆز لەباری لكاندن و نەلكاندندا، لەو كاتەدا دەردەچێ لە كۆدەنگی و دەبێتە هاوشێوەی هەمزەكانی لكاو لادەبردرێت لەباری لكاندن و دەخوێندرێتەوە لە باری دەست پێكردن بەو، هەر بۆیە كێشە لەنێوان زانایان دروست نەبووە لە باری خوێندنەوەی بەسمەلە لە سەرەتای سوڕەتی فاتیحە، جیاوازیشی نیە لكاندنی بۆ بكرێت بە سوڕەتی ناس لەگەڵ پێشەكەی خۆی یان دەستپێكردن بەو بكرێت، چونكە ئەگەر لكاندنی بۆ بكرێت بە گوتراوی ئەوە دەبێتە دەست پێكراو حوكمەن.

---

[1] موحەممەدی جەزەری، النشر في القراءات العشر، (قاهیرە، چاپەمەنی تیجاریەی كوبرا، ب1، 1427ك)، لا263.

دەربارەی پێشەوا عەلی صەفاقسی[1]. دەفەرمویت: جیاوازی نیە لە نێوانیاندا – واتا نێوان قارئیەكان – ئەگەر خوێندنەوەی دەست پێكرد بە سەرەتای سوڕەت جگە لە سوڕەتی بەڕائە بە بەسمەلە بێت، جیاوازیشی نیە دەستپێكردنەكەی – واتا قاریئەكە – لە باری وەستان یان نەوەستاندا بێت، ڕەنگە هەندێكیان وا تێدەگەن كە دەستپێكردن نابێت تەنها دوای پچڕان نەبێت بەلاّم وانیە.

كەواتا: ئەگەر قاریئێك ویستی بوەستێت لە كۆتایی سوڕەتی یەكەم بەمەبەستی لكاندنی بە سوڕەتی دووەم، پێویستە لەسەری بەسمەلە بكات لە سەرەتای سوڕەتی دووەم – جگە لە سوڕەتی تەوبە نەبێت – ئەوەش دوو شێوەی بۆ دروست دەبێت: یان لكاندنی بەسمەلە بە سەرەتای سوڕەت یان پچڕانی.

زانیاری زیاتر: ئەگەر بە خوێندنەوەی ئەبو عەمری بەسری بوو لە نێوان دوو سوڕەت بە لابردنی بەسمەلە، ئەوە دەگاتە كۆتایی وشە لە سوڕەتدا ، بە یەكەم وشە لە سوڕەتی دوای ئەو، ئەوەش بڕیاری تەجویدی لەسەر دروست دەبێت لە تێكهەڵكێشان و شاردنەوەو بڕیارەكانی تری تەجوید.

هەندێك لە زانایان و جێبەجێكارانی بەسمەلە وایان بە باش زانیوە بەسمەلە بكرێت لە نێوان دوو سوڕەتدا لە چوار شوێن: بۆ كەسێك بیەوێت سەكتە ئەنجام بدات لە نێوان دوو سوڕەتدا بە شێوەیەكی گشتی لە هەموو قورئانی پیرۆزدا، سەكتیان لا پەسندە لەم چوار شوێنە لە هەموو قورئاندا بۆ كەسێك بیەوێت لكاندن بكات لە نێوان دوو سوڕەتدا لە گشت قورئاندا، ئەو چوار شوێنەش پێی دەگوترێت (الاربع الزهر)، بریتین لەمانەی خوارەوە:

أ- نێوان سوڕەتی موددەثیر و سوڕەتی قیامە:

{ هو أهل التقوى وأهل المغفرة * لا....... أقسم بيوم القيامة }.

---

[1] عەلی موحەممەدی صەفاقچی، پەرتووكی(غيث النفع في القراءات السبع) (بەیروت، دار الكتب العلمية، 1425ك)، لا20.

ب- نێوان سورهتى ئینفیطارو سورهتى موطهفیفین:

{ والأمر يومئذ لله * ويلٌ...... للمطففين }.

ت- نێوان سورهتى فهجرو سورهتى بهلهد:{وادخلي جنتي * لا...... أقسم بهذا البلد }.

ث- نێوان سورهتى عهصرو سورهتى هومهزه:

{ وتواصوا بالحق وتواصوا بالصبر * ويلٌ..... لكل همزة }.

هۆكارى ئهم ههلبژاردنه ڕودانى دروستبون واتاوماناى نادروست، چونكه سهرهتاى ئهم چوار سورهته(ويلٌ)يان(لا أُقسم)وه.

ههلبژێردراوى دروست ئهوهیه : ئهوهى ڕابردوو شتێكى چاكهو بۆچوونى ههندێك له زانایانه بهلاَم هیچ دهقێك نیه پابهندى دروست بكات، باشترینهكه ئهوهیه جیاوازى نهكرێت له نێوان ئهم چوار شوێنه لهگهڵ ئهوانى تر، دهتوانرێت ههلبوشێندرێتهوه بههۆى زۆر به كارهاتنى ئهم بابهته له قورئانى پیرۆز وهك: { هُوَ ٱلۡحَيُّ ٱلۡقَيُّومُۚ لَا } سورهتى بهقهره، ئایهتى255: { وَهُوَ ٱلۡعَلِيُّ ٱلۡعَظِيمُ ٢٥٥ لَآ } سورهتى بهقهره، ئایهتى255: { نَجۡزِي ٱلۡمُحۡسِنِينَ ٤٤ وَيۡلٌ } سورهتى مورسهلات، ئایهتى44.

بابەتی پیتی(میم) ی کۆ

میمی کۆ بریتیە لە پیتێکی زیادە لە پێکهاتەی وشەدا کە بۆ نێری کۆ (جمع المذكر) بەکاردێت، وهەروها (مێ)ش دەگرێتە خۆی، جیاوازیش نیە حەقیقەت بێت یان ئەوەی وەکو نێری کۆ بەکاردێت، بەڵام بەخۆی نێری کۆ نیە.

دەرچوو لە پێناسەکە: واتا ئەو شتانەی کە پێناسەکە نایان گرێتەوەو لە بازنەی پێناسەکەدا دەردەچن:-

- **میمی زیادە:** کە لە پێناسەکەدا گوترا میمی زیادە، واتا ئەم پیتە میمە ناگرێتەوە کە زیاد نەبێت و بنچینەو ئەصلی وشەکە بێت وەك: [بِمَ ، ٱحۡكُم ، أَلَمۡ].
- **واتای کۆی نێر بدات:** ئەمە ناگرێتەوە ئەگەر پیتی میمەکە واتای کۆی نێر نەدات، واتا بەکارهاتبێت بۆ تاك یان بۆ دووان وەك: ﴿ أَنۡهَىٰكُمَا ﴾.
- **کۆی مێ دەگرێتەوە: وەك:** ﴿ عَلَيۡكُمُ ٱلصِّيَامُ ﴾، لێرەدا پیتە میمەکە بەکار هاتووە بۆ نێرو مێ، واتا هەردوو ڕەگەز دەگرێتەوە.
- **لە زمانی عەرەبیدا:** ئەوەدەگرێتەوە(منكم) پیتی (م) لەم وشە بە میمی کۆ دادەندرێت لە زمانی عەرەبیدا.
- **لە بەکار هێنانی قورئاندا:** ئەوەدەگرێتەوە ﴿ وَمَلَإِيْهِمُ ﴾ سورەتی یونس، ئایەتی83، ﴿عَلَىٰ خَوۡفٖ مِّن فِرۡعَوۡنَ وَمَلَإِيْهِمُ أَن يَفۡتِنَهُمۡۚ﴾ لێرەدا ڕاناو دەگەڕێتەوە بۆ فیرعەون بە تەنها بەڵام بە شێوەی کۆ بەکار هاتووە، کەواتە: ئەم میمەش بە میمی کۆ ئەژمار دەکرێت.

نیشانه‌كانی پیتی(میم)ی كۆ

ئه‌گه‌ر لایبه‌ری له‌ وشه‌دا مانای وشه‌كه‌ تێك نادات، وه‌ك: ﴿عَلَيْكُمُ﴾ ده‌بێته‌(عَلَيْكُ).

أ- یه‌كێك له‌م سێ پیتانه‌ له‌ پێش میمه‌كه‌دا بێت[1]

ب- پیتی (ك) وه‌ك: ﴿ مِنكُمُو ﴾، پیتی (ك) ته‌نها ضه‌مه‌دار ده‌بێت.

ت- پیتی (ت) وه‌ك: ﴿ كُنتُمُو ﴾، پیتی (ت) ته‌نها ضه‌مه‌دار ده‌بێت.

ث- پیتی (هـ) وه‌ك: ﴿ أَمْوَٰلَهُمُو ﴾، پیتی (هـ)یان ضه‌مه‌دار ده‌بێت، وه‌ك له‌ نمونه‌ی پێشو باس كرا، یان كه‌سره‌دار ده‌بێت وه‌ك: ﴿ عَلَيْهِمُو ﴾.

---

[1] یه‌ك شوێن جیاكراوته‌وه‌، هه‌مزه‌ كه‌وتۆته‌ پێش پیتی(م)ی كۆ (میم الجمع)، ئه‌وه‌ش له‌ ئایه‌تی 19ی سوره‌تی حاقه‌یه‌ { هاؤم } لێره‌دا به‌واتای (هلموا اقرؤوا كتابيه)، هه‌ندێ له‌ زمانه‌وانان ده‌لێن: به‌ واتای (هاكم) دێت، پیتی(ك) گۆردراوه‌ به‌ پیتی هه‌مزه‌، هه‌روه‌ك قوته‌یبی ئاماژه‌ی پێ كردووه‌، ره‌ضی ده‌فه‌رموێت: (ها) ناوێكه‌ به‌ واتای (بگره‌) دێت وهه‌شت جۆر زمانی تێدایه‌، ئه‌مه‌ یه‌كێكه‌ له‌م زمانانه‌: له‌بری پیتی ئه‌لیف هه‌مزه‌ی پێوه‌ بلكێندرێت گۆرانكاریه‌كانیشی وه‌ك گۆرانكاری پیتی(ك) ده‌بێت، وه‌ك: (هاؤما، هاؤم، هاءِ، هاءَ، هاؤن)، باوكی قاسم فه‌رمویه‌تی: به‌چه‌ن شێوازو زمانێك ده‌خوێندرێته‌وه‌ چاكترینیان ئه‌وه‌ی سێبه‌وه‌یهی باسی كردووه‌ له‌ په‌رتوكه‌كه‌ی خۆیدا ده‌فه‌رموێت : عه‌ره‌ب ده‌لێن : (هاءَ یا رجل) بیگره‌ ئه‌ی پیاو، هه‌مزه‌كه‌ی فه‌تحه‌دار ده‌كه‌ن، و(هاءِ یا امرأة) بیگره‌ ئه‌ی ئافره‌ت بۆ ئافره‌ت هه‌مزه‌كه‌ كه‌سره‌دار ده‌كرێت، و(هاؤما یا رجلان أو امرأتان، وهاؤم یا رجال، وهاؤن یا نسوة) پیتی(م) له‌ وشه‌ی (هاؤم) وه‌ك پیتی میمه‌كه‌ بۆ ئێوه‌ به‌كاردێت، وضه‌مه‌دار كردنیشی وه‌ك ضه‌مه‌دار كانی تره‌ له‌ هه‌ندێ شوێن.

حالهتهكانی پیتی (میم)ی كۆ

پیتی (میمی) كۆ دوو حالهتی ههیه:-

✓ **حالهتی یهكهم:** پیتێكی زهنهداری بهدوادابێت، زۆربهی قاریئهكان ضهممهداری دهكهن بیٚ لكاندن، به شێوهیهك بنچینهی پیتی (میمی) كۆ ضهممهداره، وهك: { وإذ فرقنا بكمُ البحر }، ئهگهر پیتی (ه) بكهوێته پێش پیتی (میمی) كۆ، مهنههجی پێشهوا بهصری له باری نهوهساندا بریتیه له: كهسرهداركردنی پیتی (میمی) كۆو ئهو پیته (ه)ی دهكهوێته پێش میمهكه به دوو مهرج:

➢ **مهرجی یهكهم:** دهبێت له پێش پیتی (ه) كهسره یان (ی)ی زهنهدار هاتبێت.

➢ **مهرجی دووهم:** پیتێكی زهنهدار بكهوێت دوای پیتی (میمی) كۆ، نمونه بۆ ئهو دوو مهرجه:

{ بِـهِمِ الأسباب، عليِهِمِ الأوليان، عليهِمِ الباب، يريهِمِ الله، قلوبِهِمِ العجل، قبلتِهِمِ التي، عليِهِمِ القتال }

بهلاٚم ئهگهر پیتی (ه) نهكهوێته پێش پیتی (م) وئهو پیته هاییێكه كهسرهدارێكی لهپێش بوو یان پیتی (ی) زهنهدار بوو ، لهو كاتهدا پیتی (میمی) كۆ ضهممهدار دهكرێت و پیتی پێش خۆی لهباری خۆیدا دهمینێتهوه، وهك:

{ وأنتمُ الأعلون ، ألهاكمُ التكاثر }.

✓ **حالهتی دووهم:** له دوای پیتی (میمی) كۆ پیتێكی جووڵهداری بهدوادابێت، پێشهوا ئهبو عهمری بهسری هاوڕایه لهگهڵ پێشهوا حهفص لهو بارهیهوه.

بابەتی سەكت

ئەبو عەمری بەسڕی واز لەو سەكتانە دێنێت كە واجبن لەلای حەفص، لەگەڵ خوێندنەوەی بە تێكهەڵكێشانی بۆ بكرێت ئەوەی كە دەگونجێت تێكهەڵكێشانی بۆ بكرێت، ئەوەش ڕویداوە لە:(بَل رَّانَ ، مَن رَّاقٍ)، چونكە مەرجەكانی تێكهەڵكێشان لە هەردووكیاندا هەیە.

جیاوازیەكانی نێوان وەستان و سەكت

1- ماوەی وەستان زیاترە لە ماوەی سەكت.

2- خوێنەر نەفەسێك هەلدەكێشیت لە كاتی وەستاندا، بەڵام سەكت نەفەس هەڵكێشانی تێدا نیە.

3- نەفەس هەڵكێشان دروست نیە تەنها لەڕێگەی گیرانەوە نەبێت، بەڵام وەستان بۆ خوێنەر دروستە لەسەر هەر وشەیەك بیكات بە مەرجێك واتای وشەكە تێك نەدات.

4- دروستە لەباری وەستاندا دووبارە خوێندنەوە بكەیتەوە بەوەی پێش ئەو بابەتەی لەسەری وەستاوە، بەڵام بۆ سەكت ئەمە دروست نیە.

5- وەستان ڕونادات تەنها لەسەر وشە نەبێت، بەڵام سەكت ڕودەدات لەسەر وشە یان پیت.

بابه‌تی (هائی) كینایه

هۆی ناونانی به‌هائی كینایه چونكه ناسناوێكی وه‌رگرتووه ئه‌ویش به‌كارهاتنیه‌تی بۆ كه‌سی سێ یه‌می تاكی نێر (له زمانی عه‌ره‌بی)، وپێشی ده‌گوترێت هائی (الضمیر) ڕاناو ، له زاراوه‌ی قوڕائه‌كان ناسراوه به‌هائی زیاده.

كه ده‌ڵێن هائی زائیده مه‌به‌ستمان هائی بنچینه نیه، واتا هائی ئه‌صڵی ناگرێته‌وه وه‌ك: له سوڕه‌تی شوعه‌را، ئایه‌تی116: ﴿لَئِن لَّمۡ تَنتَهِ يَـٰنُوحُ﴾

كه گوتمان واتای كه‌سی سێ یه‌می تاكی نێر ده‌دات، ئه‌وه ناگرێته‌وه هائێك بۆ تاكی مێ وه‌ك: ﴿ إِلَيۡهَا ﴾ ، ئه‌وه‌ش ناگرێته‌وه كه بۆ دووانه (موثه‌ننا) وه‌ك:﴿عَلَيۡهِمَا ﴾، یان ئه‌وه‌ی بۆ كۆ به‌كارهاتووه وه‌ك: [إِلَيۡهِمۡ، إِلَيۡهِنَّ].

هائی كینایه به‌ناو (اسم) ده‌لكێت، وه‌ك: ﴿ أَجَلِهِۦٓ ﴾، به كاریش (فعل) ده‌لكێت، وه‌ك: ﴿ يُعَلِّمُهُ ﴾، به پیتیش ده‌لكێت، وه‌ك: ﴿ إِلَيۡهِ ﴾.
هائی كینایه له بنچینه‌دا ضه‌ممه‌داره، وه‌ك:(لَهُ)
هائی كینایه كه‌سره‌دار ده‌بێت ئه‌گه‌ر كه‌سره‌ی له پێشدا هاتبوو.
هائی كینایه كه‌سره‌دار ده‌بێت، ئه‌گه‌ر پیتی (ی)ی له پێشدا هاتبوو.

جگه له‌م دوو شوێنه هائی كینایه ضه‌ممه‌دار ده‌بێت له‌به‌ر كاركردن به بنچینه‌ی خۆی، وه‌ك له گێڕانه‌وه‌و ڕیوایه‌تی حه‌فصدا هاتووه له سوڕه‌تی كه‌هف، ئایه‌تی63: ﴿ وَمَآ أَنسَىٰنِيهُ إِلَّا ٱلشَّيۡطَـٰنُ ﴾ وسوڕه‌تی فه‌تح، ئایه‌تی10:﴿ بِمَا عَـٰهَدَ عَلَيۡهُ الله ﴾

پێشه‌وا حه‌مزه سوڕه‌تی طه‌، ئایه‌تی10 وسوڕه‌تی قه‌صه‌ص، ئایه‌تی29 به‌م شێوه ده‌خوێنێته‌وه: ﴿ لِأَهۡلِهُ ٱمۡكُثُوٓاْ ﴾.

حالەتەکانی هائی کینایە

هائی کینایە لە قورئانی پیرۆز چوار باری هەیە، ئەوانیش بریتین لە:

1- بکەوێتە نێوان دوو زەنەدار ، واتا پێش و پاشی ساکین بێت، وەك: { فِيهِ ٱلْقُرْءَانُ ، وَءَاتَيْنَـٰهُ ٱلْإِنجِيلَ ، ءَاتَىٰهُ ٱللَّهُ ٱلْمُلْكَ }.

2- پێشی حەرەکەدار بێت و پاشی سکون بێت، وەك: { قَوْلُهُ ٱلْحَقُّ، لَهُ ٱلْمُلْكُ وَلَهُ ٱلْحَمْدُ ، رَبِّهِ ٱلْأَعْلَىٰ }.

قاریئەکان یەك دەنگن لەسەر ئەوەی کە نابێت لەو دوو بارەدا هائی کینایە بە صیلە بخوێندرێتەوە تا دوو ساکین بەیەکەوە کۆنەبنەوە[(1)].

3- پێش هائەکە زەنەدار بێت و پاشی حەرەکەدار، وەك: { وَشَرَوْهُ بِثَمَنٍ ، خُذُوهُ فَٱعْتِلُوهُ إِلَىٰ سَوَآءِ ٱلْجَحِيمِ، مَا عَقَلُوهُ وَهُمْ }.

کۆ دەنگی زانایان لەسەر ئەوەیە کە لەم شوێنانەدا هائی کینایە بە صیلە ناخوێندرێتەوە، تەنها هەندێکیان نەبێ کە لە هەندێ باردا بە صیلە دەخوێندرێتەوە.

ئەوە نەبێت بەشێکیان جیایان کردۆتەوە، (واتا لە هەندێ کاتدا لکاوی دەکەن) بەلاّم پێشەوا ئەبوعەمری بەسڕی لەم بارەدا بە صیلە دەخوێنێتەوە، دواتریش باسی دەکەین و ئاگاداردەبین لەسەری.

---

(1)تەنها شوێنێك نەبێت، بەززی خوێندویەتیەوە لە ئیبن کثیر **کە هائی کینایەی بە پیتی(و)ی لکاندووەو پیتی(ت)ی دوای هائەکەشی شەدەدار کردووە، وەك:** (تَلَهَّىٰ)**، لە سورەتی ئەعلی، ئایەتی**10 ﴿فَأَنتَ عَنْهُۥ تَّلَهَّىٰ﴾(عبس:15)

4- بكه‌وێته‌ نێوان دوو جووڵه‌ وه‌ك: ﴿ فَأَخۡرَجَ بِهِۦ مِنَ ٱلثَّمَرَٰتِ ﴾.

له‌م باره‌دا هه‌موو قارِیئه‌كان پیتی (هـ)یان لكاندووه‌ به‌ پیتی (و)ی گوتراو (لفظي) ئه‌گه‌ر ضه‌مه‌دار بوو، **ولكاندویانه‌ به‌ پیتی (ی) ئه‌گه‌ر كه‌سره‌دار بوو، ته‌نها له‌ هه‌ندێ باری تایبه‌ت نه‌بێت.**



حوكمی هائی كینایه لای بهسرِی

بهسرِی لهكاتی خوێندنهوهدا هائی كینایهی به وشه لكاندووه، ئهگهر ئهم هائه كهوتبێته نێوان دوو جووڵهدار، جیاوازی نێوان بهسرِی و حهفص له بابهتی هائی كینایه كورتكراوتهوه بهم شێوه:

أ- بهسرِی به زهنهداركردنی پیتی (هـ) دهخوێنێتهوه بیٚ لكاندن لهم وشانهی خوارهوه:

1- { يُؤَدِّهِۦٓ إِلَيۡكَ } بهیهكهوه ، له سورهتی ئالی عیمران ، ئایهتی75 بهم شێوه:
[يُؤَدِّهِ إِلَيْكَ].

2- { نُؤۡتِهِۦ مِنۡهَا } له سورهتی ئالی عیمران، ئایهتی20 بهم شێوه: [نُؤْتِهِ مِنْهَا]

3- { وَيَتَّقۡهِ فَأُوْلَٰٓئِكَ } له سورهتی نور ، ئایهتی52 لهگهڵ تێبینی ئهوهی بهسرِی به كهسرهداركردنی پیتی (ق) دهخوێنێتهوه لهم بابهته بهههمان شێوه، وهك: { وَيَتَّقِهِ فَأُوْلَٰٓئِكَ}.

4- { نُوَلِّهِۦ مَا تَوَلَّىٰ وَنُصۡلِهِۦ جَهَنَّمَۖ } له سورهتی نیساء، ئایهتی115 بهم شێوه:
[نُوَلِّهِ مَا تَوَلَّىٰ وَنُصْلِهِ جَهَنَّمَ].

ب- بهسرِی دهخوێنێتهوه به لابردنی هائی كینایه له سورهتی زوخروف، ئایهتی71: { وَفِيهَا مَا تَشۡتَهِيهِ ٱلۡأَنفُسُ وَتَلَذُّ ٱلۡأَعۡيُنُۖ } بهم شێوه: [مَا تَشْتَهِي ٱلۡأَنفُسُ][1].

ت- بهسرِی پیتی (هـ)ی كینایه به ضهممه دهخوێنێتهوه، لهگهڵ لكاندنی به پیتی (و)ی گوتراو، له سورهتی طهلاق، ئایهتی3: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ بَٰلِغُ أَمۡرِهِۦ﴾ بهم شێوهیه:

[1] لابردنی پیتی(ی) لهباری نهوهستاندا بههۆی گهیشتنه دوو زهنهدار.

[بَٰلِغُۢ أَمۡرَهُۥ] (1).

ث- بەسری پیتی (هـ)ی کینایە بە کەسرە دەخوێنێتەوە لەگەڵ لکاندنی بە پیتی (ی)ی گوتراو، لە سورەتی ئەنعام، ئایەتی124: { ٱللَّهُ أَعۡلَمُ حَيۡثُ يَجۡعَلُ رِسَالَتَهُۥۗ سَيُصِيبُ } بەم شێوەیە: [رِسَالَٰتِهِۦۗ](2).

ج- بەسری وشەکانی: ﴿ أَرۡجِهۡ وَأَخَاهُ ﴾ لە سورەتی ئەعراف، ئایەتی111، وسورەتی شوعەرا، ئایەتی36، دەخوێنێتەوە بە ضەممەدارکردنی پیتی (هـ) بێ لکاندن لەگەڵ زیاد کردنی هەمزەی پێش زەنەدار بەم شێوەی: { أَرۡجِئۡهُ وَأَخَاهُ }، گۆڕینی تێدا نیە لای سوسی.

ح- بەسری پیتی (هـ) بە کەسرە دەخوێنێتەوە لە دوو شوێن:

1- سورەتی کەهف، ئایەتی63: { وَمَآ أَنسَىٰنِيهُ إِلَّا ٱلشَّيۡطَٰنُ } بەم شێوە: [وَمَآ أَنسَىٰنِيهِ إِلَّا ٱلشَّيۡطَٰنُ].

2- سورەتی فەتح، ئایەتی10: { وَمَنۡ أَوۡفَىٰ بِمَا عَٰهَدَ عَلَيۡهُ ٱللَّهَ } بەم شێوە: [وَمَنۡ أَوۡفَىٰ بِمَا عَٰهَدَ عَلَيۡهِ ٱللَّهَ]، لاوازکردنی پیتی (ل) دەردەکەوێت لە وشەی الله چونکە کەسرەی لەپێشدا هاتووە.

خ- بەسری پیتی (هـ) بەبێ صیلە لە سورەتی فورقان، ئایەتی69 دەخوێنێتەوە: { وَيَخۡلُدۡ فِيهِۦ مُهَانًا } بەم شێوە: [فِيهِ مُهَانًا].

---

(1) بەسری ئەم شوێنەی خوێندۆتەوە بە تەنوینی پیتی(غ)و فەتحەدار کردنی پیتی(ر) لێرەدا پێویستە پیتی(هـ)ی کینایە ضەممەداربکرێت، بەهۆی فەتحەدار کردنی پیتی(ر)

(2) بەسری ئەم شوێنەی خوێندۆتەوە بە کۆ، واتا کەسرەدارکردنی پیتی(ت) و (هـ) و زیاد کردنی ئەلیف لە دوای پیتی (ل) لەسەر ئەوە دروست دەبێت کەسەردارکردنی هائی کینایە بەهۆی کەسرەدار کردنی پیت (ت)

د- بەسڕی هائی کینایە دەگۆڕێت بە پیتی (ت)ی بەکارهاتوو بۆ مێ بە نەصب لە سورەتی یسراء، ئایەتی38: { كُلُّ ذَٰلِكَ كَانَ سَيِّئُهُۥ عِندَ رَبِّكَ مَكْرُوهًا } **بەم شێوە:** [سَيِّئَةً][1]

ذ- بەسڕی هائی کینایە بە ضەممە دەخوێنێتەوە لەگەڵ لکاندنی بە پیتی (و)ی گوتراو لە سورەتی زوخرۆف، ئایەتی88: { وَقِيلِهِۦ يَٰرَبِّ } **بەم شێوە:** [وَقِيلَهُۥ][2]

ر- بەسڕی هائی کینایە بە ضەممە دەخوێنێتەوە لەگەڵ لکاندنی بە پیتی (و)ی گوتراو لە سورەتی صەف، ئایەتی8: { وَٱللَّهُ مُتِمُّ نُورِهِۦ وَلَوْ كَرِهَ ٱلْكَٰفِرُونَ } **بەم شێوە:** [مُتِمٌّ نُورَهُۥ][3]

ز- بەسڕی هائی کینایە بە کەسرە دەخوێنێتەوە لەگەڵ لکاندنی بە پیتی (ی)ی گوتراو لە سورەتی موزەمیل، ئایەتی20: { أَدْنَىٰ مِن ثُلُثَيِ ٱلَّيْلِ وَنِصْفَهُۥ } **بەم شێوە:** [وَنِصْفِهِۦ][4]

س- سوسی پیتی (ه) بە زەنە دەخوێنێتەوە بێ لکاندن لە سورەتی طە، ئایەتی75: { وَمَن يَأْتِهِۦ مُؤْمِنًا } **بەم شێوە:** [يَاتِهْ مُومِنًا][1]. **بەڵام دووری بە کەسرە دەخوێنێتەوە لەگەڵ لکاندن وەك حەفص.**

---

[1] **هەمزە فەتحەدار دەبێت.**

[2] **بەسڕی بە فەتحەدارکردنی پیتی (ل) دەخوێنێتەوە، دروست دەبێت لەسەر ئەمە ضەممەدارکردنی هائی کینایە بەهۆی فەتحەدارکردنی پیتی (ل)**

[3] **بەسری ئەم شوێنە بە تەنوینی ضەممەی پیتی (م) و فەتحەی پیتی (ر) دەخوێنێتەوە، دروست دەبێت لەسەر ئەمە ضەممەدارکردنی هائی کینایە بەهۆی فەتحەدارکردنی پیتی (ر)و قەڵەو کردنی پیتی (ر)و تێکهەڵکێشانیش دەردەکەوێت.**

[4] **بەسری ئەم شوێنە بە کەسرەدارکردنی پیتی (ف) و پیتی (ه) دەخوێنێتەوە، دروست دەبێت لەسەر ئەمە کەسرەدارکردنی هائی کینایە بەهۆی کەسرەی پیتی (ف)**

ش- **به‌سڕی پیتی (ه) زه‌نه‌دار ده‌كات به یه‌ك له خوێندنه‌وه‌كانی له دووری له سوره‌تی زومه‌ڕ، ئایه‌تی7: {وَإِن تَشۡكُرُواْ يَرۡضَهُ لَكُمۡۗ} به‌م شێوه: [يَرۡضَهۡ]، شێوه‌ی تری خوێندنه‌وه‌ی دووری ضـه‌ممه‌داركردنه بیّ لكاندن به‌م شێوه: [يَرۡضَهُو].**

تێبینی1:

پێشه‌وا به‌سڕی هاوڕایه له‌گه‌ڵ پێشه‌وا حه‌فص له سوره‌تی نه‌مل، ئایه‌تی28 { فألقهْ إليهم } واتا خوێندنه‌وه‌ی پیتی (ه) بیّ لكاندن.

تێبینی 2:

ئه‌گه‌ر هائی كینایه له‌دوای وشه‌یه‌ك هات سه‌ره‌تای وشه‌كه به پیتی (ه) ده‌ستی پێكردبوو، وه‌ك:(إنه هو) ئه‌وه پێشه‌وا سوسی لكاندن بۆ ئه‌م پیته هائه ناكات چونكه بڕیاری ئه‌م جۆره لای ئه‌و تێكهه‌ڵكێشانه، ئه‌وه‌ش باس ده‌كرێت له بابه‌تی تێكهه‌ڵكێشاندا.

---

[1]سوسی له وشه‌ی [يَاتِهِۦٓ]، هه‌مزه ده‌گۆڕێت به ئه‌لیف، دواتر هه‌مزه ده‌گۆڕێت به پیتی (و) له وشه‌ی[مُومِنًا].

بابەتی هائی ڕاناو

پێشەوا بەسڕی ڕاناوی کەسی سێیەم زەنەدار دەکات واتە پیتی(هـ) بە زەنە دەخوێنێتەوە ئەگەر بکەوێتە دوای پیتی (و)یان پیتی (ف)یان پیتی (ل)ی زیادە وەك:
{ وهْو، وهْي، فهْو، فهْي، لهْو، لهْي }.

بەڵام ئەگەر بکەوێتە دوای (ثم)، ئەوەش نەهاتووە تەنها لە سوڕەتی قەصەص، ئایەتی61 نەبێت:(ثم هُو) لەسەر ضـەممەی پیتی (هـ) وەکو خۆی دەمینێتەوە وەك – حەفص –.

بابەتی
ئەحکامی نونی ساکین و تەنوین

ئەم بابەتە بەگشتی یەکسانە لەگەڵ ئەحکامی پێشەوا حەفص تەنها لەیەك شوێن نەبێت ، ئەویش پێشەوا بەسڕی تێکهەڵکێشانی کردووە بۆ پیتی (ن) لەگەڵ پیتی (ر) لە سوڕەتی قیامە، ئایەتی27: ﴿ وَقِيلَ مَنْۜ رَاقٍ ﴾ چونکە لێرەدا زەنەداری ناکات ، ئەمەش پێچەوانەی پێشەوا حەفصە.

بابەتی
(درێژکردنەوە) و (کورت کردنەوە)

بابەتی درێژکردنەوەو کورت کردنەوە لە بابەتە گرنگەکانی ئەحکامی تەجویدە، چونکە قورئانی پیرۆز بە دوو شت جیاکراوتەوە لە زمانی عەرەبی، ئەویش بریتین لە:
یەکەم: مینگە (غونە) دووەم: درێژکردنەوە.

ڕەنگە بنچینەی درێژکردنەوە لەم فەرمودە وەرگیرابێت کە پێشەوا بوخاری (ڕەحمەتی خودای لەسەر بێت) باسی کردووە لە صەحیحەکەی خۆیدا لە قەتادە (ڕەزای خودای لەسەر بێت) دەگێڕێتەوە کە ئەو پرسیاری لە ئەنەسی کوڕی مالیك کردووە (ڕەزای خودای لەسەر بێت) دەربارەی خوێندنەوەی پێغەمبەر (ﷺ) فەرموی: پێغەمبەر (ﷺ) درێژکردنەوەی ئەنجام دەدا لەو شوێنەی کە پێویستی بە درێژکردنەوە دەبو.

لە ڕیوایەتێکی تر هاتووە کە پێغەمبەر (ﷺ) درێژکردنەوەی ئەنجام دەدا بە دەنگەکەی خۆی، وەهەروها پێشەوا سیوطی باسی کردووە لە کتێبەکەی خۆی بەناوی (الدر المنثور)و ئەلبانی بەڕاستی زانیوە کە: پیاوێك ئایەتی60ی سورەتی تەوبە ﴿ إِنَّمَا ٱلصَّدَقَٰتُ لِلۡفُقَرَآءِ وَٱلۡمَسَٰكِينِ ﴾ خوێندەوە بێ درێژکردنەوە، ئیبن مەسعود (ڕەزای خودای لەسەر بێت) فەرموی پێغەمبەر (ﷺ) بەم شێوازە نەیخوێندۆتەوە، پیاوەکەش وتی ئەی چۆن بەسەرتانی دەخوێندەوە ئەی باوکی عەبدوڕەحمان؟ فەرمووی بەم شێوە دەیخوێندەوە: ﴿ إِنَّمَا ٱلصَّدَقَٰتُ لِلۡفُقَرَآءِ وَٱلۡمَسَٰكِينِ ﴾ واتا بە شێوەی درێژکردنەوە، مەبەستی ئیبن مەسعود واتا ڕازی نەبو کە پیاوەکە بەبێ درێژکردنەوە ئایەتەکە بخوێنێتەوە.

جیاوازی له نێوان حەفص و بەسڕی له بابەتی درێژکردنەوەو کورت کردنەوە لەم خالانەی خوارەوە خۆی دەبینێتەوە:

1- درێژکردنەوەی پێویستی لکاو:-

بریتیە لەوەی کە بە دوای پیتی درێژکردنەوە هەمزە بێت لە یەك وشە وەك: { السماء، جاء ، الملائكة، قروء }، بەسڕی بە درێژکردنەوەی چوار جووڵە دەخوێنێتەوە وهیچ خوێندنەوەیەکی تری نی یە.

2- درێژکردنەوەی دروستی نەلکاو:-

بریتیە لەوەی کە پیتی درێژکردنەوە بکەوێتە کۆتایی وشەو هەمزەش بکەوێتە سەرەتای ئەو وشەی بەدوای دادێت، وەك: { إلا أن ، قولوا آمنا ، إنا أعطيناك }، بەسڕی بە یەك لە خوێندنەوەکانی لە دووری بە درێژکردنەوەی دوو جووڵە دەخوێنێتەوە، شێوەی دووەم دووری خوێندەوەی چوار جووڵەیە، بەلاَم خوێندنەوەی دوو جووڵە پێش دەخرێت، واتا دووری و سوسی هاوبەشن لە درێژکردنەوەی دوو جووڵە بەلاَم دووری خوێندنەوەی چوار جووڵەش زیاد دەکات.

3- درێژکردنەوەی پێویست(لازم):-

بریتیە لەوەی کە بەدوای پیتی درێژکردنەوە یان پیتی نەرم (لەین) پیتێکی زەنەداربێت زەنەیەکی پێویست لەباری وەستان و نەوەستاندا لە یەك وشە یان پیتێك بێت لە پیتەکانی سەرتاو دەسپێکی سورەتەکان وەك: { الحاقَّة، أتحاجُّونِّي، ص، ن، ق }، قاریئەکان هاوڕان لەسەر درێژکردنەوەیەکی تەواو واتا درێژکردنەوە بە ئەندازەی شەش جووڵە تەنها پیتی (ع) نەبێت لە سەرتای دەسپێکی سورەتی مەریەم و سورەتی شورا، بەسڕی لەم بابەتەدا درێژکردنەوەی چوار یان شەش جووڵە ئەنجام دەدات وەك حەفص.

تێبینی:

هەندێ وشە هەیە لای پێشەوا ئەبو عەمری بەسڕی درێژكردنەوەی پێویستە لە وشەدا پێچەوانەی پێشەوا حەفص ی كردووە، وەك: { والٰئي } لە یەك لە شێوەكانی باری وەستاندا لە سوڕەتی قەصەص، ئایەتی32 وەك: { فذانِّك } هەر یەك لەوانە لە بابەتی خۆیدا باس دەكرێن.



بابه‌تی هه‌مزه‌ی تاك

پیتی هه‌مزه به شێوه‌یه‌كی گشتی دوو جۆری هه‌یه:

یه‌كه‌م: پیتی هه‌مزه له یه‌ك وشه‌دا دێت، جیاوازیشی نیه ئه‌و پیته هه‌مزه تاكه یان به‌رانبه‌ر هه‌مزه‌یه‌كی تره، ئه‌گه‌ر پیتی هه‌مزه به‌ته‌نها بوو یان ده‌بێته زه‌نه‌دار یان ده‌بێته جووڵه‌دار.

دووه‌م: پیتی هه‌مزه بكه‌وێته دوو وشه‌ی به‌دوای یه‌كهاتوو.

هه‌مزه‌ی تاك

مه‌به‌ست له پیتی هه‌مزه‌ی تاك: واته ئه‌و هه‌مزه‌ی كه هاووێنه‌ی خۆی له‌گه‌ڵیدا نه‌بێت، ئه‌وه‌ش یان زه‌نه‌دار ده‌بێت یان جووڵه‌دار.

هه‌مزه‌ی تـاك ی زه‌نه‌دار[1].

پێشه‌وا سوسی هه‌موو هه‌مزه‌یه‌كی زه‌نه‌دار ده‌گۆڕێت به پیتی درێژكردنه‌وه له ڕه‌گه‌زی جووڵه‌ی پێشه‌خۆی جیاوازیش نیه ببێته فائی فیعلی وشه وه‌ك: [يُؤۡمِنُونَ، مَأۡمُونِ، تَأۡلَمُونَ، وَأۡمُرۡ، ٱلَّذِى ٱؤۡتُمِنَ، ٱلسَّمَٰوَٰتِ ٱئۡتُونِى، ٱلۡهُدَى ٱئۡتِنَا، لِقَآءَنَا ٱئۡتِ يَٰصَٰلِحُ ٱئۡتِنَا، فِرۡعَوۡنُ ٱئۡتُونِى] یان ببێته عه‌ینی فیعلی وشه وه‌ك: [ٱلرَّأۡسُ، كَأۡسٍ، لُؤۡلُؤٌ، وَبِئۡرٍ، سُؤۡلَكَ بِئۡسَ، بَأۡسُنَا، ٱلذِّئۡبُ] یان ده‌بێته پیتی لامی فیعل وه‌ك: [ذَرَأۡنَا، جِئۡنَا، شِئۡنَا].

---

[1] نیشانه‌ی هه‌مزه‌ی تاك ی زه‌نه‌دار له قورئانی پیرۆز ده‌بێت یه‌ك له‌م حه‌وت پیتانه‌ی له پێش بێت كه بریتیه له (من آتوفی).

ئهگهر ههمزه له دوای فهتحه هات (يَأت ، تَألمون ، الرَأس ، ذرَأنا) دهگۆڕدرێت به ئهليف وهك: { يَاتِ، تَالَمُونَ ، ٱلرَّاسُ ، ذَرَانَا }،

ئهگهر ههمزه له دوای ضهممه هات دهگۆڕدرێت به پیتی (و) وهك: { يُومِنُونَ، مُّوصَدَةٌۢ، سُولَكَ }، ئهگهر ههمزه لهدوای كهسره هات (ائت ، جئنا) دهگۆڕدرێت به پیتی (ی) وهك: { ٱيتِ جِينَا }.

ههمزه ناگۆڕدرێت ئهگهر ببێته پیتی لامی وشه تهنها له كاری ڕابردو (ماضی نهبێت ، گۆڕینیش نیه له (مضارع) مهجزوم و كاری داخوازی (فعل الامر).

كهواتا پێویسته له گۆڕینی ئهو ههمزهی دهبێته لامی وشه زهنهدارێكی مهجزوم و كاری ڕانهبردوو مهبنی فیعلی ئهمر نهبێت.

ئاگاداركردنهوه:-

لای سوسی له كاتی گۆڕینی ئهو ههمزهی كه تهنهایهو ههمزهی تری لهگهڵ نیه وهك:(ٱلَّذِي ٱؤۡتُمِنَ) دهخوێنێتهوه به(ٱلَّذِ يتُمِنَ)، لهو كاتهدا ئهو پیته یائهی لێرهدا دهردهكهوێت:(الذي) ئهو یائه نیه كه لابردراوه لهباری نهوهستاندا بههۆی گهیشتنه دوو زهنهدار، بهلكو ئهو پیته یائه یائی گۆڕدراوه، وهروها لهكاتی گۆڕینی ههمزه وهك:(ٱلۡهُدَى ٱئۡتِنَاۗ) دهخوێندرێتهوه به(ٱلۡهُدَ اتِنَاۗ)، لێرهدا ئهو ئهليفهی دهردهبڕدرێت ئهو ئهليفه نیه كه له وشهی(الهدى) دا ههیه چونكه ئهو لابردراوه لهباری نهوهستاندا به هۆی گهیشتنه دوو زهنهدار، بهلكو ئهوه ئهليفی گۆڕدراوه، هاووێنهی ئهوهش ڕویداوه(يَٰصَٰلِحُ ٱئۡتِنَا) كه دهخوێندرێتهوه به(يَٰصَٰلِحُ وتِنَا).

سوسی له گۆڕینی وشەی تایبەت هەمزەی زەنەدار جیادەكاتەوە، وپێنج بنچینەی جیاكراوه هەیە:

- زەنه ببێته نیشانەی جەزم، وله كاری ڕانەبردوو بێته دی كه هەمزەی زەنەدار بكەوێته كۆتایی، ئەوەش له شەش شوێن هەیه بەم شێوە: { أَوۡ نَنسَأۡهَا[1]، حَسَنَةٌ تَسُؤۡهُمۡ[2]، إِن نَّشَأۡ[3]، يَشَأۡ[4]، وَيُهَيِّئۡ[5]، أَمۡ لَمۡ يُنَبَّأۡ[6]. }.
- زەنه ببێته نیشانەی دامەزراندنی كاری داخوازی (فعل أمر) ئەوەش له: { يَـٰٓـَٔادَمُ أَنۢبِئۡهُم[7]، نَبِّئۡنَا[8]، نَبِّئۡ[9]، وَنَبِّئۡهُمۡ[10]، ٱقۡرَأۡ[11]، وَهَيِّئۡ[12]، أَرۡجِئۡهُ[13]. }.

---

[1] بەسری ئەم وشه دەخوێنێتەوه له سوڕەتی بەقەرە، ئایەتی106، { مَا نَنسَخۡ مِنۡ ءَايَـةٍ أَوۡ نُنسِهَا } به فەتحەداركردنی پیتی (ن) له فیعلی موضاریع و پیتی (س) و ئەو هەمزەی زەنەدارەی دەكەوێته دوای ئەو .

[2] ئەو وشه هاتووه له سوڕەتی ئالی عیمران، ئایەتی 120، و سوڕەتی تەوبە، ئایەتی 50.

[3] ئەو وشه هاتووه له سوڕەتی شوعەرا، ئایەتی 4، و سوڕەتی سەبەء، ئایەتی 9. و سوڕەتی یاسین، ئایەتی 43.

[4] ئەو وشه له ده شوێن هاتووه له قورئانی پیرۆز وەك: { إِن يَشَأۡ يُذۡهِبۡكُمۡ } سوڕەتی نیساء، ئایەتی 133

[5] ئەو وشه هاتووه له سوڕەتی كەهف، ئایەتی 16،

[6] ئەو وشه هاتووه له سوڕەتی نەجم، ئایەتی 36،

[7] ئەو وشه هاتووه له سوڕەتی بەقەرە، ئایەتی 33،

[8] ئەو وشه هاتووه له سوڕەتی یوسف، ئایەتی 36،

[9] ئەو وشه هاتووه له سوڕەتی حیجر، ئایەتی 49،

[10] ئەو وشه هاتووه له سوڕەتی حیجر، ئایەتی 51، و سوڕەتی قەمەر، ئایەتی 28،

[11] ئەو وشه هاتووه له سوڕەتی ئیسراء، ئایەتی 14، و سوڕەتی عەلەق، ئایەتی 1-3،

[12] ئەو وشه هاتووه له سوڕەتی كەهف، ئایەتی 10،

[13] بەسری ئەم وشه دەخوێنێتەوه له سوڕەتی شوعەرا، ئایەتی36، { قَالُوٓاْ أَرۡجِهۡ وَأَخَاهُ } به هەمزەی زەنەدار پێش پیتی (ه)

- **ئەوەی هەمزەکەی ئاسانترە لە گۆڕینی وەك: { وَتُـْٔوِىٓ إِلَيۡكَ } سورەتی ئەحزاب، ئایەتی51 وسورەتی مەعارج ، ئایەتی13: { ٱلَّتِى تُـْٔوِيهِ } چونکە ئەگەر بیگۆڕین قورستر دەبێت لە هەمزە ئەوەیش کۆبونەوەی دوو پیتە واوە لەسەر یەکێکیان کەسرە هەیە.**

- **گۆڕینی دەبێتە هۆی دەرچوون لە شێوەزارێك بۆ شێوەزارێکی تری زمان وەك: وشەی { مُّؤۡصَدَةُۢ } سورەتی بەلەد، ئایەتی20 وسورەتی هومەزە، ئایەتی8، چونکە ئەگەر بیگۆڕێنەوە ئەوە هاووێنە پەیدا دەکات لەگەڵ وشەی** (أوصدت) **ئەوەی کە هەمزەی هیچ بنچینەیەکی نیە ، بەلکو لە وشەی** (آصدتُ) **وەرگیراوە.**

- **ئەوەی گۆڕینی تێکەڵبوون پەیدا دەکات لەگەڵ وشەی تر لەڕوی ماناوە وەك: { أَثَـٰثًا وَرِءۡيًا } سورەتی مەریەم، ئایەتی74، چونکە ئەگەر بیگۆڕینەوە دەبێتە واتای خواردنەوە** (الشرب)

دەربارەی وشەی تايبەت بەم شێوەیە :

وشەی { بَارِئِكُمْ } بەيەكەوە لە سورەتی بەقەرە، ئايەتی54 بەشێوەيەك هەمزەی زەنەدار دەبێت لە بنچينەی گێرانەوەی.

ئەوەی لە ڕابردوو باس كرا شاطبی **كۆيكردۆتەوە لەم پارچە هونراوە:**

217: تَسُؤْ وَنَشَأْ سِتٌّ وَعَشْرُ يَشَأْ وَمَعْ يُهَيِّئْ وَنَنْسَأْهَا يُنَبَّأْ تَكَمَّلَا
218: وَهَيِّئْ وَأَنْبِئْهُمْ وَنَبِّئْ بِأَرْبَعٍ وَأَرْجِئْ مَعًا وَاقْرَأْ ثَلَاثاً فَحَصِّلَا
219: وتُؤْوِي وَتُؤْوِيهِ أَخَفُّ بِهَمْزِهِ وَرِئْيًا بِتَرْكِ الْهَمْزِ يُشْبِهُ الامْتِلَا
220: وَمُؤْصَدَةٌ أَوْصَدتُّ يُشْبِهُ كُلُّهُ تَخَيَّرَهُ أَهْلُ الأَدَاءِ مُعَلَّلَا
221: وَبَارِئِكُمْ بِالْهَمْزِ حَالَ سُكُونِهِ وَقَالَ ابْنُ غَلْبُونٍ بِيَاءٍ تَبَدَّلَا



وشه‌كانی تایبه‌ت
به به‌سری ده‌رباره‌ی هه‌مزه‌ی تاك

1- به‌سری وشه‌ی (هَآأَنتُمۡ) له هه‌ر شوێنێك بێت له قورئانی پیرۆز وه‌ك له سوره‌تی ئالی عیمران له دوو شوێندا هاتووه ئه‌وانیش ئایه‌ته‌كانی 66 و 119، وله سوره‌تی نیساء ئایه‌تی109 وله سوره‌تی موحه‌ممه‌د ئایه‌تی38 دا هاتووه به‌م شێوه خوێندۆته‌وه:

ئاسانخوێندنه‌وه‌ی هه‌مزه‌و خوێندنه‌وه‌ی ئه‌و ئه‌لیفه‌ی ده‌كه‌وێته دوای پیتی (هـ) به‌م شێوه: ﴿ هَـآأنتُم ﴾، له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌ی هه‌مزه ئاسان خوێندنه‌وه‌ی بۆ كراوه، درێژكردنه‌وه لێره‌دا ده‌چێته بابه‌تی درێژكردنه‌وه‌ی پچڕاو، لای سوسی درێژكردنه‌وه‌ی دوو جووڵه دیاری ده‌كرێت، ولای دووری دروسته درێژكردنه‌وه‌ی چوار یان دوو جووڵه، ئه‌وه‌ش باری خوێندنه‌وه‌یه‌تی - واتا دووری - به چوار جووڵه‌ی پچڕاو، ده‌رباره‌ی درێژكردنه‌وه‌ی دوو جووڵه‌ی پچڕاو ته‌نها دوو جووڵه دیاری ده‌كرێت، دروست نیه لای ئه‌و درێژكردنه‌وه‌ی چوار جووڵه بۆ ئه‌لیف(هَـآأنتُم) له‌گه‌ڵ درێژكردنه‌وه‌ی چوار چوڵه‌ی پچڕاو، تا بێهێز زیاد نه‌كرێت به‌سه‌ر به‌هێزدا.

2- به‌سری وشه‌ی { لَا يَلِتۡكُم } له سوره‌تی حوجرات، ئایه‌تی14 ده‌خوێنێته‌وه به هه‌مزه‌ی زه‌نه‌دار له دوای پیتی (ی) به‌م شێوه: { لَا يَـأۡلِتۡكُم }، دوری ده‌یخوێنێته‌وه‌و سوسیش ده‌یگۆڕێت.

3- به‌سری وشه‌ی { أَوۡ نُنسِهَا } له سوره‌تی به‌قه‌ره، ئایه‌تی106 ده‌خوێنێته‌وه به فه‌تحه‌داركردنی پیتی (ن)ی یه‌كه‌م و پیتی (س)و هه‌مزه‌یه‌كی زه‌نه‌دار زیاد ده‌كات له دوای ئه‌و، له‌گه‌ڵ خوێندنه‌وه‌ی به‌م شێوه:(أَوۡ نَنسَـأۡهَا)، سوسی نایگۆڕێت چونكه

جیاکراوتەوە هەر وەك لە پێش دا باس کرا.

4- بەسری وشەی { تُرۡجِي مَن تَشَآءُ } لە سورەتی ئەحزاب، ئایەتی51 دەخوێنێتەوە بە زیاد کردنی هەمزەی ضەممەدار لە دوای پیتی (ج) لە بری پیتی (ى) بەم شێوە:(تُرۡجِئُ)، سوسی نایگۆڕێت بەهۆی وەستانی زەنە.

5- بەسری وشەی { وَءَاخَرُونَ مُرۡجَوۡنَ لِأَمۡرِ ٱللَّهِ } لە سورەتی تەوبە، ئایەتی106 دەخوێنێتەوە بە زیاد کردنی هەمزەی ضەممەدار لە دوای پیتی (ج) لە دوای ئەو پیتی (و)ی درێژکراو بەم شێوە:(مُرۡجَئُون).

6- بەسری وشەی { يَأۡجُوجَ وَمَأۡجُوجَ }، لە سورەتی کەهف، ئایەتی96 وسورەتی ئەنبیاء، ئایەتی96 دەخوێنێتەوە بە گۆڕینی هەمزە بە ئەلیف بەم شێوە: { يَاجُوجَ وَمَاجُوجَ }.

7- بەسری وشەی { زَكَرِيَّا } لە هەر شوێنێك بێت دەخوێنێتەوە بە هەمزە لە دوای ئەلیف لەگەڵ درێژکردنەوەی لکاو وجووڵەدارکردنی بە پێی شوێنەکەی لە ئیعرابدا بەم شێوە:(زَكَرِيَّاء).

8-بەسری وشەی (رَءُوفٌ) لە هەر شوێنێك بێت دەخوێنێتەوە بە لابردنی پیتی (و) بێ درێژکردنەوە بەم شێوە: { رَؤُفٌ }.

9-بەسری وشەی ﴿ ٱلَّٰٓـِٔي ﴾ لە سورەتی ئەحزاب ، ئایەتی4 وسورەتی موجادەلە ئایەتی2 و سورەتی طەلاق ئایەتی4 بە شێوەیەك خوێندویەتیەوە کەپیتی (ى)ی لابردووە ، ئەو پیتە یائەی کە لەدوای هەمزەدا هاتووە، بەم شێوە: (ٱلَّآء)، لەپاشان

دوو خوێندنەوە بۆ هەمزەکە دروست دەبێت جیاوازیشی نیە لە باری وەستان یان نەوەستان بێت:

خوێندنەوەی یەکەم:


ئاسان خوێندنەوەی هەمزە لە نێوان واتا (بين بين) ئەوەشیان پێش دەکەوێت، ئەو پیتە ئەلیفەی دەکەوێتە پێش هەمزەکە دوو شێوەی بۆ هەیە:

- درێژکردنەوەی چوار جوولە ئەوەشیان پێش دەکەوێت.
- درێژکردنەوەی دوو جوولە.

خوێندنەوەی دوووەم:

گۆڕینی هەمزە بە پیتی (ی) زەنەدار لەگەڵ درێژکردنەوەی شەش جوولە لەو ئەلیفەی دەکەوێتە پێش هەمزەکەی بەهۆی گەیشتنە دوو زەنە.

لەباری نەوستاندا ئاسان خوێندنەوە بۆ هەمزە دەکرێت بە ڕوم لەگەڵ درێژکردنەوەی چوار یان دوو جوولە، هەروەك هەمزەی ئاسانکراو دەکەوێتە نێوان هەمزەو پیتی (ی)



10- ەسڕی هەمزە دەگۆڕێت بە ئەلیف ئەوەش لە باری وەستان و نەوەستاندا لە وشەی:

{ مِنسَأَتَهُۥ } سورەتی سەبەء، ئایەتی14 بەم شێوە: (مِنسَاتَهُۥ).

11- بەسڕی هەمزە دەگۆڕێت بە پیتی (ی)ی فەتحەدار لە سورەتی مەریەم، ئایەتی19 بەم

شێوە: { لِأَهَبَ } بەم شێوە: (لِيَهَبَ).

12- بەسڕی هەمزە لادەبات لە وشەی (يُضَٰهِـُٔونَ) لە سورەتی تەوبە، ئایەتی30

{ يُضَٰهِـُٔونَ قَوْلَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ مِن قَبْلُ } ئەم وشە دەخوێنێتەوە بەضەممەدارکردنی پیتی (ه) بەبێ هەمزە بەم شێوە: { يُضَٰهُونَ }(1).

13- بەسڕی وشەی { هُزُوًا } لە هەر شوێنێك بێت، دەخوێنێتەوە بە هەمزەی پیتی (و) ، بەم شێوە:(هُزُؤاً).

14- بەسڕی وشەی { كُفُوًا } لە سورەتی ئیخلاص، ئایەتی4 دەخوێنێتەوە بە هەمزەی پیتی (و) بەم شێوە: (كُفُؤاً).

---

(1)ڕای جمهوی قاریئەکان لەسەر ئەوەیە کە وشەی (يُضَٰهُونَ)، بەبی هەمزە بخوێندرێتەوە، واتا پیتی(ه) تەنها .

ضەممەی لەسەر بێت، بنچینەی ئەم وشە (ضاهی) یە، بەڵام پیتی ئەلیف گواستراوتەوە بۆ پیتی(ی) و دواتر لابردراوە لە پێناو پیتی(و) وا پێدەچێت کە ئەوەش خوێندنەوەیەك بێت لە وشەی (ضاهی) ئەم وشەیە وەرنەگیراوە لە وتەی عەرەبیدا کە دەڵێن (امرأة ضهياء) چونکە پیتی(ی) ئەکە بنچینەی خۆیەتی و پیتی هەمزەکەش زیادەیە، وناکرێت پیتی(ی) زیادەبێت چونکە لە ڕستەکەدا وشەی (فعیل) ی فەتحەداری فائی تێدا نیە. (عەبدوالله ی عەکبەری، إملاء ما مَنَّ به الرحمن من وجوه الإعراب والقراءات،(بەیروت، دار الكتب العلمية، بەرگی2، 1389ك) لاپەڕە 14).

15- بهسری وشهی(بَـادِیَ) له سورهتی هود، ئایهتی27 دهخوێنێتهوه به ههمزهی فهتحهدار له بری پیتی (ی) بهم شێوه: { بَـادِئَ }.

تێبینی:

پێشهوا بهسری ههمزهی پرسیاری لادهبات له وشهی: { أَتَّخَذۡنَـٰهُمۡ سِخۡرِيًّا أَمۡ زَاغَتۡ عَنۡهُمُ ٱلۡأَبۡصَـٰرُ } له سورهتی صاد، ئایهتی63 بهم شێوه: [ٱتَّخَذۡنَـٰهُمۡ سِخۡرِيًّا أَمۡ]،

له سهرهتادا به ههمزهی لكاوی كهسهردار دهستپێدهكات ، ئهوهیان تاكه شوێنه كه لابردنی تێدا كراوه لهو حهوت شوێنهی كه ههمزهی پرسیاری تێدا دروست بووه لهسهر ههمزهی لكاو.

ڕاهێنان:

لهسهر گریمانهی خوێندنهوهی ئهو ئایهتهی داهاتوو لهسهر یهك نهفهس، ئهم ئایهته دهردهچێت لای پێشهوا بهسری بهپێی یاسای گشتی له شوێن كهوتهی دهرچوونی زانستی قیرائاتدا: { فَلَمَّا قَضَيۡنَا عَلَيۡهِ ٱلۡمَوۡتَ مَا دَلَّهُمۡ عَلَىٰ مَوۡتِهِۦٓ إِلَّا دَآبَّةُ ٱلۡأَرۡضِ تَأۡكُلُ مِنسَأَتَهُۥ } سورهتی سهبهء، ئایهتی14.

بابەتی
دوو هەمزە لە یەك وشەدا

ئەگەر دوو هەمزە لە یەك وشەدا کۆبێتەوە، هەمزەی یەکەم دەبێتە هەمزەی پرسیاری ، وپێویستە بەردەوام فەتحەداربێت، ئەم جۆرە هەمزە دەخوێندرێتەوە لەلای گشت قورائەکان، وهەمزەی دووەم حەرەکەیەك وەردەگرێت : ضـەممە یان فەتحە یان کەسرە.

مەزهەبی پێشەوا بەسری دەربارەی هەمزەی دووەم، بریتیە لە ئاسان خوێندنەوەی هەمزەی دووەم، واتا (تسهيل) لەگەڵ ئیدخالکردنی ئەلیف لەنێوانیان کە فەتحەداربێت یان کەسرەدار وخوێندنەوەی تری نی یە، ئەگەر ضـەممەداربێت بە ئیدخال دەیخوێنێتەوە، ئیدخالیش پێش دەکەوێت لە هەمزەی ضـەممەدار.

واتای ئیدخال: مەبەست لە ئیدخال، جێگیرکردنی لە نێوان دوو هەمزەی پێکەوە لکاو – درێژدەکرێتەوە بە ئەندازەی دوو جووڵە – دەربڕین بە هەمزە بە تەحقیق لە دوای ئەوە ئەلیف ئینجا هەمزەی ئاسانکراو.

کەواتا ئەگەر هەمزەی دووەم فەتحەدار بوو – واتا هەردوو پیتە هەمزەکە فەتحەیان لەسەر بوو – وەك: [ءَأَنذَرۡتَهُمۡ، ءَأَلِدُ] ئەوە لەم کاتەدا هەمزەی دووەم ئاسان دەخوێندرێتەوە لە نێوان هەمزەو ئەلیف دا لەگەڵ ئیدخال، بەم شێوەیە: [ءَأَنذَرۡتَـهُـم، ءَأَلِدُ] .

ئەگەر هەمزەی دووەم کەسرەداربوو وەك: [أَئِـنَّا، أَئِفۡـكًا] ئەوە هەمزەی دووەم ئاسان دەخوێندرێتەوە لە نێوان هەمزەو پیتی (ی) لەگەڵ ئیدخال.

ئەگەر هەمزەی دووەم ضـەممەدار بو، وەك: ﴿ قُلۡ أَؤُنَبِّئُكُم بِخَيۡرٖ مِّن ذَٰلِكُمۡۖ ﴾ لە سورەتی ئالی عیمران، ئایەتی15، وسورەتی ص، ئایەتی8، ﴿أَءُنزِلَ عَلَيۡهِ ٱلذِّكۡرُ مِنۢ

بَيۡنِنَآۚ﴾ وسورەتی قەمەڕ، ئایەتی25، ﴿ أَءُلۡقِيَ ٱلذِّكۡرُ عَلَيۡهِ مِنۢ بَيۡنِنَا ﴾ **ئەمە ش تەنها لەم سێ شوێنەدا هەیە لە قورئانی پیرۆزو شوێنی چوارەمی نیە، هەمزەی دووەم ئاسان دەخوێنێتەوە بەشێوەیەك خوێندنەوەکە لە نێوان هەمزەو پیتی** (و) **بێت لەگەڵ ئیدخال و ئیدخال نەکردنی بەڵام ئیدخال پێش دەکەوێت.**

ئیدخال قەدەغەدەکرێت
لە نێوان دوو هەمزە لەم وشانەی خوارەوە

- **لای بەسڕی ئیدخال ڕێگاپێنەدراوە لەم وشانەدا:** { ءَآلۡـَٰٔنَ، ءَآلذَّكَرَيۡنِ، ءَآللهُ } **جیاوازیشی نیە بە ئاسان بخوێندرێتەوە یان گۆڕینی بۆ بکرێت.**

- **لای بەسڕی ئیدخال قەدەغەیە لەوشەی** (ٱلسِّحۡرُۖ) **لە سورەتی یونس، ئایەتی**81 { مَا جِئۡتُم بِهِ ءَآلسِّحۡرُۖ إِنَّ ٱللَّهَ سَيُبۡطِلُهُۥٓ } **چونکە بەسڕی هەمزەی ئیستیفهام دەخات سەر ئەم وشە بەم شێوەیە:** { ءَآلسِّحۡرُۖ }**، بەمەش هەمزەی ئیستیفهام دەکەوێتە پێش هەمزەی لکاو، لێرەدا دوو شێوە خوێندنەوەی بۆ دروست دەبێت:**

یەکەمیان: گۆڕین ئەوەیان پێش دەکەوێت ، یان ئاسان خوێندنەوە بێ ئیدخال، بەم شێوەش دەکەوێتە ژێر باری بڕیاردان لەسەری بە هەمزەی لکاو وەك ئەم وشانە: (ءَآلذَّكَرَيۡنِ، ءَآلۡـَٰٔنَ، ءَآللَّهُ)**، درێژکردنەوەی دروستی نەلکاویش دەردەکەوێت.**

- **لای بەسڕی ئیدخال ڕێگاپێنەدراوە لە وشەی** { أَئِمَّةَ [1]} **لە پێنج شوێنەکەی خۆی،**

---

[1] **شێوەی گۆڕین وەرناگیرێت، صەفاقسی لە پەرتووکەکەی بەناوی** (غيث النفع) **لە وەڵامدانەوەی جاراللە زمەخشەری دەفەرمویت: دەربارەی بەکارهێنانی پیتی(ی) بە خوێندنەوە دادەنرێت، وەدروستیش نیە دابندرێت، ئەوەی بە خوێندنەوەش ئەژمار بکات ئەوە ئاوازدانەرێکی لەڕێگە**

به شێوەیەك هەمزەی دووەم بە ئاسان دەخوێندرێتەوە بێ ئیدخال بەم شێوە:
{ أَٰئِمَّةَ }.

➢ لای بەسری ئیدخال قەدەغەیە لەوشەی(ءَامَنتُم) لە سورەتی ئەعراف، ئایەتی123 ، وسورەتی طه، ئایەتی71، { قَالَ ءَامَنتُمۡ لَهُۥ قَبۡلَ أَنۡ ءَاذَنَ لَكُمۡ } وسورەتی شوعەرا، ئایەتی49، { قَالَ ءَامَنتُمۡ لَهُۥ قَبۡلَ أَنۡ ءَاذَنَ لَكُمۡ } چونكە بنچینەی ئەو وشە بەم شێوەیە:(أأأمنتم) بە بوونی سێ هەمزە، یەكەم و دووەمی فەتحەدارە سێیەم زەنەدارە گۆڕدراوە بە ئەلیف ئەویش دەبێتە فائی وشە.

➢ بەسری هەمزەی یەكەم دەیخوێنێتەوەو هەمزەی دووەم ئاسان دەكات و هەمزەی سێیەم دەگۆڕێت بەم شێوەیە: { ءَأامَنتُم }، بەڵام قەدەغەكراو دەبێت – هەر وەك لە ڕابردوو .

باس كرا – پیتی ئەلیفی دەچێتە سەر هۆكارەكەشی ئەوەیە تا وشەكە نەبێتە چوار ئەلیفی ، یەكەمیان پرسیاری دووەمیان ئەلیفی جیاكەرەوە سێیەمیان هەمزەی پچڕاو،چوارەمیان گۆڕدراوە لە هەمزە بۆ زەنەدار، ئەوەش دەبێتە زیادە ڕۆیی لە درێژكردنەوەو دەرچوون لە زمانی عەرەب.

دەرچووە، ئیبن جەزەری لە بەرپەرچدانەوەیدا دەفەرموێت: ئەوە زێدەرۆیە لەلایەن ئەوەوە گوتراوە ڕاستیەكەی دروستە هەر سێ شێوە خوێندنەوەی بۆ بكرێت مەبەستمان پێی خوێندنەوەو لە نێوان و پیتی (ی)ی تەواو لەلای عەرەبەكاندا گێڕانەوەكەش بە ڕاست و دروست دادەندرێت هەر وەك باسمان كرد لە ڕابردودا بۆ هەر شێوە خوێندنەوەیەك لە زمانی عەرەبیدا وەردەگیرێت خوا لە هەمووومان زاناترە. بڕوانە: موحەممەدی كوڕی موحەممەدی كوڕی جەزەری، لە بلاوكراوەكانی قیرائاتی عەشرە، لێكۆلینەوەی/ عەلی كوڕی موحەممەدی ضباع،(لە وڵاتی قاهیرە، چاپەمەنی تجاریەی گەورە بەرگی 1، ساڵی چ 1427ی كۆچی لا 380.

- لای بەسڕی ئیدخال قەدەغەیە لە وشەی(ءَأَ ٰلِهَتُنَا) لە سورەتی زوخروف، ئایەتی58، { وَقَالُوٓاْ ءَأَ ٰلِهَتُنَا خَيۡرٌ أَمۡ هُوَۚ } لەم وشەدا سێ هەمزە کۆبویتەوە، یەکەم پرسیاریە، دووەم فەتحەدارە، سێیەم زەنەدارە گۆڕدراوە بە ئەلیف ئەویش فائی فیعلی وشەیە، ئەمە وەکو وشەی پێشووە لە ڕوی حوکمدان لە سەری، کە ئەویش بەسڕی دەخوێنێتەوە بەم شێوەیە: { ءَاۡ ٰلِهَتُنَا }
﴿ وَقَالُوٓاْ ءَأَ ٰلِهَتُنَا خَيۡرٌ أَمۡ هُوَۚ ﴾ .

ئاگادارکردنەوە:

پێشەوا بەسڕی هەمزەی پرسیاری زیاد دەکات لەگەڵ ئیدخال و ئاسان خوێندنەوەی هەمزەی دووەم، لەم وشانەی خوارەوە:

- وشەی {إِنَّكُمۡ لَتَأۡتُونَ ٱلرِّجَالَ شَهۡوَةٗ} لە سورەتی ئەعراف، ئایەتی81، بەم شێوە: {ءَاۡنَّكُمۡ}.
- وشەی { قَالُوٓاْ إِنَّ لَنَا لَأَجۡرًا } لە سورەتی ئەعراف، ئایەتی113، بەم شێوە: { ءَاۡنَّ }.
- وشەی { وَلُوطًا إِذۡ قَالَ لِقَوۡمِهِۦٓ إِنَّكُمۡ لَتَأۡتُونَ ٱلۡفَٰحِشَةَ } لە سورەتی عەنکەبووت، ئایەتی 28، بەم شێوەیە: { ءَاۡنَّكُمۡ }.

بابەتی پرسیاری دووبارە

پرسیاری دووبارە لە قورئانی پیرۆز لە یازدە شوێندا هاتووە، لە نۆ سورەتدا بەم شێوەی خوارەوەیە:

1- **سورەتی ڕەعد، ئایەتی**5: ﴿وَإِن تَعۡجَبۡ فَعَجَبٞ قَوۡلُهُمۡ أَءِذَا كُنَّا تُرَٰبًا أَءِنَّا لَفِي خَلۡقٖ جَدِيدٍۗ﴾ **بەسری دەیخوێنێتەوە بە:** { وَإِن تَعۡجَب فَّعَجَبٌ قَوۡلُهُمۡ أَ۠ءذَا كُنَّا تُرَٰبًا أَ۠ءنَّا لَفِي خَلۡقٖ جَدِيدٍۗ }.

2- **سورەتی** ئیسراء، **ئایەتی**49:
﴿وَقَالُوٓاْ أَءِذَا كُنَّا عِظَٰمٗا وَرُفَٰتًا أَءِنَّا لَمَبۡعُوثُونَ خَلۡقٗا جَدِيدٗا﴾.

3- **سورەتی** ئیسراء، **ئایەتی**98: ﴿وَقَالُوٓاْ أَءِذَا كُنَّا عِظَٰمٗا وَرُفَٰتًا أَءِنَّا لَمَبۡعُوثُونَ خَلۡقٗا جَدِيدٗا﴾.

4- **سورەتی** مؤمنون: **ئایەتی**82: ﴿ قَالُوٓاْ أَءِذَا مِتۡنَا وَكُنَّا تُرَابٗا وَعِظَٰمًا أَءِنَّا لَمَبۡعُوثُونَ ﴾.
بەسری پیتی (م)**ی لە وشەی**(متنا)، **بە** ضە**ممەداری خوێندۆتەوە.**

5- **سورەتی نەمل، ئایەتی**67: ﴿وَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ أَءِذَا كُنَّا تُرَٰبٗا وَءَابَآؤُنَآ أَئِنَّا لَمُخۡرَجُونَ﴾

6- **سورەتی عەنکەبوت، ئایەتی**28 **و** 29: ﴿ وَلُوطًا إِذۡ قَالَ لِقَوۡمِهِۦٓ إِنَّكُمۡ لَتَأۡتُونَ ٱلۡفَٰحِشَةَ مَا سَبَقَكُم بِهَا مِنۡ أَحَدٖ مِّنَ ٱلۡعَٰلَمِينَ ٢٨ أَئِنَّكُمۡ لَتَأۡتُونَ ٱلرِّجَالَ ﴾.
{ وَلُوطًا إِذۡ قَالَ لِقَوۡمِهِۦٓ إِنَّكُمۡ لَتَأۡتُونَ ٱلۡفَٰحِشَةَ مَا سَبَقَكُم بِهَا مِنۡ أَحَدٖ مِّنَ ٱلۡعَٰلَمِينَ ٢٨ أَيِنَّكُمۡ لَتَأۡتُونَ ٱلرِّجَالَ}

بەسری دەخوێنێتەوە بەم شێوەیە:
﴿ وَلُوطًا إِذۡ قَالَ لِقَوۡمِهِۦٓ إِنَّكُمۡ لَتَأۡتُونَ ٱلۡفَٰحِشَةَ مَا سَبَقَكُم بِهَا مِنۡ أَحَدٖ مِّنَ ٱلۡعَٰلَمِينَ ٢٨ أَيِنَّكُمۡ لَتَأۡتُونَ ٱلرِّجَالَ ﴾ هەمزة **لای سوسی زەنەدارە.**

7- سورِهتی سهجده، ئایهتی10: ﴿ وَقَالُوٓاْ أَءِذَا ضَلَلۡنَا فِي ٱلۡأَرۡضِ أَءِنَّا لَفِي خَلۡقٖ جَدِيدِۢ ﴾

8- سورِهتی صافات، ئایهتی16: ﴿ أَءِذَا مِتۡنَا وَكُنَّا تُرَابٗا وَعِظَٰمًا أَءِنَّا لَمَبۡعُوثُونَ ﴾ بهسڕی پیتی میم له وشهی (متنا) به ضهمهداری خوێندۆتهوه.

9- سورِهتی صافات، ئایهتی53: ﴿ أَءِذَا مِتۡنَا وَكُنَّا تُرَابٗا وَعِظَٰمًا أَءِنَّا لَمَدِينُونَ ﴾ بهسڕی پیتی (م) له وشهی (متنا). به ضهمهداری خوێندۆتهوه.

10- سورِهتی واقیعه، ئایهتی47: ﴿ أَءِذَا مِتۡنَا وَكُنَّا تُرَابٗا وَعِظَٰمًا أَءِنَّا لَمَدِينُونَ ﴾ بهسڕی پیتی (م) له وشهی (متنا) به ضهمهداری خوێندۆتهوه.

11- سورِهتی نازیعات، ئایهتی10 و 11: ﴿ يَقُولُونَ أَءِنَّا لَمَرۡدُودُونَ فِي ٱلۡحَافِرَةِ ۝١٠ أَءِذَا كُنَّا عِظَٰمٗا نَّخِرَةٗ ﴾.

مهزههبی بهسڕی
دهربارهی پرسیاری دووباره

بهسڕی ههمزهی پرسیاری دهخوێنێتهوه له وشهی یهكهم و دووهم له گشت ئهو شوێنانهی ڕابردو كه باس كران، ئهوهش ناشاردرێتهوه كه بنچینهی وشهكه ئهوهیه ههمزهی دووهم ئاسایی بخوێندرێتهوه لهگهڵ ئیدخال.

بابەتی دوو هەمزە لە یەك وشدا

پێناسە:

مەبەست لە دوو هەمزە واتا دوو هەمزەی پچڕاوی لێك نزیك لەباری نەوەستاندا کە ڕودەدات لە دوو وشە ، بەشێوەیەك هەمزەی یەکەم دەکەوێتە کۆتایی وشەی یەکەم و هەمزەی دووەم دەکەوێتە سەرەتای وشەی دووەم.

گوتمان لە باری نەوەستاندا:

چونکە لە باری وەستاندا نابێتە دوو هەمزەی لێك نزیك، چونکە وەستان لە سەر هەمزەی یەکەم مەرجی پێك گەیشتنیانی لابردووە.

ئەوەش دوو جۆری هەیە:

یەکەم: دوو هەمزەی هاووێنە لە جووڵە. دووەم: دوو هەمزەی لێك جیا لە جووڵە.

1- دوو هەمزەی یەکسان لە جووڵە

دوو هەمزەی یەکسان لە جووڵە یان فەتحەدارن وەك: ﴿ جَآءَ أَمۡرُنَا، جَآءَ أَحَدُ، جَآءَ أَجَلُهُمۡ، تِلۡقَآءَ أَصۡحَٰبِ ﴾، **یان کەسرەدارن وەك:** ﴿ فِي ٱلسَّمَآءِ إِلَٰهٌ، هَٰٓؤُلَآءِ إِن، ٱلنِّسَآءِ إِلَّا، وَرَآءِ إِسۡحَٰقَ ﴾، **یان ضەممەدارن وەك:** ﴿ أَوۡلِيَآءُ أُوْلَٰٓئِكَ ﴾ **سوڕەتی ئەحقاف، ئایەتی32 شوێنی سێیەمی نیە لە قورئانی پیرۆز.**

بەسری هەمزەی یەکەمی لابردووەو هەمزەی دووەمیش دەخوێنێتەوە، وەبۆی هەیە لە پیتی درێژکردنەوەی پێشوو بۆ هەمزەی یەکەم درێژکردنەوەی دوو جووڵە ئەوەیان پێش دەکەوێت وچوار جووڵە لە دوای ئەمە خوێندنەوەی سوسی بێ خوێندنەوەی تر، وەلە خوێندنەوەی دووری ئەگەر خوێندنەوەی بۆ کرد بە دوو جووڵەی نەلکاو، بەلاّم ئەگەر بۆ خوێندنەوەی دووری درێژکردنەوەی چوار جووڵەی نەلکاو ئەنجام درا ئەوە

ئه‌ندازه‌ی درێژكردنه‌وه لێره‌دا ته‌نها چوار جووڵه‌یه دوو جووڵه‌ی بۆ نیه به‌م شێوه: { جَـآ أَمْرُنَـا، فِي ٱلسَّمَآ إِلَهٌ ، أَوْلِيَآ أُوْلَـٰٓئِكَ }.

راهێنان:

له‌سه‌ر گریمانه‌ی ئه‌م ئایه‌ته‌ی داهاتوو له‌سه‌ر دوو به‌ش:

یه‌كه‌م: وه‌ستان له‌سه‌ر [وأهلك]، **دووه‌م** ده‌ستپێكردن له وشه‌ی [وأهلك]، له‌گه‌ڵ تێبینی درێژكردنه‌وه‌ی نه‌لكاو له‌یه‌كه‌می ئایه‌ته‌كه وه‌هه‌روه‌ها درێژكردنه‌وه‌ی گه‌وره له كۆتایی، ئه‌م ئایه‌ته ده‌رچووه بۆ پێشه‌وا به‌سڕی به پێی یاسای گشتی شوێن كه‌وته له ده‌رچوونی زانستی قیرائاتدا: { حَتَّىٰٓ إِذَا جَـآءَ أَمْرُنَا وَفَارَ ٱلتَّنُّورُ قُلْنَا ٱحْمِلْ فِيهَـا مِن كُلٍّ زَوْجَيْنِ ٱثْنَـيْنِ وَأَهْلَكَ إِلَّا مَن سَبَقَ عَلَيْهِ ٱلْقَوْلُ وَمَنْ ءَامَنَ ۚ وَمَآ ءَامَنَ مَعَهُۥٓ إِلَّا قَلِيلٌ ﴿٤٠﴾ } سوره‌تی هود ، ئایه‌تی40.

2- دوو هه‌مزه‌ی جیاواز له جووڵه

له كاتی كۆبوونه‌وه‌ی دوو هه‌مزه له دوو وشه‌دا، هه‌مزه‌ی یه‌كه‌م یان فه‌تحه‌داره یان كه‌سره‌داره یان ضه‌مه‌داره، وه‌هه‌مزه‌ی دووه‌م یش به‌هه‌مان شێوه یان فه‌تحه یان كه‌سره یان ضه‌مه‌ی وه‌رگرتووه.

كۆی ئه‌م شێوانه‌ی باس كران ده‌بێته نۆ خوێندنه‌وه، سێیان له‌م نۆیه هه‌مزه‌كان هه‌ردووكیان یه‌كسانن له شێوه‌ی جووڵه‌دا، ته‌نها شه‌ش وێنه له نۆ وێنه‌كه ده‌مینێته‌وه، سێیان له‌م نۆ وێنه‌یه له وانه‌كانی ڕابردو باس كران.

سەبارەت بەم شەش وێنەی کە ماوەتەوە، پێنجیان لە قورئانی پیرۆز باس کراون، بەلاّم شەشەمیان لە قورئاندا نەهاتووە، ئەویش بریتیە لەوەی ئەگەر هەمزەی یەکەم کەسرەدار بوو وهەمزەی دووەم ضـەممەداربوو.

ئەوەی لە قورئانی پیرۆز باس کراوە بەم شێوەیە :

هەمزەی یەکەم فەتحەدارە، وهەمزەی دووەم ضـەممەدار یان کەسرەدارە، وەهەمزەی یەکەم ضـەممەی لەسەرە یان کەسەرە، وهەمزەی دووەم فەتحەی وەرگرتووە.

وێنەی پێنجەم بریتیە لەوەی هەمزەی یەکەم ضـەممەدارە هەمزەی دووەم کەسەردار، سەبارەت بە وێنەی شەشەم بریتیە لەوەی هەمزەی یەکەم کەسەردارە هەمزەی دووەم ضـەممەدارە، بەلاّم ئەم وێنەیان نەهاتووە لە قورئانی پیرۆز.

ئەم پینج وێنە دابەش دەبێت بۆ سێ کۆمەڵە:

کۆمەڵەی یەکەم دوو خوێندنەوەی تێدایە.

کۆمەڵەی دووەم بەهەمان شێوەی کۆمەڵەی یەکەم دوو وێنەی تێدایە.

کۆمەڵەی سێیەم تەنها یەك خوێندنەوە لە خۆ دەگرێت.

دەربارەی کۆمەڵەی یەکەم کە دوو خوێندنەوە لە خۆ دەگرێت بەم شێوەیە :

هەمزەی یەکەم فەتحەدارەو هەمزەی دووەمیش کەسرەدارە یان ضـەممەدار.

دەربارەی کۆمەڵەی دووەم ئەم دوو خوێندنەوە کە لەخۆ دەگرێت بەم شێوەیە :

هەمزەی یەکەم ضـەممەدارە یان کەسرەدارە، وەهەمزەی دووەم فەتحەدارە.

دەربارەی کۆمەڵەی سێیەم کە تەنها یەك خوێندنەوە لە خۆ دەگرێت ئەویش بریتیە لەوەی کە هەمزەی یەکەم ضـەممەدارەو هەمزەی دووەمیش کەسرەدار.

مەزهەبی بەسڕی دەربارەی بوونی دوو هەمزەی لەیەكتر جیاواز لە جووڵە لە دوو وشەدا

1. ئەگەر كۆبویەوە دوو هەمزەی لە یەكتر جیا لە جوڵەدا لە دوو وشە، بە شێوەیەك كە هەمزەی یەكەم فەتحەدار بوو، وهەمزەی دووەم كەسرەدار بوو یان ضـەممەدار، ئەوە بەسڕی هەمزەی دووەم ئاسان دەكات (تسهیل). نمونەی هەمزەی یەكەم فەتحەدارو هەمزەی دووەمیش كەسرەدار بێت ئەم وشانەن: [تَفِيٓءَ إِلَىٰٓ ، نَبَأَ إِبۡرَٰهِيمَ]**،نمونەی هەمزەی یەكەم فەتحەدارو هەمزەی دووەمیش ضـەممەدار بێت تەنها لە سوڕەتی** مؤمنون، **ئایەتی**44: [جَآءَ أُمَّةً]. **نمونەی دووەم نەهاتووە لە قورئانی پیرۆز.**

2. ئەگەر هەمزەی یەكەم ضـەممەدار یان كەسرەدار بوو وهەمزەی دووەم فەتحەدار بوو، بەسڕی هەمزەی دووەم دەگۆڕێت بە پیتێكی هاوشێوەی جووڵەی هەمزەی یەكەم، وەك: ﴿ سُوٓءُ أَعۡمَٰلِهِمۡۗ ﴾، ﴿ ٱلۡمَلَأُ أَفۡتُونِي ﴾، ﴿ٱلۡعَدَٰوَةُ وَٱلۡبَغۡضَآءُ أَبَدًا ﴾، ﴿هَٰٓؤُلَآءِ أَهۡدَىٰ ﴾، ﴿ مِنَ ٱلۡمَآءِ أَوۡ مِمَّا ﴾، **بەم شێوە دەخوێندرێتەوە:** [سُوٓءُ وَعۡمَٰلِهِمۡۗ، ٱلۡمَلَأُ وَفۡتُونِي، وَٱلۡبَغۡضَآءُ وَبَدًا، هَٰٓؤُلَآءِ يَهۡدَىٰ، مِنَ ٱلۡمَآءِ يَوۡ مِمَّا].

3. ئەگەر هەمزەی یەكەم ضـەممەدار بوو هەمزەی دووەم كەسرەدار بوو، بەسڕی بۆ هەمزەی دووەم دوو شێوەی داناوە:

أ- گۆڕینی هەمزەی دووەم بە پیتی (و)ی تەواوی كەسرەدار.

ب- ئاسان خوێندنەوەی هەمزەی دووەم ئەوەی كە دەكەوێتە نێوان هەمزەی یەكەم و پیتی (ی)،نمونەكان: ﴿ أَنتُمُ ٱلۡفُقَرَآءُ إِلَى ٱللَّهِۖ، وَمَا مَسَّنِيَ ٱلسُّوٓءُۚ إِنۡ أَنَا۠، يَشَآءُ إِلَىٰ ﴾، **بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:** ﴿ ٱلۡفُقَرَآءُ ٱلَى﴾ **یان** ﴿ ٱلۡفُقَرَآءُ اوِلَى ﴾، ﴿ ٱلسُّوٓءُۚ ٱنۡ ﴾ **یان** ﴿ ٱلسُّوٓءُۚ اوِنۡ ﴾، ﴿ يَشَآءُ ٱلَى ﴾ **یان** ﴿ يَشَآءُ اوِلَىٰ ﴾.

پرسیار:

جیاوازی نێوان گۆڕین و ئاسان خوێندنه‌وه (وه‌ك نمونه‌ی له بڕگه‌ی ڕابردو باس كرا) جیاوازیه‌كه بریتیه له‌وه‌ی له گۆڕیندا جه‌خت ده‌كرێته سه‌ر شوێنی ده‌رچوونی خودی پیته‌كه، بۆ نمونه له نمونه‌ی ڕابردوو جه‌خت كرایه‌وه سه‌ر پیتی (و) به‌ڵام له ئاسان خوێندنه‌وه پاڵه په‌ستۆ ده‌كه‌وێته سه‌ر ده‌رچه‌ی نزیك له‌و هه‌مزه‌ی ده‌كه‌وێته گه‌رو ، چونكه ده‌رچه‌یه‌كی لاوه‌كیه.

لێره‌دا ئه‌یمن سوید پارچه هونراوه‌یه‌كی هه‌یه له‌سه‌ر مه‌زهه‌بی وه‌رش ده‌رباره‌ی بوونی دوو هه‌مزه به جووڵه‌ی جیاواز له دوو وشه، به كورتی ده‌فه‌رموێت:

فتحُ الأُولى سَهِلِ　　　فتحُ الاخرى أبدلِ
غيرَ فتــحِ سهــلِ　　　وكــذاكَ أبـــــدلِ



بابەتی گواستنەوەی جووڵەی هەمزە
بۆ زەنەداركردنی پیش خۆی

گواستنەوە لە زمانی عەرەبیدا: بە مانای گواستنەوەو گۆڕینی شتێك لە شوێنی خۆی دێت.

گواستنەوە لە زاراوەدا: بریتیە لە گواستنەوەی جووڵەی هەمزەی پچڕاو بۆ هەمزەیەكی زەنەداری پێش خۆی ، لەگەڵ لابردنی پیتە هەمزەكە لەبەر سوك كردن، ئەوەش بە كار هاتووە لە زمانی هەندێ عەرەب دا.

بەشێوەیەكی گشتی بەسری لە بابەتی گواستنەوە، یەك وشەی هەیە ئەویش وشەی:(الأولى) لە سورەتی نەجم ، ئایەتی50: { عَادًا ٱلۡأُولَىٰ }

پێشەوا بەسری ئەم وشەیە دەخوێنێتەوە بە تێكهەڵكێشانی تەنوین لە وشەی(عاداً) لە پیتی (ل) لە وشەی(الأولى)، بەشێوەیەك جووڵەی گواستنەوەی تێپەڕاندووە، - ئاوا نیشاندراوە كە جووڵەی بنچینەی خۆیەتی -[1].

پوختە:

تەنوینی وشەی (عاداً)و ئەو پیتە (ل)ی دوای ئەو جووڵە دار كراوە بە ضـەممە بە هۆی گواستنەوەی - یەكەم - لێرەدا تێكهەڵكێشان كراوە بە پێی یاسای گشتی لە ئەحكامی نونی ساكینەو تەنوین، بەڵام ئەگەر لە كاتی دەستپێكردن بەو بێت ئەوە سێ شێوە خوێندنەوەی بۆ هەیە:

جێگیر كردنی دوو هەمزە « ئەوانیش هەمزەی لكاو نەلكاو » - وەك حەفص -(الأُولى) ئەوەیان پێش دەكەوێت لە جێبەجێ كردندا، یان دەستپێكردن بە هەمزەی فەتحەدار(أَلُولَى)، یان دەستپێكردن بە پیتی (ل) لە دوای بێت پیتی (و)ی زەنەداری

[1] واتا پیتی (ن)ی گەڕاندۆتەوە بۆ زەنە لە بری كەسرەی پیتی (ن) لە گەیشتنە دوو زەنە(دواتر هەڵسوكەوتی لەگەڵ كراوە بەشێوە پەیاكراو (عارز) ئەویش جوڵەی پیتی (ل)

درێژكراو(لُولى)، **كه‌مكردنه‌وه‌ش ده‌رده‌كه‌وێت له‌ هه‌ر سێ شێوه‌ خوێندنه‌وه‌ی لای به‌سڕی، چونكه‌ له‌ وشه‌ ده‌گمه‌نه‌كانن لای پێشه‌وا به‌سڕی هه‌ر وه‌ك له‌ مه‌ودوا باسی ده‌كه‌ین.**



بابهتی تێكههلكێشان

ئیدغام له زمانی عهرهبیدا: بهكاردێت بۆ تێكههڵكێش كردنی شتێك له شتێكی تر.

ئیدغام له زاراوهدا: واتا تێكههڵكێش كردنی پیتێك له پیتێكی تر به شێوهیهك ههردوو پیت به پیتێكی توندی شهدهدار دهخوێندرێتهوه له ڕهگهزی پیتی دووهم، ئهوهش دهكرێت به دوو بهش: بچوك و گهوره.

مهبهست له خوێندنی ئهم بابهته، شارهزابوونه لهوهی تێكههلكێش دهكرێت و ئهوهی تێكههڵكێش ناكرێت، گهیشتنه دوو پیت بهیهك و كۆبونهوهیان دهكرێت به سێ بهش:

- ✓ **یهكهم:** پێك گهیشتنیان له وشهو نوسیندا، به شێوهیهك پچڕان نهكهوێته نێوانیان وهك پێك گهیشتنی دوو پیتی (د) له ﴿ وَقَد دَّخَلُواْ ﴾.
- ✓ **دووهم:** پێك گهیشتنیان تهنها له نوسیندا، وهك: ﴿ إِنَّهُۥ هُوَ ﴾، لێرهدا پچڕان له نێوانیاندا ڕویداوه.
- ✓ **سێیهم:** پێك گهیشتنیان تهنها له گوتن و خوێندنهوهدا، وهك:﴿ أَنَاْ نَذِيرٌ ﴾ ﴿طسٓمٓ ﴾.

یاسایهكی گشتی گرنگ

ههر كاتێك دوو پیت بهیهكتر بگهن، ئهو دوو پیته یان شوێنی دهرچوونیان یهكسانه یان جیاوازه[1].

❖ ئهگهر شوێنی دهرچوونیان لهیهكتر جیاوازبوو (مهخرهجیان یهكسان نهبوو) ئهوكات به لهیهكتر دوور ئهژماردهكرێن، تهنها پیتی (غ) و (خ) نهبێت كاتێك دهگهن به پیتی (ق) و (ك) ههركاتێك پیتی (غ) وهركاتێك پیتی (خ) به یهك گهیشتن لهگهڵ پیتی (ق)یان (ك) ئهو دوو پیتانه دهبنه لهیهكتر نزیك و پێیان ناگوترێت پیته لێك دوورهكان، ونكه ههرچهنده شوێنی دهرچوونیان لهیهكتر جیایه بهلاّم دهرچوونیان لهیهكتر نزیكه. پیتی (غ) و (خ) دهرچوونیان دهكهوێته نزیكترین شوێنی گهرو، ئهو شوێنهی كه له دوای ئهو زمان دهست پێ دهكات.

ههروها پیتی (ق) و (ك) شوێنی دهرچوونیان دهكهوێته دوورترین شوێنی زمان كه له دوای ئهو نزیكترین شوێنی گهرو دێت.

كهواتا شوێنی دهرچوونی ههموو ئهو پیتانهی باس كران لهیهكتر نزیكن، لهبهر ئهم هۆكارانه دهركهوت كه پیتی (غ) لهگهڵ (ق)یان (ك) لهیهكتر نزیكن، وبهههمان شێوه پیتی (خ) لهگهڵ (ق)یان (ك) لهیهكتر نزیكن.

❖ ئهگهر پیتهكان لهیهك ئهندام بوون (واته له یهك ئاست و شێوه دابوون و ههمان دهربڕینیان ههبوو)، لهو كاتهدا دهبن به دوو بهش:

یان شوێنی دهرچوونیان له یهكتر نزیكه.

یان شوێنی دهرچوونیان لهیهكتر دووره.

ئهگهر شوێنی دهرچوونیان لهیهكتر نزیك بوو، وهیچ دابڕان و پچڕان ڕوونهدات له نێوان ههردوو پیتهكه له یهكتر نزیكن، ئهم دوو پیته به له یهكتر نزیك سهیر دهكرێن.

---

[1] مهحمود خهلیل حوصهری، پهرتووكی ئهحكامی قورئانی پیرۆز، (مهككه ی پیرۆز، نوسینگهی مهككیه – دار بهشائری ئیسلامی، چاپی4، ساڵی1999ی زاینی، بهدهست كارییهوه.

لەم قسانەی ڕابردوو وا دەردەکەوێت ئەگەر دوو پیت شوێنی دەرچوونیان لەیەکتر جیابوو، بە شێوەیەك هەر یەکێکیان لە شوێنێك دەردەچوو، (پچڕان و دابڕان لە نێوانیاندا هەبوو) بە دوو پیتی لە یەکتر دوور سەیردەکرێن.

بۆمان ڕوون بویەوە کە نێوان پیتەکانی گەرو (حروف الحلق) کە ژمارەیان شەش پیتە لەگەڵ هەژدە پیتەکەی زمان، دوریەك هەیە (شەش پیتەکانی گەرو دوورن لە هەژدە پیتەکانی زمان) چونکە پیتەکانی گەرو لە شوێنێك دەردەچێت و پیتەکانی زمانیش لە شوێنێکی تر.

تەنها پیتەکانی (غ) لەگەڵ (ق) و (ك) وپیتی (خ) لەگەڵ پیتی (ك) نەبێت، ئەوانە جیادەکرێنەوە لەم حوکمەی کە لەسەر پیتەکانی گەرو و پیتەکانی زمان دا هەبوو.

❖ لە نێوان پیتەکانی گەرو و پیتەکانی لێو دورییەك هەیە، چونکە هەر یەك لەوان شوێنی دەرچوونیان لە یەکتر جیاوازە، ولە کاتی دەربریندا جیاکاریەك دەکەوێتە نێوانەکانیان.

❖ لە نێوان پیتەکانی زمان و پیتەکانی لێو دووری هەیە، چونکە شوێنی دەرچوونیان لە یەکتر جیایە، تەنها پیتی (م) لەگەڵ (ن) نەبێت لێکچوونێکیان هەیە لە نزیك بونەوە.

پیتی (ن) لەگەڵ (و) نزیکبوونەوەیەکیان هەیە لە یەکتر لە شێوەی دەربڕیندا.

پیتی (ی)ی لەین لەگەڵ (و) نزیك بونەوەیەك هەیە لە نێوانیاندا لە دەربڕیندا.

❖ لە نێوان پیتەکانی گەرو پیتێك لەگەڵ پیتێکی تر نزیك بوون و دورکەوتنەوە هەیە.

ئەم دوو پیتەی کە شوێنی دەرچوونیان دەکەوێتە دوورترین بەشی گەرو کە ئەوانیش پیتی(ء)و (هـ) لەگەڵ ئەو پیتانەی شوێنی دەرچوونیان دەکەوێتە ناوەڕاستی گەرو ئەوانیش پیتی (ع) (ح) لێك نزیك بوونەوەیەك هەیە لە نێوانیاندا، ئەم دوو پیتەش لەگەڵ ئەو پیتانەی کە دەرچوونیان دەکەویتە نزیکترن شوێنی گەروو وەك: پیتی (غ) و (خ) دوریەك هەیە.

پیتهكانی ناوهڕاست وهك پیتی (ع) و (ح) نێوان ئهو دوو پیتهو پیتهكانی دهكهوێته دوری گهرو وپیتی نزیكترن شوێنی گهروو نزیكایهتیهك ههیه.

❖ له نێوان پیتهكانی زمان ههندێكیان لهگهڵ ههندێكی تر نزیك و دووری ههیه.

ئهو دوو پیتهی دهكهونه دورترین شوێنی زمان، وهك پیتهكانی (ق) و (ك) له نێوان ئهودوو پیتهو پیتهكانی ناوهڕاستی زمان وهك پیتی (ج) و (ش) و (ی)و پیتی سهره زمان وهك پیتی (ض) و (ل) نزیكایهتیهك ههیه، ئهو پیتانه لهگهڵ پیتهكانی لێواری زمان كه بریتین له: (ن ، ر ، ط ، د ، ت ، ص ، س ، ز ، ظ ، ذ ، ث) دوریهك ههیه.

ئهم پیتانهی باس كران پیتهكانی پێشهوهی زمان (الذلقية) پیتهكانی سهرهوهی زمان (النطعية) وپیتهكانی سهرهتای پێشهوهی زمان (الأسلية) وپیتهكانی لێو (الشفوية) و (پیتهكانی نزیك له پودو).

❖ له نێوان پیتهكانی ناوهڕاست و سهر زمان و لێوارهكان، نزیكایهتیهك ههیه.

له نێوان پیتهكانی سهره زمان و لێوارهكاندا نزیكایهتیهك ههیه، ولهنێوان پیتی (ف) لهگهڵ پیتهكانی لێو وهك: (ی) و (م) نزیكایهتیهك ههیه، وله نێوان پیتهكانی لێو ههندێكیان لهگهڵ ههندێكی تریان نزیك بوونهوهیهك له شوێنی دهرچونیان ههیه.

ڕوونكردنهوه

1- ڕوون و ئاشكرایه كه ههر یهك له پیتهكانی (ء) و (هـ) دهرچوونیان دهكهوێته دوورترین شوێنی گهرو، ئهم دووانه به یهك ڕهگهز دهخوێندرێنهوه (شوێنی دهرچوونیان یهكهو له شكل و شێوهدا له یهكتر جیان).

پیتهكانی (ع) و (ح) له ناوهڕاستی گهرو دهردهچن، ئهم دوو پیتهش یهك ڕهگهزن.

وپیتی (غ) و (خ) له نزیكترین شوێنی گهرو دهردهچن ئهوانهش بهههمان شێوهی ئهو پیتانهی باس كران یهك ڕهگهزن.

2- پیتهكانی دوور ههر یهك له پیتی (ء) و (هـ) بهرامبهر پیتهكانی ناوهڕاست (ع) و (ح) له یهكتر نزیكن، وبهرامبهر پیتهكانی نزیكترینی گهرو (غ) و (خ) له یهكتر دوورن، چونكه پیته ناوهڕاستهكان له یهكتریان جیادهكاتهوه (كهواتا پیتهكانی ناوهڕاست دهكهوێته نێوان نزیكترین و دوورترین پیتهكانی گهروو، بههۆی ئهمه پیتی نزیكترین و دوورترین نزمهكان له یهكتر دوور دهخاتهوه) .

3- پیتهكانی ناوهڕاستی گهرو (ع ، ح) لهگهڵ پیتهكانی دوورترین و نزیكترین نزیكایهتیهكیان ههیه.

4- پیتی (غ) لهگهڵ پیتی (ق) و (ك) له یهكتر نزیكن.

پیتی (خ) لهگهڵ (ق) و (ك) بهههمان شێوه له یهكتر نزیكن، چونكه پیتی (غ) و (خ) ههر چهنده له نزیكترین شوێنی گهرو دهردهچن، بهڵام كاتێك نزیكییێكی بههێز ههیه له نێوان ئهوان و پیتهكانی (ق) و (ك) كه دهرچوونیان دهكهوێته دورترین شوێنی زمان، ئهمه وای كردووه كه ئهم پیتانه به نزیك له یهكتر بخوێندرێنهوهو سهیر بكرێن، ههرچهنده له یهكتر جیان ههروهك له ڕابردوو باس كران.

5- پیته‌كانی (ق) و (ك) له‌یه‌كتر نزیكن، به هۆی بوونی جیاكاریه‌ك له شوێنی ده‌رچوونیان وگوتراوه پیتی (ق) و (ك)یه‌ك ڕه‌گه‌زن به هۆی شوێنی ده‌رچوونیان كه دورترینی زمانه.

6- پیتی (ق) و هاوشێوه‌ی ئه‌و پیتی (ك) له‌گه‌ڵ پیتێك له پیته‌كانی ناوه‌ڕاستی زمان (ج ، ش، ی) یان له‌گه‌ڵ پیتێك له پیته‌كانی سه‌ره زمان وه‌ك: (ض) و (ل) له یه‌كتر نزیكن، وله‌گه‌ڵ هه‌ر پیتێك له‌و پیتانه‌ی به لایه‌كی زمان ده‌رده‌بردرێن له‌یه‌كتر دوورن.

7- پیته‌كانی (ج) و (ش) و (ی) كه درێژناكرێنه‌وه (مه‌دیان تێدا نیه) له ناوه‌ڕاستی زمان ده‌رده‌چن، هه‌ر یه‌ك له‌م سێ پیتانه له‌گه‌ڵ یه‌كتر یه‌ك ڕه‌گه‌زن، ئه‌م پیتانه له‌گه‌ڵ پیته‌كانی (ق)و (ك)و (ض)و (ل)و (ن)و (ر)و (ط)و (د)و (ت)و (س)و (ص)و (ز)و (ظ)و (ذ)و (ث) هه‌موویان له یه‌كتر نزیكن، وهه‌ر یه‌ك له‌م پیتانه له‌گه‌ڵ پیتی لێوه‌كان به دوور ئه‌ژمار ده‌كرێن.

8- پیتی (ض) له‌یه‌ك له دوو لێواری زمان (لای چه‌پ یان ڕاست) له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌ی له‌دوای دێت له ددانه‌كان خرێنه (اضراس) ده‌رده‌چێت له ناوه‌ڕاستی لایێكی زمان ئه‌وه‌ی له‌دوای ئه‌ودێت.
پیتی (ض) له‌گه‌ڵ پیتی (ق)و (ك)و هه‌ر پیتێكی تری ده‌رچوو له ناوه‌ڕاستی زمان یان سه‌ری زمان یان پیتی (ل) ئه‌وه به نزیك له یه‌كتر ئه‌ژمار ده‌كرێن.

9- پیتی (ل) ده‌رده‌بڕدرێت به ته‌نیشتی زمان تا كۆتایه‌كه‌ی.
پیتی (ل) له‌گه‌ڵ پیتی (ق)و پیتی (ك)و هه‌ر پیتێكی تر له‌و پیتانه‌ی كه له ناوه‌ڕاستی زمان یان لایێكی زمان و پیتی (ض) ئه‌مانه هه‌مووی به نزیك ئه‌ژمار ده‌كرێن له‌گه‌ڵ پیتی (ل).
پیتی (ل) له‌گه‌ڵ پیته‌كانی لێو به پیتی لێك دوور ئه‌ژمار ده‌كرێن.
پیتی (ل) له‌گه‌ڵ پیتی (م) به نزیك ئه‌ژمار ده‌كرێت له سیفه‌ت.
هه‌رچه‌نده پیتی(م) یه‌كێكه له پیته‌كانی لێو، به‌ڵام له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا (ل) و (م) نزیكایه‌تییێك هه‌یه له نێوانیاندا له شێوه‌ی وتن و ده‌رچووندا.

10- پیتی (ن) له بهشێكی لای زمان دهردهچێت، شوێنی دهرچوونی پیتی (ن) كهمێك دهكهوێته ژێر شوێنی دهرچوونی پیتی (ل) (دهرچوونی (ن) ههندێك نزیكه له دهرچوونی (ل).

پیتی (ن) لهگهڵ پیتی (ق)و پیتی (ك) به لهیهكتر دوور سهیر دهكرێن، (جیاوازی ههیه له نێوان شێوهو دهربڕینی (ن) لهگهڵ (ق) و (ك)دا.

پیتی (ن) لهگهڵ ئهو پیتانهی كه شوێنی دهرچوونیان دهكهوێته ناوهڕاستی زمان و پیتی (ض)و (ل) لهگهڵ ئهو پیتانهی كه له لێواری زمان دهردهچن، به نزیك ئهژمار دهكرێت.

11- پیتی (ر) له پێشهوهی زمان (طرف اللسان) دهردهچێت، شوێنی دهرچوونی پیتی (ر) نزیكه له شوێنی دهرچوونی پیتی (ن). لهكاتی دهربڕینی پیتی (ر) شێوهی دهربڕینهكه زیاتر بهرهو لای سهرووی زمان دهچێت.

پیتی (ن) لهگهڵ پیتی (ق)و پیتی (ك) له یهكتر دوورن، بهڵام بهرامبهر به پیتهكانی دهرچوو له ناوهڕاستی زمان وههروها پیتی (ض) و (ل) و (ن)و پیتهكانی تری دهرچوو له بهشێكی زمان (طرف اللسان) به نزیك ئهژماردهكرێت، پیتی (ر) نزیكه له پیتهكانی ناوهڕاستی زمان و پیتی (ض) و (ل) و (ن).

12- ههر یهك لهپیتهكانی (ط) و (د) و (ت) دهرچوونیان دهكهوێته پێشهوهی زمان (طرف اللسان) به شێویهك شوێنی دهرچوونهكهیان زیاتر بۆ بهشی لای سهرهوهی ددانهكان نزیك دهبێتهوه.

ههر یهك لهم سێ پیته (ط) و (د) و (ت) لهگهڵ یهكتر به یهك سهیر دهكرێن.

پیتهكانی (ط) و (د) و (ت) لهگهڵ (ق) و (ك) لهیهكتر دوورن.

پیتی (ط) و (د) و (ت) لهگهڵ پیتهكانی ناوهڕاستی زمان و ئهم پیتانهی به لایهكی زمان دهردهبڕدرێن پیتی (ض) و (ل) و (ن) و (ر)و پیتهكانی دهرچووی پێشهوهی زمان به نزیك له یهكتر ئهژمار دهكرێن.

13- پیته‌كانی(ص، ز، س) ده‌رچوونیان ده‌كه‌وێته به‌شێكی زمان (**طرف اللسان**)و سه‌روی ددانه‌كانی خواروو.

هه‌ر یه‌ك له پیتی (**ص**) و (**ز**) و (**س**) له‌گه‌ڵ یه‌كتردا یه‌ك ڕه‌گه‌زن.

ئه‌م سێ پیته(**ص، ز، س**) دورن له‌گه‌ڵ پیته‌كانی (**ق**) و (**ك**) دا.

ئه‌م سێ پیته(**ص** ، **ز**، **س**) نزیكیان هه‌یه له‌گه‌ڵ پیته‌كانی ناوه‌ڕاستی زمان و پیتی(ض، ل، ن، ر، ط، د، ت)و ئه‌و پیتانه‌ی تری ده‌كه‌وێته لای به‌شێكی زمان.

14- پیته‌كانی(ظ، ذ، ث) ده‌رچوونیان به پێشه‌وه‌ی زمانه (**طرف اللسان**) كه ده‌كه‌وێته لای ددانه‌كانی سه‌روو.

ئه‌م سێ پیته(**ظ**) و(**ذ**) و(**ث**) لێك چوون و لێك نزیكیان هه‌یه له‌گه‌ڵ یه‌كتر.

هه‌ر یه‌ك له‌م پیتانه(**ظ**) و(**ذ**) و(**ث**) له‌گه‌ڵ پیتی (**ق**) و (**ك**) دورن.

ئه‌م سێ پیته(ظ، ذ، ث) له‌گه‌ڵ پیته‌كانی ناوه‌ڕاستی زمان و پیتی(ض، ل، ن، ر، ط، د، ت، ص، ز ، س) نزیكی هه‌یه.

15- پیتی(**ف**) له نێوان به‌شی ناوه‌وه‌ی لێوی خواره‌وه‌و بڕبڕه‌كانی سه‌ره‌وه ده‌رده‌چێت، پیتی(**ف**) له‌گه‌ڵ هه‌ر پیتێك له پیته‌كانی گه‌رو یان هه‌ر پیتێك له پیته‌كانی زمان له یه‌كتر دوورن، جگه له پیتی (**ن**) نه‌بێت لێك نزیكن له‌گه‌ڵ پیتی(**ف**)، پیتی(**ف**) له‌گه‌ڵ (**و، ب، م**) له یه‌كتر نزیكن.

16- پیتی(**و، ب، م**) به لێوه‌كان ده‌رده‌بردرێت، هه‌ر یه‌ك له‌م سێ پیتانه له‌گه‌ڵ یه‌كتر یه‌ك ڕه‌گه‌زن.ئه‌م سێ پیته (**و**) و (**ب**) و (**م**) به‌رامبه‌ر به پیته‌كانی گه‌رو (**حلق**)و پیته‌كانی زمان له‌یه‌كتر دوورن.

پیتی(و، ب، م)و پیتی (**ف**) به نزیك له‌یه‌كتر سه‌یر ده‌كرێن.

پیتی (**م**) له‌گه‌ڵ (**ن**) هاوڕه‌گه‌زن له سیفه‌تدا.

پیتی (**و**) له‌گه‌ڵ (**ن**)یش به‌هه‌مان شێوه له‌یه‌كتر نزیكن له سیفه‌تدا.

پیتی (**و**) و (**ی**) یه‌ك ڕه‌گه‌زن و له‌یه‌ك چوونیان هه‌یه له ده‌ربریندا.

زاناكان دهفهرموون:

ئهوانهی له ڕابردوو باس كران بۆ ئهو پیتانه بوون كه شوێنی دهرچوونیان دیار بوو، وشێوهی دهربڕینان زاندراوبوو.

ئهو پیتانهی كه شوێنی دهرچوونیان به تهخمین دیاری كراوه، بریتین له سیٚ پیتی مهد (درێژكردنهوه) ئهم سیٚ پیته مهده شێوهی گهیشتنیان به پیتهكان نادیارهو باس ناكرێت.

ئهگهر پیتی مهد گهیشتن به پیتێك له پیتهكانی زمانی عهرهبی نزیك بوونهوهیان بۆ نیه، یهك ڕهگزنین لهگهڵ یهكتر، لێك دوركهوتنهوهشیان بهیهكهوه نیه، چونكه پیتهكانی مهد شوێنی دهربڕین و دهرچونیان نیه وهك پیتهكانی تر، بهڵكو ئهم پیته مهدانه تهنها به ههوای دهم و گهرو دروست دهبێت.

بهڵیٚ پیته مهدهكان باس دهكرێن لهگهڵ ههندێك له پیته عهرهبیهكان كه ڕهگهزایهتیێك و هاوشێوهییێك ههیه له سیفهتدا، بهڵام نهك له شوێنی دهرچوون.

ئهو پیتانهی هاوشێوهییان ههیه لهگهڵ پیته مهدهكان، وهك: پیتی (و)ی جووڵهدار، لهگهڵ پیتی (ئهلیف) ههروهك له ووشهی (والٍ) .

پیتی (و) لهگهڵ پیتی (ئهلیف)یهك ڕهگهزن له سیفهتدا.

پیتی (ی)ی جووڵهدار لهگهڵ پیتی (ئهلیف) وهك: (الصِّيَامُ) ههردو پیتی(ی، ا)یهك ڕهگهزن له سیفهت و دهربڕیندا.

پیتی (و)ی جووڵهدار لهگهڵ (و)ی زهنهدار به هاوشێوه دادهندرێن، وهك: (وُورِىَ) ههردوو پیتی (و) له یهك ڕهگهزدان چوونكه هاوسیفهتی یهكترن.

پیتی (ی)ی جووڵهدار لهگهڵ پیتی (و)ی زهنهدار، وهك: (يُوقِنُونَ) ههردوو پیتی (ی) و (و)یهك ڕهگهزن له سیفهتدا.

تێبینی:

پیتهكانی (ت) و (ك)یهكسانن لهههموو سیفهتێكدا.

پیتهكانی (ح) و (ث) و (ه)یهكسانن لهههموو سیفهتێكدا.(حثه)

پیتهكانی (ج) و (د)یهكسانن لهههموو سیفهتێكدا.

پیتهكانی (م) و (ن)یهكسانن لهههموو سیفهتێكدا.

پیتهكانی (و) و (ی)ی جووڵهدار لهگهڵ ههرسێ پیتی درێژكراوهكان (پیته مهدهكان)یهكسانن لهههموو سیفهتێكدا.

پیته نهرمهكان (اللین) وهك (و) و (ی)یهكسانن لهههموو سیفهتێكدا.

بهپێی قسهكانی ڕابردو دهتوانین بڵێین ئهو پیتانهی یهكسانن له ههموو سیفهتێكدا یهك ڕهگهزیشن.

بڕوانه پاشكۆی ژماره (1) بكه له كۆتایی ئهم پهرتووكه



پەیوەندی نێوان پیتەكان

✓ **پیتە هاووێنەكان** (متماثلین)

بریتین لەو پیتانەی شوێنی دەرچوون و سیفەتیان و ناوو ڕێنووسیان یەكسانە، وەك: (ن) لەگەڵ (ن).

✓ **پیتە لێك نزیكەكان** (**متقاربین**)

بریتین لەو پیتانەی شوێنی دەرچوون و سیفەتیان لە یەكتر نزیكە، وەك: (**ن**) لەگەڵ (**ل**)یان تەنها شوێنی دەرچوونیان لەیەكتر نزیكەو سیفەتیان جیاوازە، وەك: (**ج**) لەگەڵ (**ض**)یان تەنها سیفەتیان لەیەكتر نزیكەو شوێنی دەرچوونیان جیاوازە، وەك: (**غ**) لەگەڵ (**ظ**).

✓ **پیتە یەك ڕەگەزەكان** (**متجانسین**)

بریتین لەو پیتانەی شوێنی دەرچوونیان یەكسانەو سیفەتیان لەیەكتر جیاوازە، وەك: (**ذ**) لەگەڵ (**ظ**)یان شوێنی دەرچوونیان لە یەكتر جیاوازەو سیفەتیان یەكسانە، وەك: (**ت**) لەگەڵ (**ك**).

چۆنیه‌تی
دۆزینه‌وه‌ی په‌یوه‌ندی نێوان دوو پیت له‌گه‌ڵ یه‌كتر

هه‌ركاتێك ویستمان په‌یوه‌ندی نێوان دوو پیت له‌گه‌ڵ یه‌كتر بزانین، پێویسته سه‌ره‌تا سه‌یری شوێنی ده‌رچوون و سیفه‌تیان بكه‌ین، ئه‌گه‌ر هاتوو هاووێنه بوون (متماثل) وه‌ك پیته‌كانی (ق) له‌گه‌ڵ (ق) ﴿ٱلۡغَرَقُ قَالَ﴾ بڕیار له‌سه‌ر ئه‌و جۆره پیتانه ده‌ده‌ین به هاووێنه بوون، به‌ڵام ئه‌گه‌ر هاووێنه‌ی یه‌كتر نه‌بوون له شوێنی ده‌رچوون و سیفه‌تیاندا، له‌و كاته‌دا سه‌یری شوێنی ده‌رچوونی پیته‌كان ده‌كه‌ین له ڕووی هاوشێوه‌ییان، ئه‌گه‌ر هه‌ردوو پیته‌كه هاوشێوه بوون له شوێنی ده‌رچوونیان، ئه‌وه بڕیار ده‌ده‌ین له‌سه‌ر ئه‌م دوو پیته كه یه‌ك ڕه‌گه‌زن له ڕووی ده‌رچوونیان، وه‌ك پیته‌كانی (ع) له‌گه‌ڵ (ح) ﴿ٱلدَّمۡعِ حَزَنًا﴾، ئه‌گه‌ر شوێنی ده‌رچوونی پیته‌كان یه‌كسان نه‌بوون، سه‌یری سیفه‌تیان ده‌كرێت، ئه‌گه‌ر هاوشێوه‌ی یه‌كتر بوون، به شێوه‌یه‌ك كه نه له‌یه‌كتر كه‌متربوون نه له‌یه‌كتر زیاتر بوون له سیفه‌تیان، بڕیاری یه‌ك ڕه‌گه‌ز بوونیان له‌سه‌ر ده‌درێت له سیفه‌ت دا.

هه‌ر وه‌ك پیته‌كانی(ح، ث، ه) كۆدبێته‌وه له ووشه‌ی (حثه) ئه‌م پیتانه به هاوشێوه‌ی یه‌كتر ناوده‌بردرێن.

نمونه‌كانیان به‌م شێوه‌یه:

(يَبۡحَثُ، يُبۡعَثُ حَيًّا، فَأَصۡبَحَ هَشِيمًا، ٱللَّهَ حَقَّ، بَعَثَهُۥ، ٱللَّهِ ثُمَّ)،

له نێوان پیتی (م) و (ن) یه‌ك ڕه‌گه‌زن ﴿يَظۡلِمۡ نَفۡسَهُۥ﴾.

له نێوان پیتی (ت) و (ك) یه‌ك ڕه‌گه‌زن ﴿وَتَمَّتۡ كَلِمَتُ﴾.

له نێوان پیتی (ج) و (د) یه‌ك ڕه‌گه‌زن ﴿وَلَقَدۡ جَآءَكَ﴾.

له نێوان پیتی (و) و (ی) یه‌ك ڕه‌گه‌زن ﴿أَوۡ يَعۡفُوَاْ﴾.

له نێوان پیته‌كانی(أ، و، ی) كه به پیتی نه‌رم (له‌يين) ناوده‌بردرێن، له‌گه‌ڵ پیته درێژكراوه‌كان(حروف المد) هاوشێوه‌یی هه‌یه ﴿وَالٍ﴾ .

جگە لەم پیتانەی باس كران یەك ڕگەز نیە نە لە شوێنی دەرچوون و نە لە سیفەت دا، لە ڕابردوش باسمان كرد.

ئەگەر یەكسان نەبوون لە سیفەتدا ئەوا سەیری لە یەكتر نزیك بوونیان دەكرێت لە ڕووی شوێنی دەرچوونیان و سیفەتیان.

ئەگەر یەكسانی هەبوو لە نێوان پیتەكان لە ڕووی شوێنی دەرچوون و سیفەتیان، وەك:-

نێوان پیتەكانی (ل) **و** (ر) ﴿قُل رَّبِّ﴾.

نێوان پیتەكانی (ذ) **و** (ز) ﴿وَإِذْ زَيَّنَ﴾.

نێوان پیتەكانی (ق) **و** (ك) ﴿نَخْلُقكُّم﴾.

بڕیار دەدرێت لەسەر ئەم پیتانەی باس كران، بە نزێك بوون لە شوێنی دەرچوون و سیفەت دا.

ئەگەر بەم شێوەیە نەبوون لە نێوان پیتەكان لە ڕووی شوێنی دەرچوون و سیفەت دا، تەنها سەیری شوێنی دەرچوونیان دەكرێت، ئەگەر نزیكایەتیەك هەبوو لە نێوان شوێنی دەرچوونیان، بڕیار لەسەر نزیكبوونیان دەدرێت تەنها لە ڕووی دەرچوونیان، وەك: پیتی (د) **و** (ص) ﴿وَلَقَدْ صَدَقَكُمُ﴾.

ئەگەر لە یەكتر نزیك نەبوون لە ڕووی شوێنی دەرچوون، تەنها سەیری سیفەتیان دەكرێت.

ئەگەر نزیكایەتیەك هەبوو لە نێوان سیفەتیان، بە شێوەیەك جیاوازیان تەنها لە یەك یان دوو سیفەت هەبێت و زیاتر نەبێت، بڕیار لەسەر نزیكبوونیان دەدرێت تەنها لە ڕووی سیفەت، وەك: پیتی (و) و (ن) ﴿أَوْ نَصَرَىٰ﴾، **پیتی (س) و (ح)** ﴿لِلنَّاسِ حِسَابُهُمْ﴾، **پیتی (ء) و (د)** ﴿أَذَىٰ﴾.

پهیوهندی نزیكایهتی له نێوان پیتهكاندا زۆره، ههر دوو پیتێك تێكههڵكێشیان ههبێت لهگهڵ یهكتر له ههر خوێندنهوهو گێڕانهوهیهك بێت و هاووێنهیی یان یهك رهگهزی له نێوانیان نهبێت، به له یهكتر نزیك ههژمار دهكرێن، بهڵام ئهگهر هیچ شتێك لهوانهی ڕابردو باس كران له نێوان پیتهكاندا نهبێت، ئهوه به له یهكتر دوورو جیاواز ئهژمار دهكرێن.



کەواتە:

ریزبەندی پەیوەندی نێوان پیتەکان ریزبەندیەکی دابەزینە، واتا کامەی لەپێشترە ئەو باس دەکرێت ئەوانی تر لەدوای ئەوەوە دێن، بەم شێوەی خوارەوە[1]:

1. **هاووێنە لە شوێنی دەرچوون و سیفەتدا.**
2. **یەك ڕەگەزن لە شوێنی دەرچوون.**
3. **یەك ڕەگەزن لە سیفەتدا.**
4. **نزیکی لە شوێنی دەرچوون و سیفەتدا.**
5. **نزیکی لە شوێنی دەرچوون.**
6. **نزیکی لە سیفەت.**
7. **لەیەکتر دوور.**

---

[1] زانای خەلیجی پیتەکانی زمانی عەرەبی دابەش کردووە بۆ سەر پێنج بەشی سەرەکی سەبارەت بە تێکهەڵکێش کردن و تێکهەڵنەکێشکردن: **یەکەم:** نە تێکهەڵکێش دەکرێت و نە تێکهەڵکێشانی بۆ دەکرێت، ئەوانەش سیٚ پیتن: (ء، ا، خ) **دووەم:** تێکهەڵکێش ناکرێت، بەڵام تێکهەڵکێشانی بۆ دەکرێت. ئەوانەش چوار پیتن: (ط، ظ، ص، ز).
ناگوترێت پیتی(ط) تێکهەڵکێش دەکرێت لەگەڵ پیتی(ت) لە (أَحَطتُ، بَسَطتَ) بە تێکهەڵکێشێکی ناتەواو، بەهۆی مانەوەی سیفەتی ئیطباق، چونکە مەبەست بە تێکهەڵکێشێکی تەواو(الادغام الكامل) بە لابردنی پیت و سیفەتی، وەك (الْمَلَائِكَةُ طَيِّبِينَ) لە لای سوسی. **سێیەم:** تێکهەڵکێش دەکرێت تەنها بە هاووێنەی خۆی، ئەوەش شەش پیتە:
(ع، غ، ف، ه، و، ى). **چوارەم:** تێکهەڵکێش دەکرێت تەنها لە ڕەگەزی خۆی و پیتی نزیك لە خۆی، ئەوەش پێنج پیتە: (ج، د، ذ، س، ض). **پێنجەم:** تێکهەڵکێش دەکرێت بە هاووێنەو هاوڕەگەزی خۆی و یەك ڕەگەزی خۆی و پیتی نزیك لە خۆی، ئەوەش یازدە پیتە: (ب، ت، ث، ح، ر، س، ق، ك، ل، م، ن).
بڕوانە: موحەممەدی خەلیجی، لە پەرتووکی (حل المشكلات وتوضيح التحريرات في القراءات)، لێکۆڵینەوەی، عومەری کوری عەبدوالقادر، (رياض، دار أضواء السلف، د.ت) لاپەرە23. (بەدەست کارییەوە) خەلیجی هونراوەیەکی هەیە لەم بەشەوە، باسمان نەکردووە لەبەر درێژبوونەوە.

تێكههڵكێشانی بچووك

➢ یهكهم: تێكههڵكێشانی بچووك

بریتیه له تێكههڵكێشانی پیتێكی زهنهدار به پیتێكی جووڵهدار، به شێوهیهك به هۆی ئهو تێكههڵێشانه ههردوو پیت دهكرێن به یهك پیتی شهدهدار له یهك رِهگهز لهگهڵ پیتی دووهم.

هۆی ناونانی به بچووك:

ناوی نراوه به تێكههڵكێشانی بچووك، چونكه له كاتیٚ تێكههڵكێشاندا تهنها پێویستی به یهك ههنگاوی بچوكه، ئهویش بریتیه له تێكههڵكێشانی پیتی یهكهم به پیتی دووهم.

✓ **بهشی یهكهم: هاووێنهی بچووك:**

بریتیه له یهكسانی شوێنی دهرچوون و شێوهی دوو پیت، ئهوهش له یهك وشه یان دوو وشه رِودهدات، ئهم بابهتهش یهكسانه لهگهڵ بریارهكانی پێشهوا حهفص.

تێبینی: پێشهوا بهسرِی و دوو رِاویهكهی دووری و سوسی تێكههڵكێشانیان نهكردووه له ئایهتی: { يسٓ ۝١ وَٱلۡقُرۡءَانِ ٱلۡحَكِيمِ }، و { نٓۚ وَٱلۡقَلَمِ }، بهلكو هاورِان لهگهڵ پێشهوا حهفص.

✓ **بەشی دووەم: لەیەكتر نزیك و یەك ڕەگەزی بچووك:**

مەزهەبی پێشەوا بەسڕی لەم بابەتە جیاوازە لەگەڵ حەفص، لەم شوێنانەی خوارەوەیە:

1- **تێكهەڵكێشانی پیتی (ث) لە پیتی (ت) لە** { أُورِثۡتُمُوهَا ، لَبِثۡتُّ } **لە هەر شوێنێك هات.**

2- **تێكهەڵكێشانی پیتی (ذ) لە پیتی (ت) لە** { ٱتَّخَذتُّ ، أَخَذتُّمۡ ، عُذتُّ ، فَنَبَذتُّهَا } **لە هەر شوێنێك هات.**

3- **تێكهەڵكێشانی پیتی (ن) لە پیتی (ر) لە**(مَن رَّاقٍ) **لە سوڕەتی، قیامە ئایەتی**27.

4- **تێكهەڵكێشانی وشەی** (إذ) **لە هەر شەش پیتەكانی كە بریتین لە:(ت، د، ز، س، ص، ج) كۆدەبێتەوە لە هونراوەی** شاطبی:

نَعَمْ إذْ تَمَشَّتْ زَيْنَبٌ صَالَ دَلُّهَا   سَمِيَّ جَمَالٍ وَاصِلًا مَنْ تَوَصَّلَا

بەم شێوە: {إِذ تَّبَرَّأَ، إِذ دَّخَلُواْ، وَإِذ زَّيَّنَ، إِذ سَّمِعۡتُمُوهُ، وَإِذ صَّرَفۡنَآ، وَإِذ جَّعَلۡنَا}.

5- **تێكهەڵكێشانی پیتی** (ت)**ی بەكار هاتوو بۆ مێ لە هەر شەش پیتەكانی بەم شێوە:**

(س، ص، ز، ث، ظ، ج) كۆدەبێتەوە لە سەرەتای وشەكانی هونراوەی شاطبی:

وَأَبْدَتْ سَنَا ثَغْرٍ صَفَتْ زرْقُ ظَلْمِهِ جَمَعْنَ وُرُودًا بَارِدًا عَطِرَ الطِّلَا

بەم شێوە: { وَجَآءَت سَّيَّارَةٌ ، حَصِرَت صُّدُورُهُمۡ ، خَبَت زِّدۡنَٰهُمۡ ، كَذَّبَت ثَّمُودُ، كَانَت ظَّالِمَةً ، نَضِجَت جُّلُودُهُم }.

تێبینی:- باسی تێکهەڵکێشی پیتی (ن) لە پیتەكانی (د) و (ط) نەكراوە لە(أُجِيبَت دَّعۡوَتُكُمَا ، قَالَت طَّآئِفَةٌ) چونكە بەسڕی هاوڕایە لەگەڵ حەفص.

6- پیتەكانی (د) و (ص) تێکهەڵکێش دەكرێت لە پیتی (ذ) لە یەك لە سورەتەكانی فاتیحەو مەریەم: { كٓهيعٓصٓ ۝ ذِّكۡرُ رَّحۡمَتِ }[1].

7- پیتی (د) تێکهەڵکێش دەكرێت لە پیتی (ث) لە سورەتی ئالی عیمران، ئایەتی145: { وَمَن يُرِد ثَّوَابَ } بەیەكەوە.

8- پیتی (د) تێکهەڵکێش دەكرێت لە وشەی (قد) لە هەر هەشت پیتەكانی كە بریتین لە:(س، ص، ز، ذ، ظ، ج، ش، ض)، كۆبۆتەوە لە سەرەتای هونراوەی شاطبی:

وَقَدْ سَحَبَتْ ذَيْلاً ضَفَا ظَلَّ زَرْنَبٌ جَلَتْهُ صَبَاهُ شَائِقاً وَمُعَلِّلَا

بەم شێوە: { لَّقَد سَّمِعَ، لَقَد صَّدَقَ ٱللَّهُ، وَلَقَد زَّيَّنَّا، وَلَقَد ذَّرَانَا، فَقَد ظَّلَمَ، قَد جَّآءَكُمۡ، قَد شَّغَفَهَا، قَد ضَّلُّواْ }.

[1] پێشەوا بەسڕی دەخوێنێتەوە بە ئیمالەی پیتی (ه) لەم شوێنە .

9- پیتی (ب) تێكهه‌ڵكێش ده‌كرێت له پیتی (م) له سوره‌تی به‌قه‌ره، ئایه‌تی284: { وَيُعَذِّبُ مَن }[1].

10- پیتی (ب)ی مه‌جزوم تێكهه‌ڵكێش ده‌كرێت له پیتی (ف) وه‌ك:
{ يَغْلِب فَّسَوْفَ، اَذْهَب فَّمَن، تَعْجَب فَّعَجَبٌ }.

11- پیتی (ل) له وشه‌ی (هل) تێكهه‌ڵكێش ده‌كرێت له پیتی (ت) ته‌نها له دوو شوێن له قورئانی پیرۆز، ئه‌وانیش بریتین له سوره‌ته‌كانی مولك، ئایه‌تی3 و حاقه ، ئایه‌تی8: { هَل تَّرَىٰ }.

تێبینی:- دووری و سوسی هاوڕان له هه‌موو خاڵه‌كانی پێشوو، به‌ڵام جیاوازی له نێوانیاندا هه‌یه له‌م خاڵه‌ی خواره‌وه:
به‌سری پیتی (ر)ی مه‌جزوم تێكهه‌ڵكێش ده‌كات له پیتی (ل) به یه‌ك له خوێندنه‌وه‌كانی دووری، شێوه خوێندنه‌وه‌ی دووه‌می دووری ئاشكراكردنه، واتا (اظهار) وه‌ك: { نَغْفِرْ لَكُمْ وَٱصْطَبِرْ لِعِبَٰدَتِهِۦ }.

ئاگاداركردنه‌وه:- له سوره‌تی مورسه‌لات ئایه‌تی20: { أَلَمْ نَخْلُقكُّم } پێشه‌وا به‌سری ده‌خوێنێته‌وه به یه‌ك له شێوه‌كانی خوێندنه‌وه‌ی دووری به تێكهه‌ڵكێشانی ته‌واو ، شێوه‌ی دووه‌می خوێندنه‌وه‌ی دووری تێكهه‌ڵكێشانی ناته‌واوه.

[1] له‌گه‌ڵ تێبینی ئه‌وه‌ی كه پێشه‌وا به‌سری پیتی (ب) مه‌جزوم ده‌كات.

➢ دووەم: تێکهەڵکێشانی گەورە

بریتیە لە تێکهەڵکێشکردنی پیتێکی جووڵەدار بە پیتێکی جووڵەداری تر لە دوای ئەو دێت، بە شێوەیەك هەردوو پیت دەبێتە یەك پێتی شەدەدار لە ڕەگەزی پیتی دووەم.

ناونانی بە تێکهەڵکێشی گەورە:

چونکە لە کاتی تێکهەڵکێشاندا پێویستی بە دوو هەنگاو هەیە یەکەمیان زەنەدارکردنی پیتی یەکەم، دووەمیان تێکهەڵکێشکردنی پیتی یەکەم لە دووەم.

تێبینی:

باسی ئەوەم نەکردووە کە تێکهەڵکێشەکەی لەسەر بنچینەی خۆیەتی، چونکە بەسری تێکهەڵکێشی بۆ دەکات وەك حەفص وەك: { تأمنا، أتحاجونّي، تأمرونّي، مكنّي }، چونکە بنچینەی ئەم وشە بریتیە لە [تأمننا، أتحاجونني، تأمرونني، مكنني].

بە مەرج داندراوە لە تێکهەڵکێشی گەورە:

تێکهەڵکێشی یەکەم لە دووەم بە نوسین و شێوە دەبێت کە ئەمەیان دەگرێتەوە:{ إِنَّهُۥ هُوَ } وئەمەیان دەردەچێت: { أَنَا۠ نَذِيرٌ }.

ئەوەشیان سێ بەشە: (هاووێنە – یەك ڕەگەز – لێك نزیك)

لەم سێ بەشە دووری تێکهەڵکێشانی نەکردووە تەنها لە یەك شوێن نەبێت ئەویش سورەتی نیساء، ئایەتی81: { بَيَّتَ طَّآئِفَةٌ } سوسیش هاوڕایە لەم بابەتە لەگەڵ دووری.

دەربارەی تێکهەڵکێشانی گەورە ئەوە تایبەتە بە پێشەوا سوسی، تەنها بابەتی پێشوو نەبێت، ئەوەی پێویستە قسەی لەسەر بکرێت لێرەدا ئەوەیە کە تێکهەڵکێشکردنی گەورە قەدەغەیە لە چوار شوێن:

1. پیتی یهكهم تائی جێناو بوو جیاوازیش نیه بۆ قسهكهر بهكار هاتبێت وهك: { كُنتُ تُرَٰبًا }، یان گوێگر(كهسی دووهم) وهك: { أَفَأَنتَ تُكۡرِهُ ٱلنَّاسَ، وَمَا كُنتَ ثَاوِيًا، لِمَنۡ خَلَقۡتَ طِينًا }.

2. پیتی یهكهم تهنویندار‌بێت وهك: { وَٰسِعٌ عَلِيمٌ، ظُلُمَٰتٍ ثَلَٰثٍۚ }.

3. پیتی یهكهم شهدهداربێت وهك: { فَتَمَّ مِيقَٰتُ رَبِّهِۦٓ، أَشَدَّ ذِكۡرٗاۗ، ٱلۡحَقُّ كَمَنۡ هُوَ أَعۡمَىٰٓۚ، لَنُؤۡمِنَنَّ لَكَ }.

4. پیتی یهكهم مهجزوم بێت، ئهوهش ڕوینهداوه تهنها له یهك شوێن نهبێت له قورئانی پیرۆز، ئهویش سوڕهتی بهقهڕهیه، ئایهتی247. { وَلَمۡ يُؤۡتَ سَعَةٗ } ئهو قهدهغهیهش تایبهته به یهك ڕهگهزو لێك نزیكی گهوره، بهلاَم بۆ هاووێنه نیه، لهسهر ئهوه پێویسته نمونهكانی ڕابردوو هاووێنهكانی دهربكهوێت.

➢ **بهشی یهكهم: هاووێنهی گهوره.**

بریتیه له یهكسانی دوو پیت له شوێنی دهرچوون و سیفهتهكهی دهكهوێته یهك وشه یان دوو وشه.

1- له یهك وشه:

سوسی تێكهڵكێشان دهكات تهنها له دوو شوێندا له ههموو قورئانی پیرۆز شوێنی سێیهمی نیه، ئهوانیش: له سوڕهتی بهقهڕه ئایهتی200 { مَنَٰسِكَكُمۡ } وسوڕهتی موددهثیر ئایهتی42 : { سَلَكَكُمۡ } وهك: [إِنَّ وَلِـِّۧيَ ٱللَّهُ ، وُجُوهُهُم]، تێكهڵكێشانی بۆ نیه.

2- لە دوو وشە :

سوسی ئەوەیان تێكهەڵكێش دەكات، ئەوەیان زۆر هاتووە لە قورئانی پیرۆز، لە حەڤدە شوێندا كە بریتین لە: [ب, ت, ث, ح, ر, س , ع, غ, ف, ق, ك, ل, م, ن , هـ, و, ي]، وەك: { ٱلرَّحِيمِ مَّٰلِكِ، يَعۡلَمُ مَّا يُسِرُّونَ، حَيۡثُ ثَّقِفۡتُمُوهُمۡ، وَطُبِعَ عَّلَىٰ، خُذِ ٱلۡعَفۡوَ وَّأۡمُرۡ، فِيهِ هُّدٗى لِّلۡمُتَّقِينَ، لَذَهَبَ بِّسَمۡعِهِمۡ، شَهۡرُ رَّمَضَانَ }.

تێبینی1:

لە بابەتی هاووێنەی گەورەدا لە دوو وشە تێكهەڵكێشان قەدەغەدەبێت ئەگەر لە پێش پیتە تێكهەڵكێشانەكە پیتی (ن)ی شاراوە (مخفاة) **هەبوو، ئەوەش ڕوونادات تەنها لە سورەتی لوقمان، ئایەتی**23 **نەبێت،** { فَلَا يَحۡزُنكَ كُفۡرُهُۥٓۚ }**، هۆكاری قەدەغەبوونەكەشی بریتیە لە قورساتی شەدە لە دوای شاردنەوەی، گوتراوە كاتێك پیتی (ن) شاردراوەتەوە لە گەیشتنی بە پیتی (ك) شاردنەوەش نزیكە لە تێكهەڵكێشان پیتی (ك) وا نیشان دەدات كە تێكهەڵكێشانی بۆ كراوە، بۆتە پیتێكی شەدەدار بۆیە تێكهەڵكێشانی لیٚ قەدەغەكراوە.**

تێبینی2:

سوسی دوو شێوە خوێندنەوەی هەیە:

ئاشكراكردن و تێكهەڵكێشان تەنها لە سیٚ شوێن لە قورئانی پیرۆز بەم شێوە:

- **سورەتی ئالی عیمران، ئایەتی**85: { وَمَن يَبۡتَغِ غَيۡرَ } **چونكە بنچینەكەی [** يبتغي غير **] پیتی یەكەمی لابردووە لەپێناو جەزمەی.**

❖ سوره‌تی یوسف، ئایه‌تی9: { يَخۡلُ لَكُمۡ } چونكه بنچینه‌كه‌ی [يخلو لكم] پیتی یه‌كه‌می لابردووه له‌پێناو جه‌زمه‌ی.

❖ سوره‌تی غافر، ئایه‌تی28: { يَكُ كَٰذِبٗا } چونكه بنچینه‌كه‌ی [يكون كاذباً]، پاشان جه‌زمه‌ی چۆته سه‌ر، پیتی (ن) مه‌جزوم بووه دوو زه‌نه كۆبۆته‌وه ئه‌ویش پیتی (ن)و پیتی (و) پیتی (و) لابردراوه به‌هۆی ڕزگاربوون له گه‌یشتنه دوو پیت، پاشان پیتی (ن) لابردراوه به هۆی ئاسانكردن.

➢ به‌شی دووه‌م: له‌یه‌كتر نزیك و یه‌ك ڕه‌گه‌زی گه‌وره:

1- له یه‌ك وشه‌دا:

له‌باری گه‌یشتنه دوو لێك نزیك یان دوو یه‌ك ڕه‌گه‌ز له یه‌ك وشه، پێشه‌وا سوسی تایبه‌ت ده‌كات له نێوان ئه‌و پیتانه‌ی له‌یه‌كتر نزیكن ته‌نها دوو پیت، ئه‌وانیش پیته‌كانی (ق)و پیتی (ك) تێكهه‌ڵكێشانی ته‌وایان بۆ ده‌كرێت، واتا شێوه‌ی به‌رزی وه‌رده‌گرێت له پیتی (ق) له هه‌موو قورئانی پیرۆزدا، به‌م شێوه:

[رَزَقَكُمُ، خَلَقَكُمۡ]، ئه‌وه‌ش به دوو مه‌رج:

أ. ده‌بێت پێش پیتی (ق) جووڵه‌دار بێت.

ب. ده‌بێت پاش پیتی (ك) پیتی (م)ی كۆ بێت.

ئه‌گه‌ر یه‌ك له‌م مه‌رجانه نه‌هاته دی وه‌ك:(میثاقكم، فوقكم، يرزُقك) ئه‌وه تێكهه‌ڵكێشان دروست نابێت.

سوسی: دوو شێوه خوێندنه‌وه‌ی بۆ هه‌یه له سوره‌تی ته‌حریم، ئایه‌تی5:

{ طَلَّقَكُنَّ }، تێكهه‌ڵكێشان ئه‌وه‌یان پێش ده‌كه‌وێت له‌گه‌ل ئاشكراكردن، هۆی تێكهه‌ڵكێشانه‌كه‌ش لێره‌دا مه‌رجه‌كانی تێدا هاتۆته دی، چونكه پیتی (ن)ی به‌كارهاتوو بۆ مێ شوێنی پیتی (م)ی كۆی به كار هاتوو بۆ نێر كرتۆته‌وه، ئه‌وه‌ش

قورسترە لەو، ئەو جووڵەدارو شەدەدارە، جووڵە قورسترە لە زەنە، شەدەش قورسترە لە سوك كردن، ئەویان لە پێش ترە بۆ تێكهەڵكێشان لە وانی تر.

2- لە دوو وشە:

سوسی تێكهەڵكێشان دەكات بۆ پیتی یەكەم و پیتی دووەم لە یەك ڕەگەزو لەیەكتر نزیك لە دوو وشە ئەوەش لە قورئانی پیرۆز لە شازدە پیتدا هەیە بەم شێوە:(د , ت , ث , ذ , س , ن، ر , ل , ض , ج , ش , ق , ك , ح , م , ب) شاطبی كۆی كردونەتەوە لە سەرەتای وشەكانی ئەم هونراوە:

شِفَا لَمْ تَضِقْ نَفْسًا بِهَا رُمْ دَوَا ضَنٍ ثَوَى كَانَ ذَا حُسْنٍ سَأى مِنْهُ قَدْ جَلَا

دەربارەی ئەو شازدە پیتەی كە باسكران تێكهەڵكێشانیان بۆ دەكرێت ئەوانەن:

1- پیتی (د) تێكهەڵكێشانی بۆ دەكرێت لە دە پیت كە ئەمانەن:(ت، س، ص، ز، ذ، ث ، ظ ، ض، ش، ج)، ئەوەش بەم شێوەیە: [ٱلۡمَسَٰجِدِ تِّلۡكَ ، عَدَدَ سِّنِينَ ، فِي ٱلۡمَهۡدِ صَّبِيًّا ، يَكَادُ زَّيۡتُهَا ، بَعۡدِ ذَّٰلِكَ ، يُرِيدُ ثَّوَابَ ، بَعۡدِ ظُّلۡمِهِۦ ، بَعۡدِ ضَّرَّآءَ ، وَشَهِدَ شَّاهِدٌ ، دَاوُۥدُ جَّالُوتَ]

ئەو پیتانە كۆبونەتەوە لەم پارچە هونراوە:

وللدالِ كِلْمٌ تُرْبُ سَهلٍ ذَكَا شَذاً ضَفَا ثُـمَّ زُهْدٌ صِدقُهُ ظاهرٌ جَلا

قەدەغە:

ئەوەی لە ڕابردودا باس كرا تێكهەڵكێشانی پیتی (د)ی فەتحەدار لەدوای زەنەدارێك وەك: [بعْدَ ذَلك زنيم، آل داودَ شكراً، لداودَ سليمان، بعْدَ ثبوتها، داود زبوراً] ئەو قەدەغەكردنەش هەموو پیتەكان دەگرێتەوە ئەوەی دەكەوێتە دوای پیتی (د) تەنها پیتی (ت) نەبێت، ئەو تێكهەڵكێش دەكرێت بەهۆی بەهێزی یەك ڕەگەزی ئەوەش لە

سورەتی تەوبە، ئایەتی117 بەم شێوەیە: [كَادَ تَّزِيغُ][1]. و سورەتی نەحل، ئایەتی91 ، [بَعۡدَ تَّوۡكِيدِهَا] شوێنی سێیەمی بۆ نیە.

2- پیتی (ت) تێکهەڵکێشانی بۆ دەکرێت لەگەڵ دە پیت:(ط , ث , ذ , ظ، س , ص , ز , ج , ش , ض) بەم شێویە: [ٱلصَّٰلِحَٰت طُّوبَىٰ، ٱلصَّٰلِحَٰت ثُّمَّ، وَٱلذَّٰرِيَٰت ذَّرۡوٗا، ٱلۡمَلَٰٓئِكَة ظَّالِمِي، ٱلسَّحَرَة سَّٰجِدِينَ، وَٱلۡمَلَٰٓئِكَة صَّفّٗا، إِلَى ٱلۡجَنَّة زُّمَرًا، ٱلصَّٰلِحَٰت جَّنَّٰتٍ، ٱلسَّاعَة شَّيۡءٌ، وَٱلۡعَٰدِيَٰت ضَّبۡحٗا]

تێبینی:-

پیتی (ت) تێکهەڵکێش دەکرێت لە خودی پیتەکانی (د) جگە لە پیتی (ط) لە بری پیتی (ت) بە مەرج دانەنراوە لە کاتی تێکهەڵکێش کردنی پیتی (ت) بە پیتەکانی ڕابردوو بەوەی کە بە مەرج گیراوە بۆ پیتی (د) بەوەی کە تێکهەڵکێش ناکرێت ئەگەر ببێتە فەتحەدار لە دوای زەنەدارێك، چونکە پیتی (ت) بەم شێوە نابێت جگە لەوەی تەنها دەبێتە پیتێکی قسەکردن (خطاب)، لە ڕابردووش باسی جیاکردنەوەی کرا وەك:(دخلت جنتك) لە سورەتی کەهف، ئایەتی39 و سورەتی طـه، ئایەتی36،(قد أوتيت سؤلك).

دوو شێوەی هەیە، تێکهەڵکێشان ئەوەیان پێش دەکەوێت لەگەڵ ئاشکراکردن ، ئەوەش لە پێنج شوێندا بەم شێوەیە:

أ- [وَءَاتُواْ ٱلزَّكَوٰة ثُّمَّ] سورەتی بەقەرە، ئایەتی83.

ب- [وَلۡتَأۡت طَّآئِفَةٌ] سورەتی نیساء، ئایەتی102.

ت- [وَءَات ذَّا ٱلۡقُرۡبَىٰ حَقَّهُۥ] سورەتی ئیسراء، ئایەتی26. و سورەتی ڕووم، ئایەتی38.

---

[1] بەسری ئەم شوێنە دەخوێنێتەوە بە پیتی (ت) لەبری پیتی (ی) بەم شێوەیە : [تزيغ] .

ث- [جيت شَّيـًٔا] سوره‌تی مه‌ریه‌م، ئایه‌تی27.

ج- [حُمِّلُواْ ٱلتَّوۡرَىٰةَ ثُّمَّ] سوره‌تی جومعه، ئایه‌تی5.

3- پیتی (ث) تێكهه‌ڵكێش ده‌كرێت، له‌ پێنج پیت به‌م شێوه‌:(ت، س، ذ، ش، ض)، كۆمه‌ڵیكه‌ له‌ سه‌ره‌تای وشه‌كاندا: [تُرْبُ سَهلٍ ذَكَا شَذاً ضَفَا] به‌م شێوه‌:
[ٱلۡحَدِيث تَّعۡجَبُونَ ٱلۡحَدِيثۗ سَّنَسۡتَدۡرِجُهُم وَٱلۡحَرۡثۗ ذَّٰلِكَ ثَلَٰث شُّعَبٍ حَدِيثُ ضَّيۡفِ].

4- پیتی (ح) تێكهه‌ڵكێش ده‌كرێت له‌ یه‌ك پیت ئه‌ویش پیتی (ع) ئه‌وه‌ش له‌ یه‌ك شوێن له‌ قورئانی پیرۆز به‌م شێوه‌: { فَمَن زُحۡزِح عَّنِ ٱلنَّـارِ } سوره‌تی ئالی عیمران، ئایه‌تی185، له‌وه‌ش ئاشكراتر به‌م شێوه‌یه‌:(المسيحُ عيسى).

5- پیتی (ج) تێكهه‌ڵكێش ده‌كرێت له‌ دوو پیت ئه‌وانیش پیتی (ت)و پیتی (ش) ئه‌وه‌ش له‌ دوو شوێن: { ذِى ٱلۡمَعَارِج ۝٣ تَّعۡرُجُ } سوره‌تی معارج، ئایه‌تی3، و سوره‌تی فه‌تح، ئایه‌تی29، { أَخۡرَج شَّطۡـَٔهُۥ } شوێنی سێیه‌می نیه‌ له‌ قورئانی پیرۆز.

6- پیتی (ب) تێكهه‌ڵكێش ده‌كرێت له‌گه‌ڵ یه‌ك پیت ئه‌ویش پیتی (ل) له‌ وشه‌ی:
{ يُعَذِّب مَّن يَشَآءُ } واتا پیتی (ب) تێكهه‌ڵكیش ده‌كرێت له‌ (يعذب) كه‌ مه‌رفوعه‌ له‌ پیتی (م)(من يشاء) كه‌ له‌ له‌ قورئانی پیرۆزدا هاتووه‌، ئه‌وه‌ش له‌ پێنج شوێندا بوونی هه‌یه‌: سوره‌تی مائیده‌، ئایه‌تی40، له‌وه‌ش ئاشكراتر سوره‌تی حه‌ج، ئایه‌تی73،(ضُرِبَ مثل)و سوره‌تی ئالی عیمران، ئایه‌تی94،(الكذبَ مِن).

7- پیتی (ذ) تێكهه‌ڵكێش ده‌كرێت له دوو پیت ئه‌وانیش (س) و (ص) وه‌ك: { فَٱتَّخَذَ سَبِيلَهُۥ } سوره‌تی كه‌هف، ئایه‌تی61: { وَٱتَّخَذَ سَبِيلَهُۥ } سوره‌تی كه‌هف، ئایه‌تی63: { مَا ٱتَّخَذَ صَٰحِبَةً } سوره‌تی جن، ئایه‌تی3، جگه له‌م سێ شوێنه له شوێنی تر نه‌هاتووه.

8- پیتی (س) تێكهه‌ڵكێش ده‌كرێت له دوو پیت ئه‌وانیش (ز) و (ش)، ده‌رباره‌ی پیتی (ز) تێكهه‌ڵكێش ده‌كرێت له‌گه‌ڵ پیتی (س) له یه‌ك شوێن له قورئانی پیرۆز بێ كێشه‌و جیاوازی به‌م شێوه: { وَإِذَا ٱلنُّفُوسُ زُوِّجَتۡ } سوره‌تی ته‌كویر، ئایه‌تی7، ده‌رباره‌ی پیتی (ش) دوو خوێندنه‌وه‌ی بۆ هه‌یه: تێكهه‌ڵكێشان ئه‌وه‌یان پێش ده‌كه‌وێت له‌گه‌ڵ ئاشكراكردن وه‌ك: { وَٱشۡتَعَلَ ٱلرَّأۡسُ شَيۡبٗا } سوره‌تی مه‌ریه‌م، ئایه‌تی4. جگه له‌م شوێنه تێكهه‌ڵكیشی بۆ نیه وه‌ك:(إن اللهَ لا يظلمُ الناسَ شيئاً).

9- پیتی (ش) تێكهه‌ڵكێش ده‌كرێت له پیتی (س) ئه‌وه‌ش له یه‌ك شوێن له قورئانی پیرۆز هاتووه، وه‌ك: { لَّٱبۡتَغَوۡاْ إِلَىٰ ذِي ٱلۡعَرۡشِ سَبِيلٗا } سوره‌تی ئیسڕاء، ئایه‌تی42.

10- پیتی (ض) تێكهه‌ڵكێش ده‌كرێت له پیتی (ش) ئه‌وه‌ش له یه‌ك شوێن له قورئانی پیرۆز هاتووه، وه‌ك: { فَإِذَا ٱسۡتَـٔۡذَنُوكَ لِبَعۡضِ شَأۡنِهِمۡ } سوره‌تی نور، ئایه‌تی62.

11- پیتی (ك) تێكهه‌ڵكێش ده‌كرێت له پیتی (ق) ئه‌گه‌ر پێش خۆی جووڵه‌دار بێت، وه‌ك: { وَيَجۡعَل لَّكَ قُصُورَۢا } سوره‌تی فورقان، ئایه‌تی10، ئه‌گه‌ر پیتی پێش پیته كافه‌كه زه‌نه‌داربێت تێكهه‌ڵكێش ناكرێت وه‌ك:(وتركوك قائماً) سوره‌تی جومعه، ئایه‌تی11. و(يحزنك قولهم) له سوره‌تی یونس، ئایه‌تی65. و(إليك قال) سوره‌تی ئه‌عراف، ئایه‌تی156.

12- پیتی (ق) تێكهه‌ڵكێش ده‌كرێت له‌ پیتی (ك) ئه‌گه‌ر پێش خۆی جووڵه‌دار بێت، وه‌ك: { يُنفِقُ كَيْفَ يَشَآءُ } له‌ سوره‌تی مائیده‌، ئایه‌تی64. ئه‌گه‌ر پیتی پێش پیته‌ قافه‌كه‌ زه‌نه‌داربێت تێكهه‌ڵكێش ناكرێت وه‌ك:(وفَوْقَ كلِّ ذي علم) له‌ سوره‌تی یوسف، ئایه‌تی76.

13- پیتی (ل) تێكهه‌ڵكێش ده‌كرێت له‌ پیتی (ر) وه‌ك: { كَمَثَلِ رِّيحٍ فِيهَا }، ئه‌گه‌ر پیته‌ لامه‌كه‌ فه‌تحه‌داربێت و پیته‌كه‌ی پێش خۆی زه‌نه‌داربێت تێكهه‌ڵكێش ناكرێت وه‌ك:(فعصوا رسولَ ربهم) له‌ سوره‌تی حاقه‌، ئایه‌تی10. ئه‌گه‌ر پیته‌ لامه‌كه‌ فه‌تحه‌دار بوو وكه‌وته‌ دوای جووڵه‌دارێك وه‌ك: { جَعَلَ رَّبُّكِ } ئه‌وه‌ تێكهه‌ڵكێشده‌كرێت، به‌ڵام پیتی (ل) جیاده‌كرێته‌وه‌ له‌ وشه‌ی(قال) به‌هه‌رشێوه‌یه‌ك هاتبێت له‌ قورئانی پیرۆز ئه‌وكات تێكهه‌ڵكێش ده‌كرێت وه‌ك: { قال ربك، قال رجلان } هۆی تێكهه‌ڵكێشانه‌كه‌ی ده‌گه‌ڕێته‌وه‌ بۆ زۆر به‌كارهاتنی له‌ قورئانی پیرۆز.

14- پیتی (ر) تێكهه‌ڵكێش ده‌كرێت له‌ پیتی (ل) وه‌ك: { وَسَخَّر لَّكُمُ }، ئه‌گه‌ر پیته‌ ڕائه‌كه‌ فه‌تحه‌داربوو وپیتی پێش خۆی زه‌نه‌داربێت تێكهه‌ڵكێش ناكرێت وه‌ك:(وافعلوا الخير لعلكم، والحمير لتركبوها، البحْر لتركبوا، الأبرارَ لفي)، به‌ڵام ئه‌گه‌ر پیتی (ر) فه‌تحه‌داربوو له‌ دوای جووڵه‌دارێك وه‌ك: { وَسَخَّر لَّكُمُ } ئه‌وه‌ تێكهه‌ڵكێش ده‌كرێت، یان پیتی (ر) كه‌ زه‌نه‌داری بوو وه‌ك: { وَإِلَيْكَ ٱلْمَصِير ٢٨٥ لَّا يُكَلِّفُ } ئه‌وه‌ تێكهه‌ڵكێش ده‌كرێت، یان پیتی (ر) كه‌سره‌داربێت له‌ دوای زه‌نه‌دارێك وه‌ك:

{ بِٱلذِّكْر لَّمَّا ، ٱلْأَبْرَارِ لَّفِى عِلِّيِّينَ } ئه‌وه‌ تێكهه‌ڵكێش ده‌كرێت.

15- **پیتی (م)ی جووڵەدار دەشاردرێتەوە لە گەیشتنی بە پیتی (ب) دوای زەنەدارکردنی ئەگەر نەکەوێتە دوای زەنە وەك:** { أَعْلَم بِكُمْ ، عَلَّم بِٱلْقَلَمِ ، يَحْكُم بَيْنَهُمْ }، **ئەگەر پێش پیتی (م) زەنەداربوو نابێت زەنەی بخرێتە سەرو شاردنەوەی بۆ بکرێت وەك:**(إبراهيم بنيه، الأرحامِ بعضُهُم) **ئەوە تێکهەڵکێش ناکرێت.**

16- **پیتی (ن) تێکهەڵکێش دەکرێت لە دوو پیت ئەوانیش (ل) و (ر) ئەگەر نەکەوێتە پێش پیتی (ن) زەنەدارێك وەك:** { خَزَآئِنُ رَبِّكَ ، لَن نُّؤمِن لَّكَ }، **ئەگەر پێش پیتی (ن) زەنەداربێت ئەوە تێکهەڵکێش ناکرێت**(يخافونَ ربهم، أنى يكونُ له، لا يستطيعون لهم)، **جیادەکرێتەوە پیتی (ن) لە وشەی** [نَحْنُ] **ئەوەیان تێکهەڵکێش دەکرێت لە پیتی (ل) لەهەرشوێنێك بێت لە قورئانی پیرۆز وەك:** { وَنَحْنُ لَهُۥ مُسْلِمُونَ } **هۆکاری تێکهەڵکێشانەکەی دەگەڕێتەوە بۆ زۆر بەکارهاتنی لە قورئانی پیرۆز.**

تێبینیه گشتیهكان
لهسهر تێكههڵكێشان

✓ ههركاتێك كۆتایی ههر سورهتێك به پیتێكی جووڵهدار هات ئهو كاته دروسته تێكههڵكێشانی بۆ بكرێت له پیتی (ب) له وشهی(بهسمهله) ئهوه تێكههڵكێشانی بۆ دهكرێت. ئهوهش ڕوی نهداوه تهنها له دوو شوێن نهبێت وهك: كۆتایی سورهتی ڕهعد، لهگهڵ بهسمهلهی سورهتی ئیبراهیم، ﴿ وَمَنْ عِندَهُۥ عِلْمُ ٱلْكِتَـٰبِ ﴿٤٣﴾ بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَـٰنِ ٱلرَّحِيمِ ﴾، وكۆتایی سورهتی ئیبراهیم لهگهڵ بهسمهلهی سورهتی حیجر ﴿ وَلِيَذَّكَّرَ أُو۟لُوا۟ ٱلْأَلْبَـٰبِ ﴿٥٢﴾ بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَـٰنِ ٱلرَّحِيمِ ﴾، دهربارهی كۆتایی سورهتی تهوبه لهگهڵ بهسمهلهی سورهتی یونس، ﴿ وَهُوَ رَبُّ ٱلْعَرْشِ ٱلْعَظِيمِ ﴿١٢٩﴾ بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَـٰنِ ٱلرَّحِيمِ ﴾ تێكههڵكێشانی بۆ ناكرێت بههۆی زهنهداربوونی پێش پیتی (م).

✓ ههركاتێك بگهی به كۆتایی ههر سورهتێك به سهرهتای ئهو سورهتهی له دوای ئهو دێت – بهشێوهی نهبونی بهسمهله – لێرهشدا پێویست بوو تێكههڵكێشان بكرێت، ئهوه تێكههڵكێشان ڕودهدات، وهك: كۆتایی سورهتی قهدهر لهگهڵ سهرهتای سورهتی بهیینه ، وهك: ﴿ ٱلْفَجْرِ ﴿٥﴾ لَمْ يَكُنِ ٱلَّذِينَ ﴾، بهشێوهیهك ئهم نمونهیه به تاكه شوێن دادهندرێت بۆ ئهو سورهتانهی بهدوای یهك دادێن – ههركاتێك بهپێی ڕیزبهندی شێوهی قورئان سورهتهكانمان خوێند ئهگهرنا باری تر ڕوو دهدات وهك: ﴿ وَلَا ٱلضَّآلِّينَ * نٓ ۚ وَٱلْقَلَمِ ﴾، ئهم نمونه تێكههڵكێشانی تێدا ڕودهدات.

- هەرکاتێك پێش پیتی تێکهەڵکێش پیتێکی درێژکراو بێت یان پتێکی نەرم بێت دروستە لە پیتە درێژکراوەکە(درێژکردنەوەی دوو یان چوار یان شەش جووڵە) لە باری تێکهەڵکێشاندا وەك: { كَيۡفَ فَّعَلَ ، ٱلرَّحِيمِ ۝ مَّٰلِكِ }.

- تێکهەڵکێشانی پیتی (ر)ی لەرِیْ لادراوی مەجرِورو قەدەغە ناکرێت لە ئیمالە – واتا خوێندنەوە لە نێوان – جیاوازیش نیە لە باری وەستان یان نەوەستنناندا بێت وەك: { وَٱلنَّهَارِ لَّأٓيَٰتٖ } سورەتی ئالی عیمران، ئایەتی190.

- لە باری تێکهەڵکێشاندا دروستە لە پیتی یەکەم: تێکهەڵکێشانی تەواو لەگەڵ رِوم و ئیختلاس(واتا هێنانی سێ بەشی جووڵە) – و ئیشمام(جولاندنی هەردوو لێوەکان بە ضەممە بە بێ دەنگی) – ئەوەش بەپێی جووڵەی یەکەم وەك: { وَنَحۡنُ نُّسَبِّحُ، وَٱلۡحَرۡثُۗ ذَّٰلِكَ دَارُ ٱلۡخُلۡدِۖ جَّزَآءَۢ، مِنۢ بَعۡدِ ظُّلۡمِهِۦ، فِي ٱلۡمَهۡدِ صَّبِيّٗا، مِنَ ٱلۡعِلۡمِۙ مَّا لَّكَ }، ئەوەی رِابردوو لە هەموو قورئانی پیرۆزدا تەنها لە پێنج شوێن دا هەیە، چواریان لەباری گەیشتن بە یەکە پیتی (م) بە پیتی (م) وەك: [يَعۡلَم مَّا] یان پیتی (م) بە پیتی (ب) وەك: [أَعۡلَمُ بِّكُمۡۖ] یان پیتی (ب) بە پیتی (ب) وەك: [نُصِيبُ بِّرَحۡمَتِنَا] یان پیتی (ب) بە پیتی (م) وەك: [وَيُعَذِّبُ مَّن]، وێنەی پێنجەم جیاوازی لەسەرە، بۆچوونی رِاست ئەوەیە کە شوێن کەوتەی شێوەی چوارەم دەبێت لە رِوی برِیارەوە بەم شێوە: پیتی (ف) بە پیتی (ف) وەك: [تَعۡرِفُ فِيٓ] لێرەدا ئیشمام رِونادات لە وێنەی پێنجەم ئەوەش بە هۆی خستنە سەر یەکتری لێوەکان، ئەو شێوە خوێندنەوانەش دروستە جگە لە شێوەی پێنجەم[1].

---

[1] بەشێك لە زانایان دەفەرموون : رِوم و ئیشمام نیە لە وێنەی پێنجەم ئەوەی من بۆی دەچم بریتیە لەوەی کە رِوم دروستە.

أ- هەركاتێك لە دوای پیتی تێكهەڵكێشكراو ضـەممە هات پیتی درێژكردنەوەشی لە پێشدا نەهاتبوو تێیدا ڕودەدات(ڕوم ، ئیشمام ، تێكهەڵكێشانێكی تەواو) وەك: {وَنَحۡنُ نُسَبِّحُ ، يُنفِقُ كَيۡفَ}.

ب- هەركاتێك لە دوای پیتی تێكهەڵكێشكراو كەسرەدارێك هات پیتی درێژكردنەوەشی لە پێشدا نەهاتبوو تێیدا ڕودەدات(ڕوم، تێكهەڵكێشانێكی تەواو) وەك: {كَذَٰلِكَ قَالَ}.

ت- هەركاتێك لە دوای پیتی تێكهەڵكێشكراو فەتحەدارێك هات پیتی درێژكردنەوەشی لە پێشدا نەهاتبوو تێیدا ڕودەدات(تێكهەڵكێشانێكی تەواو) وەك: { فَعَلَ رَبُّكَ }.

ث- هەركاتێك لە دوای پیتی تێكهەڵكێشكراو ضـەممە هات پیتی درێژكردنەوە یان لەینی لە پێشدا هاتبوو ئەوە حەوت شێوەی بۆ هەیە:(شێوەی ڕوم لەگەڵ هەڵوەشاندنەوەی تێكهەڵكێشانێكی كەم، وەسێ شێوەی تر بە ئیشمام لەگەڵ درێژكردنەوەی دوو یان چوار یان شەشە جووڵە وسێ شێوەی تر بە تێكهەڵكێشانی تەواو لەگەڵ درێژكردنەوەی دوو یان چوار یان شەش جووڵە) وەك: { حَيۡثُ شِئۡتُمَا }.

ج- هەركاتێك لە دوای پیتی تێكهەڵكێشكراو كەسرەدارێك هات وپیتی درێژكردنەوە یان لەینی لە پێشدا هاتبوو ئەوە چوار شێوەی بۆ هەیە:(شێوەی ڕوم لەگەڵ هەڵوەشاندنەوەی تێكهەڵكێشانێكی كەم، وەسێ شێوەی تر بە تێكهەڵكێشانی تەواو لەگەڵ درێژكردنەوەی دوو یان چوار یان شەش جووڵە) وەك: { ٱلنِّكَاحِ حَتَّىٰ }.

ح- ههركاتێك له دوای پیتی تێكههڵكێشكراو فهتحهدارێك هات وپیتی درێژكردنهوه یان لهینی له پێشدا هاتبوو ئهوه سێ شێوهی بۆ ههیه: تێكههڵكێشانی تهواو لهگهڵ درێژكردنهوهی دوو یان چوار یان شهش جووڵه، وهك: { قِيل لَّهُمۡ }.



جیبەجیكردنیكی گشتی لەسەر
- ڕوم و ئیشمام و تێكهەڵكێشی گەورە -

1- ئایەتێك له قورئانی پیرۆز تێیدا كۆبۆتەوە، تێكهەڵكێشكردنێك یەكەمیان كەسرەدارو تێكهەڵكێشكردنێك یەكەمیان ضـەممەدار، بەم شێوە: { إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ سَيَجۡعَلُ لَهُمُ ٱلرَّحۡمَٰنُ وُدّٗا }، سورەتی مەریەم، ئایەتی96.

	تێكهەڵكێشی كەسرەداری یەكەم	تێكهەڵكێش ضـەمەی یەكەم
شێوەی دروست	ٱلصَّٰلِحَٰتِ سَيَجۡعَلُ	سَيَجۡعَلُ لَهُمُ
1	زەنەی تەواو	زەنەی تەواو
2	زەنەی تەواو	ئیشمام
3	ڕوم	ڕوم

سوسی سێ شێوە خوێندنەوەی هەیە بۆ پیتی درێژكردنەوەی پێشوو بۆ تێكهەڵكێشان ئەویش (درێژكردنەوەی دوو یان چوار یان شەش جووڵە)

2- ئایەتێك له قورئانی پیرۆز تێیدا كۆبۆتەوە، تێكهەڵكێشكردنێك یەكەمیان كەسرەدارو تێكهەڵكێشكردنێك یەكەمیان فەتحەدارو تێكهەڵكێشكردنێك یەكەمیان ضـەممەدار، بەم شێوە: { قَالُواْ كَذَٰلِكِ قَالَ رَبُّكِۖ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلۡحَكِيمُ ٱلۡعَلِيمُ }، سورەتی ذاریات، ئایەتی3

	تێكهەڵكێش كەسرەی یەكەم	تێكهەڵكێش فەتحەی یەكەم	تێكهەڵكێش ضـەمەی یەكەم
شێوەی دروست	كَذَٰلِكِ قَالَ	قَالَ رَبُّكِۖ	إِنَّهُۥ هُوَ
1	زەنەی تەواو	زەنەی تەواو	زەنەی تەواوو
2	زەنەی تەواو	زەنەی تەواو	ئیشمام
3	ڕوم	زەنەی تەواو	ڕوم

سوسی سێ شێوە خوێندنەوەی هەیە بۆ پیتی درێژکردنەوەی پێشوو بۆ تێکهەڵکێشان ئەویش (درێژکردنەوەی دوو یان چوار یان شەش جوولە)

3– ئایەتێك لە قورئانی پیرۆز تێیدا کۆبۆتەوە، تێکهەڵکێشکردنێك یەکەمیان کەسرەدارو تێکهەڵکێشکردنێك یەکەمیان فەتحەدارو تێکهەڵکێشکردنێك یەکەمیان ضـەممەدار.

بەم شێوە: { قَالَ رَبِّ إِنِّي وَهَنَ ٱلۡعَظۡمُ مِنِّي وَٱشۡتَعَلَ ٱلرَّاسُ شَيۡبًا }، سورەتی مەریەم، ئایەتی 4.

	تێکهەڵکێش فه تحەی یەکەم	تێکهەڵکێش ضـەمەی یەکەم	تێکهەڵکێش ضـەمەی یەکەم دوو شێوەی هەیە
شێوەی دروست	قَالَ رَبِّ	ٱلۡعَظۡمُ مِنِّي	ٱلرَّاسُ شَيۡبًا
1	زەنەی تەواو	زەنەی تەواو	زەنەی تەواوو تێکهەڵکێش
2	زەنەی تەواو	زەنەی تەواو	بێ تێکهەڵکێش
3	زەنەی تەواو	زەنەی تەواو	ئیشمام
4	زەنەی تەواو	ڕەوم	ڕەوم لەسەر شێوەی تێکهەڵکێش
5	زەنەی تەواو	ڕەوم	بێ تێکهەڵکێش

سوسی سێ شێوە خوێندنەوەی هەیە بۆ پیتی درێژکردنەوەی پێشوو بۆ تێکهەڵکێشان ئەویش (درێژکردنەوەی دوو یان چوار یان شەش جوولە)

ئەوەی بۆی زیاد بکە کە (العظم منی) ئیشمامی تێدا نیە، چونکە ئیشمام دروست نیە لە پیتەکانی لێو.

لە شێوەی چوارەم باس كراوە(ڕوم لەسەر شێوەی تێكهەڵكێش)، مەبەستم لێرەدا لە باری دروستكردنی تێكهەڵكێشان واتا هەڵوەشاندنەوەیەتی تا بیكەی بە ڕوم چونكە نابێتە تێكهەڵكێشی تەواو لەگەڵ ڕوم.

حوكمی بەیەك گەیشتنی دوو پیتی زەنەدار

ئەگەر دوو پیتی زەنەدار بەیەك گەیشتن لە دوو وشەدا، بەسڕی زەنەی وشەی یەكەم دەگۆڕێت بە ضەممە بە دوو مەرج:

یەكەم: ئەگەر وشەی دووەم دەست پێ كردنی بە هەمزەی وەصلی ضەممەدار بوو.

دووەم: دەبێت زەنەداری یەكەم وشەی(أَوْ) بێت یان(قُلْ) بێت وەك: { قلُ ادعوا اللهَ أوُ ادعوا الرحمن۝ أوُ انقص۝ أوُ اخرجوا }.

دەچێتە دەر لەوەی پێشتر باسكرا ئەگەر وشەی دووەم بە هەمزەی لكاو دەست پێبكات ئەوكات ضەممەدار دەبێت لە كاتی دەستپێكردنداو نابێت وشەی یەكەم یەكێك بێت لەم وشانە: [قل، أو] **وەك:** { فمنِ اضطر }، { أنِ اقتلوا أنفسكم }، { محظوراً انظر }، **یان زەنەی دووەم لەم وشەی كە دەست پێدەكات بە هەمزەی لكاو نابێتە ضەممەدار لە كاتی دەست پێكردن بەو، وەك:**(قلِ الروح، أنِ امشوا).

باسی حەوت ئەلیفەکان

یەکەم:

بەسری ئەلیف لادەبات لە باری نەوەستانداو دەیخوێنێتەوە لە باری وەستاندا لە:

وشەی: ﴿سَلَٰسِلَاْ﴾ **لە سورەتی ئینسان، ئایەتی4:** ﴿إِنَّآ أَعۡتَدۡنَا لِلۡكَٰفِرِينَ سَلَٰسِلَاْ وَأَغۡلَٰلٗا وَسَعِيرًا ﴾ **ئەوە پێچەوانەی حەفصە، چونکە ئەو دەیخوێنێتەوە بە فەتحەدارکردنی پیتی (ل) لە باری نەوەستاندا ولەباری وەستانیشدا دوو خوێندنەوەی بۆ هەیە.**

دووەم:

بەسری ئەلیف لادەبات لە باری وەستان و نەوەستاندا لە سێ وشەدا بەم شێوە:

1- وشەی: { ٱلظُّنُونَا۠ } لە سورەتی ئەحزاب، ئایەتی10: { وَتَظُنُّونَ بِٱللَّهِ ٱلظُّنُونَا۠ ١٠ هُنَالِكَ ٱبۡتُلِيَ ٱلۡمُؤۡمِنُونَ }، بەم شێوە: { ٱلظُّنُونَ }.

2- وشەی: { ٱلرَّسُولَا۠ } لە سورەتی ئەحزاب، ئایەتی66: { وَأَطَعۡنَا ٱلرَّسُولَا۠ ٦٦ وَقَالُواْ رَبَّنَآ إِنَّآ أَطَعۡنَا }، بەم شێوە: { ٱلرَّسُولَ }.

3- وشەی: { ٱلسَّبِيلَا۠ } لە سورەتی ئەحزاب، ئایەتی67: { فَأَضَلُّونَا ٱلسَّبِيلَا۠ ٦٧ رَبَّنَآ ءَاتِهِمۡ ضِعۡفَيۡنِ }، بەم شێوە: { ٱلسَّبِيلَ }.

سێیەم:

بەسری وشەی: { ثَمُودَاْ }، **دەخوێنێتەوە بە تەنوینی پیتی (د) بەم شێوە:**

{ ثَمُودًا }، لەسەری دەوستێت بە ئەلیف، ئەوەش لە چوار شوێن:

أ. { أَلَآ إِنَّ ثَمُودَاْ كَفَرُواْ رَبَّهُمۡۗ } سورەتی هود، ئایەتی68.

ب. { وَعَادًا وَثَمُودَا وَأَصۡحَٰبَ ٱلرَّسِّ } **سورەتی فورقان، ئایەتی**38.

ج.{ وَعَادًا وَثَمُودَا وَقَد تَّبَيَّنَ لَكُم } **سورەتی عەنکەبووت، ئایەتی**38.

د. { وَثَمُودَا فَمَآ أَبۡقَىٰ } **سورەتی نەجم، ئایەتی**51.



بابەتی فەتح و ئیماله

مەبەست لە لاركردنەوە (ئیماله) خوێندنەوە لە نێوان دوو جووڵە یان خوێندنەوە لە نێوان دوو پیت دا، بۆ نمونە خوێندنەوەی فەتحە بەلای كەسرە یان خوێندنەوەی ئەلیف بەلای پیتی (ی) بە شێوەیەك لە بنچینەدا فەتحەدارە بەڵام بە لایەنی كەسرەدا دەخوێندرێتەوە.

بەشێكی زۆر لە هۆزەكانی عەرەب، لاركردنەوەیان هەیە لە خوێندنەوەدا، وەك خوێندنەوەیان لە نێوان فەتحەدار كردن و كەسرەدار كردن، ئەم جۆرە خوێندنەوە شتێكی بەربڵاوە لە لای خەڵكی نەجد، وەك: هۆزەكانی (بەنی تەمیم، بەنی ئەسەد، قەیس و ئەوانی تر)

هەندێك لە هۆزەكانی عەرەب ئاخاوتنیان دەكەوێتە سەر فەتحەداركردنی وشە، وەك: خەڵكی حیجاز، لە قورەیشیەكان و هەوازن و ثەقیف و كینانە.

مەبەست لە وشەی كردنەوە (فەتح) ئەوەیە كە خوێنەر دەمی خۆی بكاتەوە لە كاتی دەربڕینی پیتەكە.

لاركردنەوە لە زمانی عەرەبی: واتە لاركردن و خواركردنەوە، یان لادان لە شتێك و ڕووكردنە شتێكی تر.

لاركردنەوە لای زانایان: بریتیە لە لادان لە فەتحەوە بەرەو كەسرە، ولە ئەلیفەوە بۆ پیتی (ی).

لاركردنەوە: دەكرێت بە دوو بەش[1]:

✓ **لاركردنەوەی گەورە** (إمالة كبرى) بریتیە لە خوێندنەوەی ئەلیف لە نێوان دوو پیتەكانی ئەلیف و یاء دا، وپێشی دەگوترێت(–ئیضجاع - زێدە ڕەوی لە لاركردنەوە بە خوێندنەوەیەك نیوە بەنیوە) هەر ئەوەش مەبەستە ئەگەر تەنها وشەی (ئیمالە) بە كار هات. (لە كاتی بە كار هێنانی زاراوەی ئیمالە بە تەنها، ئیمالەی گەورە دەگرێتەوە).

✓ **لاركردنەوەی بچووك** (إمالة صغرى) بریتیە لە دەربڕینی پیت لە نێوان كردنەوە (فتح) و ئیمالە. واتە لە نێوان كردنەوەو ئیمالە دایە، هەروها لاركردنەوەی فەتحەدار بەرەو كەسرە، ودەتوانین بلێین دەرچوونە لە فەتحەداری بەرەو كەسەرە، لەگەڵ هێشتنەوەی

---

[1] هۆكاری ئیمالە هەشتن:

1/ بوونی كەسەرە لە پێش وشە یان لە دوای وشە، وەك هەر یەك لە وشەكانی: (الناس، النار، الربا، كلاهما، مشكاة)

2/ كەسرەیەكی پەیداكراو لە هەندێك كات دا وەك: (طاب، جاء، شاء، زاد) چونكە لەم وشانەدا پیتی(ف) كەسەردار دەكرێت لە كاتی لكاندن بە ڕاناوی ڕەفعەدار (مەرفوع).

3/ بوونی پیتی(ی) لە وشەدا، وەك: (لا ضیر) سوك خوێندنەوە لەم وشەدا بە ئیمالە دادەندریت (لاركردنەوە)

4/ یان وەرگێڕان و قەلب كردن، وەك: (رمی)

5/ یان لێكچوون بە وەرگەڕان، وەك: ئەو پیتە ئەلیفەی بۆ میێ بە كاردێت.

6/ یان پێچونێك بە پێچواندنی گۆڕینی پیتی(ی) بێت، وەك: موسی، عیسی.

7/ یان ئەوەی دەبێتە نزیك لە ئیمالە (لاركردنەوە) ناودەبردرێت (ئیمالە) لە پێناو (ئیمالە) (لاركردنەوە) وەك وشەی: (تراءی) مەبەست پێی پیتی ئەلیفی یەكەمە، وبەهەمان شێوە پیتی(ن) لە وشەكانی: (نأی، وراء، رأی)

8/ یان پیتی ئەلیف لەسەر شێوەی (ی) نوسرابێت، هەرچەندە لە بنچینەدا پیتی(و) وەك: (ضحی)

ئەوانەی باس كران هەموویان دەگەڕێنەوە سەر دوو شت: (كەسەر) و (ی) **سەیركە**: عەلی كوڕی موحەممەد ضەباع، الاضاءة في بیان أصول القراءة، (قاهیرە، نوسینگەی ئەزهەریە بۆ كەلتور، ساڵی 1420ی كۆچی، لاپەرە29.

دهم له شێوه ئاساییهكى خۆى، واتا بىٚ لادانێكى تهواو له فهتحهوه بۆ كهسره، وهپێشى دهگوترێت: كهم بوون (التقليل)، یان له لاركردنهوهى (بچوك)، واتا خوێندنهوه له نێوان ئهلیف و ئیمالهى گهوره واتا خوێندنهوهى تهواو له نێوان دوو پیت دا.

زمان بهرزدهبێتهوه به كردنهوهى دهم لار دهبێت به (ئیماله)[1]. خوێندنهوه به لاركردنهوه سووك تره لهسهر زمان له بهرزكردنهوه، ههر بۆیه لاركردنهوه دهكهن، ئهوهى كردنهوه دهكات بۆچوونى وایه كه كردنهوه پهسندهو ئهو بنچینهیه.


ئهو فهرموودهى [2]. پێشهوا ئیبن جهزهرى (رهزاى خواى لهسهر بێت) باسى دهكات له پهرتووكهكهى خۆى بهناوى (النشر) پالپشتیهكهى دهگهڕێتهوه بۆ عهبدواللهى كوڕى مهسعود (ﷺ) كاتێك پیاوێك سوڕهتى (طه)ى له لا دهخوێندو كهسرهدارى نهكرد (واتا لاركردنهوهى نهكرد) بۆ پیته پچراوهكانى سهرهتاى سوڕهتهكه، ئیبن مهسعود (ﷺ) خوێندیهوه ﴿طه﴾، واتا لاركردنهوهى ئهنجام دا سىٚ كهڕهت، پاشان سوێندى خواردو فهرمووى بهم شێوه پێغهمبهرى خوا (ﷺ) ئێمهى فێر كردووه.

زانایانى زمانهوانى ڕاوبۆچونى جیاوازیان ههیه لهسهر (فتح) كردنهوه (ئیماله)و لاركردنهوه ، ئایه كامهیان بنچینهیه؟ بۆچوونى به هێز ئهوهیه كه (فتح) كردنهوه ڕاستره له (ئیماله) چونكه ئیماله پێویستى به هۆكارێكه به پێچهوانهى كردنهوه پێویستى به هۆكار نیه، (ئیماله) لاركردنهوه لقێكه له كردنهوه، ئیبن القاصح له شهرحهكهى لهسهر كتێبى (حرز الامانى) دهفهرموێت: ئهوهى لاركردنهوهى بۆ دهكرێت، كردنهوهشى بۆ دهكرێت، بهلاٚم ئهوهى كردنهوهى بۆ دهكرێت مهرج نیه لاركردنهوهى بۆ بكرێت.

---

[1] له كاتى ئیماله كردن به ئهلیفى (طغى) زمان بهرز دهبێتهوه، بهلام كهمێك لاردهبێت كه به فهتح بخوێندرێتهوه له لاى حهفص و هاوڕاكانى.

[2] فهرموودهیهكى غهریبه.



مەبەست لە لارکردنەوە یان کەم کردنەوە: ڕاگەیاندنە تا بزاندرێت بنچینەی ئەلیف پیتی یائە، یان ئاگادارکردنەوەیە لەسەر وەرگەڕانی بۆ پیتی (ی) لە شوێنێکی دیاریکراودا، یان دیاری کردنی هاوشێوەیە لەگەڵ ئەو کەسرەی کە نزیکیەتی.

ئەوەی بۆچوونی نزیکە لای ئەو کەسانەی قسە لەسەر ئەم بابەتە دەکەن لە قوڕائەکان بریتیە لە پیتە یائەکان، مەبەست لە پیتە یائەکانیش هەموو ئەلیفێکی بنچینەیی بێت لە ڕێ لادراوو گۆڕدراو بێت بە پیتی (ی)

ئەوەش ڕونادات تەنها لە ئیسم و فیعلدا نەبێت، یان لەسەر شێوەی پیتی (ی) بێت وەك: (بلی) کە گوتمان ئەلیفی بنچینەیی ئەلیفی زیادە دەردەچێت وەك (قائم) وەکە دەڵێین ئەلیفی لەڕێی دەرچوو ئەلیفی ناوەڕاست دەردەچێت وەك: (نمارق) کە دەلێن ئەلیفی گۆڕدراو لە بری پیتی (ی) تا ئەلیفی گۆڕدراو لە بری پیتی (و) دەربچێت وەك: (نجا) ئەلیفی گۆڕدراو بە تەنوینیش بە هەمان شێوە دەردەچێت وەك (عوجاً) وئەلیفی بەکارهاتوو بۆ دووان دەردەچێت وەك: (یخافا)

بهلاّم پرسیار لێرهدا ئهوهیه چۆن بزانین بنچینهى پیتى یائه له ناو؟ ولاّمهكهش ئهوهیه ناوێكى به كار هاتوو بۆ دووان بۆ نمونه:(الهدى)، دهبێته(الهديان)، ئهليف گۆڕدراوه به (ى) له كاتى تهسنيه.

دهربارهى فيعل گونجاوترين فيعل لاى من وشهى(أنا) – كه ڕاناوى ئاخاوتنه – بۆ نمونه له فيعلى (اشترى) دهلێم (اشتريتُ)، كهواتا ئهليف له فيعلدا(اشترى) گۆڕدراوه له كاتى پاڵنانى بۆ لاى ڕاناوى ئاخاوتن بۆ پيتى (ى)

تێبینی:

گشت قوڕائهكان له سێزده وشهدا له قورئانى پیرۆز ئیمالهو كهمكردنهوه ناكهن، ئهوانیش ئهو شوێنانهن كه بنچینهى ئهليف تێیدا پیتى واوه، پێشهوا موتهولى كۆیكردۆتهوه لهم وتهى خۆى [(1)].

عصا شفا إن الصفا أبا أحـــد		سنا ما زكى منكم خلا و علا ورد

عفا ونجا قل مع بدا ودنا دعا		جميعــاً بواوٍ لا تمالُ لدى أحـــد

[(1)] ئهگهر یاسامان جێبهجێ كرد لهسهر پێنج ناوى یهكهم له هونراوهى یهكهم دهلێین : [عصا] دهبێته [عصوان]، [شفا] وهك له قورئاندا هاتووه : { شفا جرف هار } دهبێته [شفوان]، [صفا] دهبێته [صفوان]، [أبا] دهبێته [أبوان]، [سنا] وهك له قورئاندا هاتووه : { سنا برقه } دهبێته [سنوان].

دهربارهى ههشت وشهكهى ماوه له فیعلهكان بهم شێوهى لێدێت : [زكى] دهبێته [زكوت]، [خلا] وهك له قورئاندا هاتووه : { خلا بعضهم } دهبێته [خلوت]، [علا] وهك له قورئاندا هاتووه :{ ولعلا بعضهم، علا في الأرض } دهبێته [علوت]، [عفا] دهبێته [عفوت]، [نجا] وهك له قورئاندا هاتووه : { نجا منهم } دهبێته [نجوت]، [بدا] وهك له قورئاندا هاتووه : { بدا لهم } دهبێته [بدوت]، [دنا] دهبێته [دنوت]، [دعا] وهك له قورئاندا هاتووه : { دعا ربه } دهبێته [دعوت].

مەبەست لە دێری یەکەم لە یەکەم هونراوە لە وشەی(أبا) ئەوە لە وشەی (الأبوة) **وەرگیراوە، وەك:**(مَّا كَانَ مُحَمَّدٌ أَبَآ أَحَدٍ) **ئیمالە و تەقلیلی تێدا نیە، بەڵام** (أبى) **لە**(أبيتُ) **هاتووە ئینالەی تێدا دروستە لای ئەو کەسانەی کە دان بە ئیمالە دەنێن وەك:**(إِلَّآ إِبۡلِيسَ أَبَىٰٓ أَن يَكُونَ مَعَ ٱلسَّٰجِدِينَ).



مەزهەبی ئەبی عەمری بەسرِی
لەسەر ئیمالەی گەورە

❖ بەسرِی ئیمالەی گەورە ئەنجام دەدات لە هەموو ئەلیفێك بكەوێتە پێش پیتی (ر)ی كۆتایی كەسرەداربێت بە كەسرەیەكی بنچینە، وەك:(الدارِ، من ديارِهم، الأبرارِ، القرارِ، النارِ)، بەم قسە ئەوە دەردەچێت پیتی (ر)ی كۆتایی كە ئەلیفەكەی بكەوێتە پێش پیتی (ر)ی كەسرەداری ناوەڕاست، وەك:(نمارِق، فلا تمارِ فيهم، الجوار المنشئات، الحواريين) بنچینەی(تمارِ)(تماری) بەلاّم پیتی (ی) لابردراوە بە هۆی جەزم بە (لا)ی نەهی، وبنچینەی(الجوار)(الجواری)یە – ئەوەش ناوێكی ناتەواوە لەسەر كێشی(فواعل) پیتی (ی) لابردراوە بە هۆی ئاسانخوێندنەوەی لە سورەتی(شوری) وە بەهۆی گەیشتنە دوو زەنە لە هەردوو شوێن(رحمن) و(تكوير) دەربارەی(الحواريين) پیتی (ی)ی دانە پالْ لە وشەی (حواری) پیتی (ر)ی لابردووە لە ڕیگە دەرچووندا، بۆیە سەرو ژێری گواستراوتەوە بۆ ئەو، لە قسەی ئێمە دەردەچێت بەوەی كە دەیلێین(كەسرەدار بێت بە كەسرەیەكی بنچینە) لە پیتی (ر) وەك:(من أنصاری) پیتی (ر) لێرەدا مەجروری گوتراوە مەرفوعی شوێنە، بەلاّم كەسرەداربووە بەبۆنەی پیتی (ی).

تەنها دوو وشە نەبێت فە تحەدار كراوە:

أ- (والجارِ) لە دوو شوێن هاتووە لە سورەتی نیساء، ئایەتی36.

ب-(جبارين) لە دوو شوێن هاتووە لە سورەتی مائیدە، ئایەتی22. و سورەتی شوعراء، ئایەتی130.

❖ بەسرِی ئیمالەی گەورەی ئەنجام داوە لە دوو پیت (ر) و (ه) لە پیتەكانی دەسپێكی سورەتەكان وەك:(الر)، و(كهيعص) سورەتی فاتیحە و مەریەم و وەك: سورەتی طه[1].
فاتیحەو طه.

[1] خاوەنی پەرتووكی (بدور الزاهر) باسی دەفەرمووێت : بەسرِی ئیمالەی كردووە لەم بابەتە – (ها) لە سورەتی طه – بەهۆی ئەوەی كە پیتێكە وەك (ها) لە وشەی (كهيعص) لە سەرەتای سورەتی

❖ **بەسرِی ئیمالەی گەورە ئەنجام دەدات لە فەتحەی هەمزە و ئەلیف لە وشەی**(رأى) **بە هەر شێوەیەك بێت، واتا ڕاناوی لکاو بێت یان نا وەك:** { رأى كوكباً، أن رآه استغنى، رآها تهتز، رآك الذين كفروا }، **بەڵام ئەگەر بکەوێتە پێش زەنەدارێکی پچڕاو لەو یان ببێتە لکاو بەو ئیمالە ناکرێت، وەك:**(رأى الشمس، رأى القمر، رأى الذين كفروا، رأتهم، رأوك، رأوهم } **لەگەڵ ئاگاداربوون لەسەر ئەوەی ئەگەر زەنەدار پچڕاو بوو ئەویش ئیمالە ناکرێت مەگەر لەباری وەستاندا نەبێت، بەڵام لەباری نەوەستاندا بە فەتحەداری دەخوێنێتەوە وەك: حفص.**

❖ **بەسرِی ئیمالەی گەورە ئەنجام دەدات لە هەموو ئەلیفێك ئەوەی پیتی (ى)ی لەگەڵ دابێت و بکەوێتە دوای پیتی (ر)، وەك:**(أخرى، النصارى، اشترى، ترى، القرى، مُجراها، سكارى، أُسارى)، **ناودەندرێت خاوەن پیتی (ر)، جیاوازی هەیە تەنها لە یەك بابەتدا وەك:**

{ يَٰبُشۡرَىٰ }[(1)]. **سورەتی یوسف، ئایەتی**19. **لە وشەی (یوسف) سێ شێوە خوێندنەوەی بۆ هەیە بە ریزبەندی بەم شێوە: کردنەوە یان ئیمالە یان کەمکردنەوە.**

❖ **سوسی تایبەتی کردووە لەو بارەی ئەگەر بە پیتی (ر) بکەوێتە پێش زەنەدارێك وەك:** **{ وترى الملائكه، وترى المجرمين، أرى الهدهد، فترى الودق، ذكرى الدار، القرى التى، الكبرى اذهب، وقالت النصارى المسيح } لە باری وەستاندا سوسی ئیمالەی گەورە دەکات، بەڵام لە باری نەوەستاندا سوسی دوو شێوە خوێندنەوەی هەیە:**

مەریەم، نەك بە شێوەی (طه) کە دەکەوێتە سەرەتای ئایەت، ئەو بەم شێوەی دانانێت، چونکە تەنها لای کوفیەکان بە ژمێردراو دادەندرێت، بەصری بەژماردنی بەصری دادەنێت، بەلگەش لەسەر ئیمالە کردنی لە (طه) بەشێوەی ئەوەی کە پیتە نەك سەرەتای ئایەتە دەیکاتە ئیمالەی گەورە، ئەگەر ئیمالەکردنەکەی بە شێوەی سەرەتای ئایەت بێت بێت کەمی دەکردەوە هەر وەك چۆن پیشەی خۆیەتی بۆ سەرەتای ئایەت، [عبدول فەتتاحی قازی : پەرتووکی (بدوری زاهیرە لە قیرائاتی عەشری موتاواتیرە لە ڕێگەی شاطبیەو دوورە) قاهیرە، دارو السەلام بۆ چاپەمەنی و بڵاوکردنەوە، ب1،1429ك، لا253

[(1)]**بەسرِی ئەم شوێنە دەخوێنێتەوە بە بوونی ئەلیف لە دوای پیتی (ر) ودوای ئەو پیتی (ى) ی فەتحەداری لکاو .**

کردنەوه – ئەوەیان پێش دەکەوێت – لەگەڵ ئیماله ئەوەش له کاتێکدا وشەی الله ی گووتراو نەکەوێتە دوای، بەڵام ئەگەر وشەی الله ی گووتراو بکەوێتە دوای ئەو، هەر وەك بەم شێوه هاتووه: { نرى اللّهَ، وسيرى اللّهُ، فسيرى اللّهُ }[(1)]. له باری وەستاندا سوسی ئیمالەی گەوره ئەنجام دەدات بەڵام له باری نەوەستاندا سوسی سێ شێوه خوێندنەوەی هەیه:

1- کردنەوه وەك (حفص) ئەوەیان پێش دەکەوێت،

2- ئیمالەی پیتی (ر) له گەڵ قەڵەو کردنی وشەی الله ی گووتراو، ئەوەش بەپێی سەیرکردنی بنچینەی،

3- ئیمالەی پیتی (ر) له گەڵ لاوازکردنی وشەی الله ی گووتراو، ئەوەش له ڕوی ئیماله.

[(1)]ئەم شوێنه هاتووه (نرى الله) له سورەتی بەقەرە، ئایەتی 55 : وئەم شوێنه هاتووه (وسيرى الله) له سورەتی تەوبە، ئایەتی 94 : بەڵام شوێنی (فسيرى الله) له سورەتی تەوبە ئایەتی 105 دا هاتووه.

مەزهەبی ئەبی عەمری بەسرِی
لەسەر ئیمالەی بچووك(كەم كراو)

بەسرِی هەموو ئەلیفێكی كورتكراوە (مقصورة) بەكارهاتوو بۆ میٚ بە كەمكراوەیی خوێندۆتەوە، جیاوازیشی نیە ناسراو یان نەناسراو بێت، ئەوەش لە « فعلى » بە سیٚ جووڵەداركردنی پیتی (ف) دا واتا:(فُعلى, فَعلى, فِعلى) وەك: [حُسنى، القُربى، قَتلى، تَقوى، سِيماهم، ضِيزى] ئەوەش لەم بابەتە ئەژماركراوە وەك: [مُوسى، عيسى، يحيى].
ئەوەش جیاكراوتەوە ئەگەر ئەلیفی وشە بكەوێتە پیتی (ر) ، ئەوە بۆی هەیە ئیمالەی گەورە وەك:(ذكرى، بشرى).

تێبینی:

وشەكانی قورئانی پیرۆز ئەوەی هاتووە لەسەر كێشی(فُعلى) ژمارەیان بیست وشەیە بریتین لە: [أُنثى، الدنيا، قربى، الوسطى، القصوى، والعزى، الوثقى، الحسنى، الأولى، السفلى، العليا، الرؤيا، طوبى، المثلى، السوأى، زلفى، وسقياها، الرجعى، عقبى، موسى] جیاوازیشی نیە ئەم وشانە ناسراو یان نەناسراو بێت ، بەڵام ئەو وشانەی لە قورئانی پیرۆزدا لەسەر كێشی(فَعلى) هاتووە ژمارەیان یازدە وشەیە بەم شێوە: [والسَّلوى، المَوتى، التقوى، النجوى، القتلى، مرضى، دعواهم، شتى، صرعى، بطغواها، يحيى]" دەربارەی ئەو وشانەی لە قورئانی پیرۆزدا هاتوون لەسەر كێشی(فِعلى) ژمارەیان چوارە بەم شێوە: [سيماهم، إحدى، ضيزى، عيسى].

- ❖ بەسرِی بە كەمكردنەوە پیتی (ح) لە { حم } لە هەر حەوت سورەتدا خوێندۆتەوە.
- ❖ لێرەدا یازدە سورەت هەن بەسرِی كەمكردنەوە بۆ وشەكانی كۆتایی لە ئایەتەكانیاندا دەكات كە خاوەن پیتە یائەكانن كەمكردنەوەیان بۆ دەكرێت و جیاوازیشیان نیە ئایە لەسەر كێشی [فعلى] بن یان نا.

جیاكراوه‌ته‌وه له‌م باره‌یه‌وه:

أ- (رأی) به‌سری به ئیماله‌ی گه‌وره ده‌یخوێنێته‌وه.

ب- پیته ڕائه‌كان له یازده سوره‌ته‌كه، به‌سری به ئیماله‌ی گه‌وره ده‌یانخوێنێته‌وه یازده سوره‌ته‌كه‌ش ئه‌مانه‌ن:-

1: طه　2: نه‌جم　3: مه‌عارج　4: قیامه　5: نازیعات　6: عه‌به‌سه
7: ئه‌على　8: شه‌مس　9: له‌یل　10: ضوحا　11: عه‌له‌ق

ئاگاداركردنه‌وه:-

پێویسته له‌سه‌ر قاریئه‌كان بزانن كامه‌ی سه‌ری ئایه‌ته‌و كامه‌ی هه‌ونیه، تا كه‌مكردنه‌وه ئه‌نجام بدات بۆ سه‌ره ئایه‌ت و كردنه‌وه‌ش بكات بۆ ئه‌وانی تر، واتا بزانێت جیاوازی نیه له نێوان خاوه‌ن ئه‌ژمارده‌ری قورئان له پچڕاوی ئیماله‌كردن له‌م یازده سوره‌ته ته‌نها له نۆ ئایه‌ت نه‌بێت، به‌ڵام به‌رهه‌مى ئه‌م جیاوازیه ده‌رناكه‌وێت له خوێندنه‌وه‌ی پێشه‌وا به‌سری ته‌نها له‌مانه‌ی خواره‌وه نه‌بێت:

1- وشه‌ی(هدىً) له سوره‌تی طه، ئایه‌تی123: { قَالَ اهْبِطَا مِنْهَا جَمِيعًا بَعْضُكُمْ لِبَعْضٍ عَدُوٌّ فَإِمَّا يَأْتِيَنَّكُمْ مِنِّي هُدًى فَمَنِ اتَّبَعَ هُدَايَ فَلَا يَضِلُّ وَلَا يَشْقَى } ئه‌وه‌ش به‌پێی ژماردنی كوفى ئه‌وه ئایه‌تی120 به‌پێی ژماردنی به‌سری، كه‌واتا ئه‌وه‌یان به سه‌ره ئایه‌ت ئه‌ژمار ده‌كرێت لای به‌سری ئه‌وه‌ش پشت پێ به‌ستراوه له خوێندنه‌وه‌ی پێشه‌وا به‌سری، وبه‌سه‌ری ئایه‌ت ئه‌ژمار ناكرێت لای ئه‌ژماری كوفیه‌كان ئه‌وه‌ی پشتی پێی ده‌به‌سترێت له گێڕانه‌وه‌ی حه‌فص، له‌سه‌ر ئه‌مه‌ش كه‌مكردنه‌وه پێویسته لای به‌سری بێ خوێندنه‌وه‌ی تر.

2-وشه‌ی(طغى) له سوره‌تی نازیعات، ئایه‌ته‌كانی 37، 38، 39: { فَأَمَّا مَنْ طَغَى (37) وَآثَرَ الْحَيَاةَ الدُّنْيَا (38) فَإِنَّ الْجَحِيمَ هِيَ الْمَأْوَى } ئه‌وه به‌سه‌ره ئایه‌ت داده‌ندرێت له ژماردنی كوفى و جیاوازی له‌سه‌ره لای به‌سری [1]. له‌سه‌ر ئه‌مه بۆ به‌سری هه‌یه تێیدا

---

[1] هۆی جیاوازیه‌كه بریتیه له : كێشه‌ی زانایانه له‌سه‌ر ژماردنی ئایه‌ته‌كانی قورئانی پیرۆز، به شێوه‌یه‌ك گوتراوه پێشه‌وا به‌سری پشت ده‌به‌ستێت به ژماردنی به‌سری، به‌مه‌ش ئه‌م بابه‌ته ده‌بێته

کەمکردنەوە بە یەك لە گێڕانەوەکانی، بۆچوونی ڕاست و بەهێز ئەوەیە لەم بابەتە کەمکردنەوەیە.

تێبینی:

لە سوڕەتی طه، ئایەتی88:{ فَقَالُواْ هَٰذَآ إِلَٰهُكُمۡ وَإِلَٰهُ مُوسَىٰ فَنَسِيَ }، لەسەر ڕای جیاواز لای پێشەوا بەسڕی، ئایە وشەی (موسى) دەبێتە سەری ئایەت یان وشەی (فنسى)، لە هەموو بارێکدا وشەی (موسى) بە کەمکردنەوە دادەندرێت ، بەڵام هۆی کەمکردنەوەی جیاوازە، ئەگەر وشەی (موسى) سەرە ئایەت بێت ئەوە کەمکردنەوەی بۆ دەکرێت لە پێناو ئەمەدا، بەڵام ئەگەر ئەم وشە نەبێتە سەرە ئایەت ئەوە کەمکردنەوە بە هۆی ئەوە دروست دەبێت کە بۆتە پاشکۆی ئەو وشانەی لەسەر کێشی [فعلى] دێن.

سەری ئایەت وەلەدوای ئەو تەنها کەمکردنەوەی تێدا دروست دەبێت، ئەوەیانیش تەواوە، گوتراوە بەسڕی شوێن کەوتەی ژمارەی مەدینەی یەکەمە بەمەش ئەم بابەتە نابێتە سەری ئایەت هەر بۆیە هەندێ کەس کەمکردنەوەیان بۆ نەکردوە.

مه‌زهه‌بی به‌سری
له‌سه‌ر ئیماله‌ی وشه‌كانی تایبه‌ت

1- به‌سری ئیماله‌ی گه‌وره ئه‌نجام ده‌دات له ئه‌لیفی وشه‌ی(أعمى) شوێنی یه‌كه‌م له سوره‌تی ئیسراء، ئایه‌تی72: [وَمَن كَانَ فِي هَٰذِهِۦٓ أَعۡمَىٰ فَهُوَ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ].

2- به‌سری ئیماله‌ی گه‌وره ئه‌نجام ده‌دات له ئه‌لیف له‌باری وه‌ستان و نه‌وه‌ستاندا له وشه‌ی(هَــارٍ) له سوره‌تی ته‌وبه، ئایه‌تی109، پیتی (ر)یش قه‌ڵه‌و ده‌كرێت له هه‌ردوو باردا.

3- به‌سری ئیماله‌ی گه‌وره ئه‌نجام ده‌دات له وشه‌ی(ٱلتَّوۡرَىٰةَ) به هه‌ر شێوه‌یه‌ك بێت.

4- به‌سری ئیماله‌ی گه‌وره ئه‌نجام ده‌دات له وشه‌ی(ٱلۡكَٰفِرِينَ) مه‌نصوب و مه‌جرور جیاوازیشی نیه ناسراو یان نه‌ناسراو بێت.

5- به‌سری ئیماله‌ی گه‌وره ئه‌نجام ده‌دات له فه‌تحه‌ی پیتی (ر) و ئه‌لیف له وشه‌ی(أَدۡرَىٰكَ ، أَدۡرَىٰكُم) به هه‌ر شێوه‌یه‌ك هاتبێت.

6- به‌سری كه‌مكردنه‌وه ئه‌نجام ده‌دات له وشه‌ی { ٱلدُّنۡيَا } به هه‌ر شێوه‌یه‌ك هاتبێت.

7- به‌سری كردنه‌وه‌و ئیماله ئه‌نجام ده‌دات به‌لاَم كردنه‌وه پێش ده‌كه‌وێت له سوره‌تی مؤمنون، ئایه‌تی44، له وشه‌ی { تَتۡرَاۖ }ئیماله‌ی گه‌وره له باری وه‌ستاندا، به‌لاَم له باری نه‌وه‌ستاندا ئیماله‌ی تێدا نیه چونكه نونی تێدایه.

8- به‌سری كه‌مكردنه‌وه ئه‌نجام ده‌دات به یه‌ك له خوێندنه‌وه‌كانی له باری وه‌ستاندا له وشه‌ی { كِلۡتَا [(1)].}سوره‌تی كه‌هف، ئایه‌تی33.

---

(1) به شێوه‌یه‌ك جیاوازی تێدا دروست بووه له‌سه‌ر ئه‌لیفه‌كه‌ی، گوتراوه به‌كار دێت بۆ مێ وه‌ك : – احدى – له‌سه‌ر ئه‌م شێوه كه‌مكردنه‌وه‌ی بۆ ده‌كرێت، گوتراوه به كاردێت بۆ دووان كه‌مكردنه‌وه‌ی تێدا نیه .

9- دووری به ئیمالهی گهوره ئهلیف له وشهی: { ٱلنَّاسِ } دهخوێنێتهوه كه مهجرووره به ههر شێوهیهك هاتبێت.

10- دووری بهكهمكردنهوه وشهی: { يَـٰوَيۡلَتَىٰٓ }، دهخوێنێتهوه له سورهتی مائیده، ئایهتی31، وسورهتی هود، ئایهتی72، وسورهتی فورقان، ئایهتی28.

11- دووری بهكهمكردنهوه وشهی: { يَـٰحَسۡرَتَىٰ } دهخوێنێتهوه له سورهتی زومهر، ئایهتی56.

12- دووری بهكهمكردنهوه وشهی: { أَنَّىٰ } ی پرسیاری دهخوێنێتهوه له ههر شوێنێك بێت.

13- دووری بهكهمكردنهوه لهیهك له خوێندنهوهكانی له وشهی { يَـٰٓأَسَفَىٰ } دهخوێنێتهوه له سورهتی یوسف، ئایهتی84. خوێندنهوهی دووهمی دووری كردنهوهیه كه ئهوهشیان پێش دهكهوێت له جێبهجێ كردندا.

چهند تێبینییهكی تایبهت به ئیمالهی بهسرِی

أ- ههركاتێك قاریئ وهستا لهسهر ئهلیفی كهمكراوه یان ئیماله ئهوه له باری نهوهستاندا لادهچێت بۆ رِزگاربوون له گهیشتنه دوو زهنهدار ئهوه لهسهری دهوستێت به كهمكردنهوه یان ئماله – بهپێی بارهكهی – وهك:(موسى الكتاب)،(عيسى آبن مريم)،(ذكرى الدار).

ب- قهدهغهناكرێت ئهو زهنهیهی توشی وهستان دهبێت له ئیماله ئهو ئهلیفهی ئیماله دهبێت له باری نهوهستاندا به هۆی كهسره، وهك:(الدارِ) لێرهدا ئهلیف ئیماله دهكرێت له باری نهوهستاندا له پێناو كهسرهی پیتی (ر) كه له دوای دێت، ئهگهر ئهو كهسره لابچێت له باری وهستانداو ببێته زهنه ئهو زهنهیه قهدهغهی ئیماله ناكات، چونكه زهنهیهكی پهیداكراوه، لهگهڵ لاوازكردنی پیتی (ر) له باری وهستاندا بههۆی ئیمالهی ئهلیف.

ت- ئیماله ئهنجام نادرێت له وشهی(مضارِّ) چونكه پیتی (ر) زهنهدارهو پچرِاندنی كردووه له نێوان پیتی (ر)و كهسرهدارو ئهلیف.

ث- كهمكردنهوه نیه له وشهی(مثوى) چونكه ههرچهنده وادهردهكهوێت لهسهر كێشی(فعلى)ی ئهوه تهنها ئهوه نهبێت پیتی (م) زیادهیه، وشهكه وهرگیراوه له فیعلی(ثوى).

ج- كهمكردنهوه نیه له وشهی(مثنى) چونكه لهسهر كێشی(مفعل) ئهم وشه بوونی ههیه له سورهتی نیساء، ئایهتی3، وسورهتی سهبهء، ئایهتی46: { أُوْلِىٓ أَجْنِحَةٍ مَّثْنَىٰ وَثُلَـٰثَ وَرُبَـٰعَ } سورهتی فاطیر، ئایهتی1.

